# نیشانەکراوە بە "X"

## وێرانکردنی ئەو ماڵ و گوندانەی دەکەونە ناوچەکانی شەڕی داعش لەلایەن هێزە کوردیەکاني عیراقە وە

Copyright © 2016 Human Rights Watch
All rights reserved.
Printed in the United States of America
ISBN: 978-1-6231-34266
Cover design by Rafael Jimenez

ئەرکی هیومان ڕایتس ۆوچ بەرگریکردنەلەمافەکانی خەڵک لەسەرتاسەری جیهان. زۆر بەووردی لێکۆڵینەوەلەپێشێلکاریەکان دەکەین و ڕاستیەکان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەکەین، هەروەها فشار دەخەینەسەر لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتداران بۆ ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ فەراهەمکردنی یەکسانی و عەدالەت بۆ هەمووان. هیومان ڕایتس ۆوچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆیەووەک بزوتنەوەیەکی چالاک کاردەکات بۆ پارێزگاریکردن لەمافی مرۆڤ و ە رەپێدانی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەمووان.

هیومان ڕایتس ۆوچ لەزیاتر لە٤٠ ووڵاتی جیهان ستافی هەیە، لەگەڵ بوونی ئۆفیس لەئەمستەردام و بەیروت و بەرلین و برۆکسل و شیکاگۆو جنێف و گۆماو جۆهانسبێرگ و لەندەن و لۆس ئەنجلس و مۆسکۆو نایرۆبی و نیۆرک و پاریس و سانفرانسیسکۆو سیدنی و تۆکیۆو تۆرانتۆو توونس و واشنتن دی. سی و زیورک.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن: http://www.hrw.org

تشرینی دووەمی ۲۰۱٦

ISBN: 978-1-6231-34266

# نیشانەکراوە بە "X"

## وێرانکردنی ئەو مال و گوندانەی دەکەونە ناوچەکانی شەڕی داعش لەلایەن هێزە کوردیەکانی عیراقەوە


نەخشە ........ 1

پوختەی راپۆرت ........ 2

پێشنیازەکان ........ 8

*بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان* ........ 8

*بۆ ئەمریکاو ئەڵمانیاو وولاتانی تر کەهاوکاری هێزەکانی حکومەتی هەرێم دەکەن* ........ 8

*بۆدە زکاو دامە زراوە کانی نەتەوەیەکگرتووەکان* ........ 8

میتۆد ........ 10

I. پێشینەی مێژوویی ........ 12

II. وێرانکردنی بیناو خانووبەرە ........ 16

پارێزگای کەرکوک ........ 19

ڕۆژئاوای شاری کەرکوک ........ 19

*کەوانەی ڕۆژئاوا لە مکتب خالدوە بۆ مەریەم بەگ* ........ 30

*سێ گوندی نێوان تازەو داقوق* ........ 42

*باشوری ڕۆژئاوای داقوق* ........ 45


پارێزگای نەینەوا ........ 50

*ناحیەی زوومار* ........ 52

III. پێوەرە یاساییەکان ........ 67

پێزانین ........ 70

پاشکۆ I: نووسراوی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ........ 71


TURKEY
SYRIA
IRAN
IRAQ
DOHUK
Dohuk
ERBIL
Erbil
SULAIMANYIA
Sinjar
Mosul
NINEVEH
Makhmur
Dibis
Kirkuk
KIRKUK
Tikrit
Amerli
SALAH-AL-DIN
ANBAR
DIYALA
Fallujah
Baghdad
Kurdistan Regional Government control
Kurdistan Region of Iraq
Disputed territories
Note: Map delineations are approximate as of October 2016.
Analysis: 2016 Human Rights Watch. Other sources: Crisis Group, OCHA, USGS, OSM, NGA, UNEP, ESRI

# پوختەی ڕاپۆرت

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ و کاتێک گرووپی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە(داعش) هێرشی کردەسەر ناوچەکانی عێراق، شەڕو پێکدادان بووە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لەسێ ملیۆن عێراقی. نزیکەی یەک ملیۆن و نیو لەو ئاوارانەعەرەبی سونەن و ئێستا لەناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژیان دەگوزەرێنن. هەرێمی کوردستان پێک دێت لەپارێزگای دهۆک و بەشێکی زۆری پارێزگای هەولێرو سلێمانی و بەشێکی کەمی پارێزگای نەینەواو دیالە. بەکردنەوەی دەرگای شارەکانی بەڕووی ئاوارەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشاندا کەپەرۆشی هاوکاریکردنی هەموو ئەو کەسانەیەبەهۆی شەڕو جەنگەوەناوچەکانیان جێهێشتووە بەبێ ڕەچاوکردنی باکگراوندی ئاینی و نەتەوەییان .

زۆرێک لەو ئاوارەعێراقیانەی ئێستا لەناوچەکانی هەرێمی کوردستاني عيراق نيشتەجێ بوون خەڵکی پارێزگای نەینەواو کەرکوکی دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. شایەنی باسە، هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەناسراون بە"پێشمەرگە" لەو ناوچانەلەدژی داعش جەنگاون و بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەیان لەژێر چنگی ئەو گرووپەدەرهێناوەتەوە. هێزەکانی پێشمەرگەلەناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ شارۆچکەی شنگال و لەمانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ چەند ناوچەیەکی باشوری ڕۆژئاوای کەرکوکيان لەداعش پاکردەوە. ئەم ناوچانەبە"ناوچەجێناکۆکەکان"ناسراون: واتەناوچەی دەرەوەی هەرێمی کوردستاني عيراق. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمي کوردستاني عيراق دەڵێن دەبێت ئەو ناوچانەبخرێنەوەسەر هەرێمی کوردستاني عيراق. بەرلەگەیشتنی داعش، بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەلەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمي کوردستان بوون .

لەمانگی ئازاری ٢٠١٦، هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی عيراق لە بەغدا هەستان بەئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی بەمەبەستی تیکشکاني داعش لەموسڵ دووە م کە ورە ترین شار لە عيراق. هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ کەدوا مۆڵگەی چەکدارانی داعشەلەعێراق حاڵی حازر ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەسی لێکەوتۆتەوە بەرەوەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

مەبەستی ئەم ڕاپۆرتەلێکۆڵینەوەیەلەهەڵسوکەوتی هێزەئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی کەداعشیان لێ دەرکردووەکە بەناوچەی جێناکۆک ناسراون. ڕاپۆرتەکەهەڵسوکەوتی نایاسایی وەک وێرانکردنی بیناو خانووبەرەی هاووڵاتیان و لەچەندین حاڵەتدا خاپور کردنی تەواوی گوندەکان لەنێوان مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ و ئایاری ٢٠١٦ لە١٧ گوندو شارۆچکەی پارێزگای کەرکوک و چوار گوندو شارۆچکەی نەینەوا لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێم دەخاتەڕوو .

توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتی دۆکیومێنتاریان لەسەر چەندین کەیسی وێرانکردنی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان بەئاگرو ئامێری گەورەی و ماددەی تەقەمەنی بەهێز کردووە لەپاش دەرکردنی چەکدارانی داعش لەو گوندانەو کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن پێشمەرگەوە. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەلەسەر بنەمای چاوپێکەوتن بووەلەگەڵ زیاتر لە١٢٠ شایەتحاڵ و سێ ئەفسەری پێشمەرگەو حەوت هاوڵاتی کورد کەبەگوتەی خۆیان بەشداریان لەو وێرانکاریانەکردووە. شایەنی باسەتوێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی ١٣ لە و گوندوو شارۆچکانەیان کردووە. جگەلەوەش، شیکاري وێرنکاریەکان لەوێنەی مانگەدەستکردەکاندا دەردەکەوێت.لە بیست سایت .

لەزیاتر لە٦٢ گوندی تر کەتوێژەران نەیانتوانیوەسەردانیان بکەن، وێنەی مانگەدەستکردەکان بەڵگەی وێرانکاری نیشاندەدەن لەپاش کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەلەلایەن هێزەکوردیەکان، بەڵام بەهۆی نەبوونی ووتەی شایەتحاڵ، ناتوانین هۆکارو بەرپرسیارێتی ئەو وێرانکاریانە بەدڵنیایەوە بخەینەئەستۆی ئەو هێزانە .

لە٤ی نیسانی ٢٠١٦ و لەپاش نامەیەکی هیومان ڕایتس ۆوچ لە٧ی ئازار کەتێیدا بەکورتی دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئاشکراکردبوو لەگەڵ ڕاپۆرتێکی پێشووتری ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە سەر پێشێلکاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم هەستا بەدامەزراندی کۆمیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوەلەتۆمەتی

وێرانکردنی نایاسایی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان و سنوردارکردنی جموجوڵی ئاوارەکان لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەپێی ووتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کۆمیتەیەپێک دێت لەچەند بەرپرسێک لەسەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەلەگەڵ بەشی لێکۆڵینەوەلەڕاستیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش. لەڕێکەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٦ ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرت و دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر پارێزگاکانی نەینەواو هەولێرو کەرکوک و دیالەبۆ هیومان ڕایتس ۆوچ نارد. لێرەدا بەدرێژی باس لەو ڕاپۆرتەناکەین. لەو ڕاپۆرتەکانی حکومەتی هەرێمي کوردستاندا ئاماژەبەژمارەیەک لەو تۆمەتانەکراوەکە لەڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ۆوچدا هاتووەنەک هەموویان. لەم ڕاپۆرتەدا ئەو وەڵامانەي حکومە تي هه ريمي کوردستان لەشوێنی گوونجاوی خۆیان ئاماژەیان پێدەکرێت .

سەبارەت بەوێرانکردنی بیناکان، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەبەوەدەکەن کەبەشێکی زۆری ئەو وێرانکاریانەلەئەنجامی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان بۆ سەر پێگەکانی داعش و تۆپبارانکردنەوە بووە. هەروەها ووتەی چەند فەرماندەیەکی پێشمەرگەو بەشێکی وەڵامەکان ئاماژەبەوەدەکەن کەبەشێکی تری وێرانکاریەکانلەئەنجامی لەدوورەوەتەقاندنەوەی بۆمب و مینەچێنراوەکانی چەکدارانی داعش بووە .

بانگەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەوێرانکردنی ئەو ماڵانەلەئەنجامی تەقاندنەوەی بۆمب و مینە چێنراوەکان له کونده کان که له زير ده سلاتي چەکدارانی داعش بوو نیشانەی پرسیاری لەسەرە. بۆ نموونە، لەزۆرێک لەگوندەکانی سەر بەپارێزگای نەینەوا کەتوێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانیان کردوون، وادەردەکەوێ کەحکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ماڵی عەرەبەکانی وێرانکردووەو به لام ماڵی کوردەکان وەک خۆیان ماونەتەوە. توێژەران ۆوچ تێبینیان کردووە لەباردیە بینای ماڵەعەرەبەکان وێرانکرابوو لەتەنیشت ئەوخانووبەرەوێرانکراوانەماڵ و خانووبەرەی کوردەکان هیچ زیانێکیان پێنەگەیشتبوو،هەروەها له کوندي حەمەد ئاغا ماڵی کوردەکان وەک خۆیان مابوونەوەلەکاتێکدا ماڵەعەرەبەکان وێران کرابوون، پاشان لەنزیک شێخان گوندێکی عەرەب بەتەواوی وێرانکرابوو .

ئەمەجگەلەوەی، هێزەئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین بیناو ماڵیان لەگوندەکانی قەرەتەپەو ئیدریس هندیەو قه دیمەی پارێزگای کەرکوک وێرانکردووە سەرەڕایی ئەوەی ئەم گوندانەبەهیچ شێوەیەک لەلایەن داعشەوەدەستیان بەسەردا نەگیراوە، بۆیەوێرانبوونی ئەم گوندانە لەئەنجامی شەڕەوەشتێکی مەحاڵە. سەبارەت بەگوندی " قوشقایا" که ئەم گوندەش لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ نەکراوە، بەرپرسانی پێشمەرگەلەوەڵامێکیاندا لە٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦ ڕایانگەیاند کەنەیانتوانیوەڕێگری لەبەشێکی دانیشتوانی گوندەکەبکەن لەڕووخانی گەڕەکەعەرەبیەکەی ئەو گوندە کەخاوەنەکانیان پەیوەندیان بەداعش کردووە. لەگوندەکانی ئیدریس خه زعل و ئیدریس خه باز، هێزەکانی ئاسایشی کورد بلدۆزەریان بەکارهێناوەبۆ ڕووخانی ماڵەکان کەئەمەشێوەیەکی سەلامەت نیەبۆ پاکردنەوەی هەر بۆمبێک کەلەلایەن داعش لەنێو ئەماڵانەدا چێنرابێت. هەروەها وێنەی مانگەدەستکردەکان شوێنەواری سوتان له زوريك گوندی پارێزگای نەینەوا نیشان دەدەن، کەپێناچێت لەئەنجامی پاککردنەوەی مین و بۆمبی چێنراو بووبێت .

زیاد لەوەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هۆکارو ئه رکيکي سەربازی نیشان نەدا لەپشت پێویستی تەقاندنەوەی ئەو مین و بۆمبەچێنراوانەلەنێو ماڵەکان و وێرانکردنیان. فەرماندەکانی پێشمەرگەووتیان بەهۆی نەبوونی تیمی پسپۆڕی مین پوچەڵکردنەوە، ئەو بۆمبەچێندراوانەچەند قوربانی لێکەوتۆتەوە. ئەگەر ئەمەهۆکارەکەبووە، ئابلۆقەدانی ئەو گوندانەو قەدەغەکردنی هاتوچۆ بۆناویان و پاشان پاککردنەوەیان لەداهاتوودا شێوازێکی سەلامەتتر دەبوو وەک لەتەقاندنەوەیان لەدوورەوەکەسەرەڕایی وێرانکردنی بیناکان دەبێتە هۆی بڵاووبونەوەی بومبە نادیاره کان , که وا ناوجه کان به کشتي نا ئارامن وه دروستکردنی ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی داهاتوو لەپاککردنەوەی پاشماوەی جه نك .

یەکێکی تر لەنیگەرانیەکان پلانەئاشکراکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەڕێگریکردن لەلەگەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ گوندەکانیان. سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لەمانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ بەهیومان ڕایتس ۆوچی ووت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەبەعەرەبەسونەکان نادات بگەڕێنەوەبۆ ئەو گوندانەی کەلەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق بەعەرەب کراوون. بارزانی ووتیشی به بوجوني خويئەو زەويانە مافي کوردن .



نیشانەکراوە بە "X"

بانگەشەی لەم جۆرەوادەکاتزۆرێک لەعەرەبەکان هەست بکەن هێزەئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستابن بەوێرانکردنی ناوچەکانیان بەمەبەستی ڕێگریکردن لێیان لەگەڕانەوەبۆ ئەو ناوچانە.

پرەنسیپی جیاوازیکردن لەنێوان ئامانجی سەربازی و ئامانجی مەدەنی بڕگەیەکی سەرەکیەلەیاساکانی جەنگ. بەپێی ئەم پرەنسیپە،دەبێت هەموو لایەنەکانی جەنگ لەهەموو کاتێکدا ئامانجی مەدەنی لەسەربازی جیابکەنەوە. نابێت ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان بکرێنەئامانجی سەربازی ئەگەر بەمەبەستی سەربازی بەکارنەهێنرابن لەکاتی جەنگدا. ئەرکی هەموو لایەنەکانی جەنگەخۆیان بەدووربگرن لەکردنەئامانجی هاوڵاتیانی مەدەنی و ماڵ و موڵکیان. دەبێت هەوڵبدەن لە کەمکردنەوەی زەرەروزیان بەموڵک و ماڵی هاوڵاتیان. یاساکانی جەنگ وێران کردن و زەوت کردنی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان قەدەغەدەکەن، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کەپێویستی سەربازیان لەپشتەوەبێت. هەرلەچوارچێوەی ئەم یاسایانەدا، هێرشی کوێرانەبۆ سەر هاوڵاتیان و ماڵ و موڵکیان و تەماشاکردنی تەواوی ناوچەیەک یان گوندێکـوەک ئامانجی سەربازی قەدەغەکراوە .

لەسەر بنەمای ووتەی شایەتحاڵان و وێنەی مانگەدەستکردەکان، هیومان ڕایتس ۆوچ گەیشتەئەو دەرەنجامەی کەهێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشێوەیەکی سەرەکی هێزەکانی پێشمەرگەبەرپرسیارن لەوێرانکردنی بیناو خانووبەرە لانی کەم لە٢١ گوندو شارۆچکەلەپاش کۆنترۆڵکردنیان لەدەست داعش, دە یارة پێشێلكاری زە قة بو یاساكاني جە نك. کات و قەبارەی زۆرێک لەوێرانکاریەکانی ئەو کەیسانەی پێداچوونەوەیان بۆ کراوەلەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەبەوەدەکەن کەمین و بۆمبەچێنراوەکانی داعش و هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان و تۆپبارانەکان بیانوویاخود جالاكي جە نكي ترنين لەپشت وێرانکردنی ئەو خانووبەرانە.

ئەو ١٥ گوندنشینەی گوندی قەرەتەپەکەبەدووری ١٤ کیلۆمەتر دەکەوێتەڕۆژئاوای شاری کەرکوک هیومان ڕایتس ۆوچ قسەی لەگەڵ کردن ووتیان کەبینیوویانەهێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی کەرکوک لە٥ی ئاياری ٢٠١٦ هەستاوون بەوێرانکردنی ٢٦ خانووبەرەی گوندەکە. ئەوان ووتیشیان کەخاوەنی زۆرێک لەو خانووانەلەنێوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ پەیوەندیان بە(داعش)ەوەکردووە. لەوەڵامەکەی ٢٢ی ئەیلولدا، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ووتیان، هەندێک لەو خانووانەی گوندی قەرەتەپەبەهۆی بۆمبەچێنراوەکانی داعشەوەوێران بوون کەهێزەکانی ئاسایش نەیانتوانیوەپوچەڵیان بکەنەوە. ئەو وێرانکاریانە ڕۆژێک دوای ئەوەهاتووە کەچەند کەسێک هەستاوون بەتەقاندنەوەی بیرەنەوتەکانی نزیک ئەو ناوچەیە و بەرپرسانی ئاسایش گومانیان لەچەند کەسێکی قەرەتەپەبووەلەپشت ئەو کارەوەبن. وێرانکاریەکان هیچ زەروریەتێکی سەربازیان لەپشتەوەنەبوو .

نزیکەی ١٥ گوندنشینی تری گوندەکانی ئیدریس خە زعل و ئیدریس خوبازو ئیدریس هندیەقە دیمە کەبەدووری ٢٠ کیلۆمەتر دەکەونەڕۆژئاوای شاری کەرکوک ووتیان، بینیوویانەپێشمەرگەو ئاسایش و چەند هاووڵاتیەکی کوردی چەکداری ژێر فەرماندەیی پێشمەرگەهەستاوون بەتاڵان کردن و پاشان سووتان یاخود وێرانکردنی جە ن دە ستيك ماڵ بەبلدۆزەر لەچەند ڕۆژانی یەکەمی مانگی شوباتی ٢٠١٥. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا ووتیان کەنەیان دیووەداعش هیچ بۆمب و مینێک بچێنێت لەماوەی ئەو ٣٦ کاتژمێرەی کەدەستیگرت بەسەر گوندی ئیدریس خە زعل و ئیدریس خوباز. ئەمەسەرەڕایی ئەوەی کەداعش بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوەگوندی ئیدریس هندیە قە دیمە کۆنترۆڵ بکات لەکاتی هێرشەکانی بۆسەر ناوچەکەلە٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥. وێنەی مانگەدەستکردەکان بە دريزاي هە فتي دواي نیشانی دەدەن کەزۆرینەی وێرانکاریەکانی ئەو سێ گوندەلەدەوروبەری ٥ی شوباتدا بووەپاش کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکەلەلایەن پێشمەرگەوە .

لەوەڵامەکەی مانگی ئازاری ٢٠١٦ یدا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، حکومەتی هەرێمي کوردستان نووسیبوی، لەو سێ گوندە ي ئیدریس، داعش نەیتوانیوەهیچ مین و بۆمبێک بچێنێت لەبەرئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەستبەجێ هێرشی پێچەوانەیان ئەنجامداوەبۆ ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانە. بەڵام لەوەڵامەکەی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ یدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کەهۆکاری زۆرێک لەوێرانکاریەکانی گوندی ئیدریس (هندیە قە دیمە) بۆمبەچێنراوەکانی دە ولە تي ئیسلامي و شەڕو پێکدادان بووەلەنێوان دە ولە تي ئیسلامي و هێزەکانی پێشمەرگە. سەبارەت بەگوندی ئیدریس خە زعل، لەوەڵامەکەی مانگی حوزەیرانی حکومەتی هەرێمدا هاتبوو کەهێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و بۆمبەچێنراوەکانی داعش کەلەکاتی پرۆسەی پاککردنەوەی گوندەکەدا

تەقیونەتەوەبوونەتەهۆی وێرانکردنی سێ بەشی ئەو ٨٤ خانووبەرەی ناوچەکە. هەمان ئەو هوكارانە ي كوندي ئیدریس خە زعل بوونەتەهۆی وێرانکردنی خانووەکانی گوندی ئیدریس خوباز .

لەگوندی "مورا" کەبەتەواوی وێرانکرابوو، سێ گوندنشین ووتیان،لەکۆتایی مانگی شوبات یاخود سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠١٥ پێشمەرگە بەزۆرەملێ گوندەکەی پێ چۆڵ کردوون بەبیناووی شەڕی بەردەوام لە كل داعش.
لەحوزەیرانی ٢٠١٥و لەپاش دەرکردنی داعش لە ناوچەکەو گەڕانەوەیان بۆ گوندەکە، دەبینن کەپێشمەرگەخەریکی وێرانکردنی ماڵەکانە .

لەوەڵامەکەی مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ی حکومەتی هە ریمي كوردستان هاتبوو، گوندی مورا و گوندی الشهید نزیک مورا نزیکەی ٣ کیلۆمەتر لەپشت هێڵەکانی پێشەوەی پێشمەرگەیەو بەناوچەی پێشمەرگەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدانانرێت.
لەپەیوەندیەکی تردا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمانگی ئەیلولی ٢٠١٦، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ووتیان کەوێرانکردنی ماڵەکانی ئەو دوو گوندەڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەوەوەهەبووەکەخاوەنەکانیان پەیوەندیان بەگرووپی تیرۆریستی داعش کردووەو ئەو ماڵانەلەلایەن تیرۆریستانەوەبەکارهێنراوون بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئەو گرووپەلەگوندەکەدا .

گوندنشینان بەهیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، لەمانگی ئازاری ٢٠١٥ کاتێک گوندی مورا کەوتۆتەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە هەندێک خانوو زەرەروو زیانیان پێگەیشتبوو، بەڵام هیچ خانوویەک خاپوور نەکرابوو. بەپێی وێنەی مانگەدەستکردەکان، خاپوورکردنی تەواوی گوندی مورا لەنێوان ٢٠ی ئایارو ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ ڕوویداوەو دەردەکەوێ‌وێرانکردنی گوندەکەبەهۆی ماددەی تەقەمەنی و ئامێری قورس وەبووبێت. لەووتەی گوندنشینەکانەوەدەردەکەوێ کەئەو وێرانکاریانەلەپاش شەڕێکی چەند کاتژمێری کەم لەسەرەتای مانگی تەموزی ٢٠١٥ ڕوویاندابێت کەتێیدا پێشمەرگەگوندەکەی کۆنترۆڵکردۆتەوە .

لەپارێزگای نەینەوا، نزیکەی ١٥ شایەتحاڵ ووتیان کەهێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و گوندنشینەکان هەستاون بەوێرانکردنی خانووبەرەی گوندەکانی "شێخان" و "حەمەد ئاغا" و " بە ردیە"و "بارزان" کەهەموویان سەر بەناحیەی زوومارن. پێشمەرگەئەم ناوچانەی لەکۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٤ لەداعش کۆنترۆڵ کردەوە .

پێنج جووتیاری کوردی گوندی کانی عوزیر (عویس) کەبەدووری ٢ کیلۆمەتر دەکەوێتەڕۆژئاوای شێخان بەهیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، لەماوەی سێ هەفتەی مانەوەی لەگوندەکەلەمانگی ئابی ٢٠١٤، داعش چەند وێرانکاریەکی ئەنجامدا. بەڵام ئەو جووتیارانەووتیشیان کەشانبەشانی کوردەجووتیارەکانی ترو هێزەکانی پێشمەرگەبەشداریان لەسووتان و وێرانکردنی گوندەکەکردووە لەپاش کۆنترۆڵ کردنەوەی. ئەفسەرێکی پۆلیسی کورد لەگوندێکی نزیکی حەمەد ئاغا بەهیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لەگەڵ پێشمەرگەو هاووڵاتیانی تری كوردو یەزیدی بەشداری لەوێرانکردنی شێخان کردووە. هیومان ڕایتس ۆوچ لە٣ی ئابی ٢٠١٥ سەردانی شێخانی کردوو بینی هیچ خانوویەکی ئەو گوندەبەپێوەنەمابوو جگەلەمزگەوتەسەوزەکە .

توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ لە٣ی ئابی ٢٠١٥ سەردانی حەمەد ئاغایان کرد کەدانیشتوانەکەی لەکوردو عەرەب پێک دێن. توێژەران بینیان کەتەنها بەشەکوردیەکەی گوندەکەوەک خۆی مابوویەوە. پۆلیسێکی کوردی خەڵکی ئەو گوندەبەهیومان ڕایتس ۆوچی ووت لەگەڵ پێشمەرگەبەشداری کردووەلەکاولکردنی بەشەعەرەبیەکەی گوندی حەمەد ئاغا .

لەگوندی بە ردیە کەبەدووری ٧ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی عویس، دووکاندارێکی کورد ووتی کەلەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەوەک خۆبەخش پێشڕەوی کردووەو لەگەڵ هاوڵاتیانی تری كوردو هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش هەستاوەبەوێرانکردنی خانووبەرەی عەرەبەکان لەبەرەوەی خاوەنەکانیان داعش بوون. هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ گرووپێکی ١٥ کەسی کەلەگوندێکی نزیکی ئەو ناوچەیەوەماڵ و حاڵیان جێهێشتبوو لە دوروبري بە ردیە خۆیان حەشاردابوو. هەندێکیان بەهیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کەبینیویانە پێشمەرگەو هاووڵاتیانی کورد خانووبەرەی بە ردیە یان ڕووخاندووە. ئە واني تريش يە ك كوك بون ووتیشیان

کەهاولاتیەکوردەکان پێیان ووتوون بەرلەوەی ڕژێمی پێشووی عێراق عەرەب بهێنێتەناوچەکەلەچوارچێوەی پرۆسەی هەڵمەتی بەعەرەب کردن لێرەموڵک و ماڵیان هەبووە .

وێنەی مانگەدەستکردەکان نیشانی دەدەن کەشێخان و حەمەد ئاغاو بەشێکی بە ردیە و بارزان لەگەڵ زەویدا تەخت کراوە. وێنەکان ئاماژەبەوەدەکەن کەئەو وێرانکاریانەلەپاش کۆتای مانگی ئاب یاخود سەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ ڕوویانداوەکاتێک پێشمەرگەناوچەکەی لەداعش پاکردۆتەوە. شایەنی باسە، وێرانکاریەکان لەمانگی ئەیلولەوەتا ساڵی ٢٠١٥ بەردەوام بوون .

لەوەڵامەکەیدا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ ، حکومەتی هەرێم ووتی، ٨٥ خانووبەرەی شێخان و ١٢٠ خانووی بەشەعەرەبیەکەی گوندی حەمەد ئاغا بەهۆی تۆپبارانی هەردوولاوەوێران بوون، لەگەڵ ٥٢٣ خانووبەرەی بارزان بەوانەشەوەکە دە وله تي ئیسلامي بۆمبی تێدا داناوون. حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتیشی، سەرەڕایی هەوڵەکانی پێشمەرگەبۆ ڕێگریکردن لێیان، ژمارەیەکی زۆر لەیەزیدیەکان هەستاوون بەسووتانی ماڵەکانی ئەو گوندانە وەک تۆڵەسندنەوەلەو کەسانەی گوندی بارزان کەبەشداربوون لەتاوانی دژ بەیەزیدیەکان. حکومەتی هەرێمي کوردستان ووتی، هۆکاری کردنەئامانجی بارزان بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەبەرئەوەبووە گوندەکەبنکەی سەرەکی دە وله تي ئیسلامي بووەلەناوچەی شنگال و سەنتەری دۆزینەوەی چەکدار بووەبۆ چەکداران و فەرماندەکانی .دە وله تي ئیسلامي

وێنەی مانگەدەستکردەکان ئەوەنیشان دەدەن کەنیوەی زیاتری وێرانکاریەکانی شێخان لەنێوان تشرینی دوومی ٢٠١٤ و ئازاری ٢٠١٥ ڕوویانداوە، لەدوای ئەو ماوەیەش زیاتر لە٣٠ بینای تر ڕوخێنراوون. هەروەها بەشێکی وێرانکاریەکانی گوندی بارزان لەدوای ٥ی تشرینی دووەم ڕوویانداوەپاش ماوەیەکی زۆر لەکۆنترۆڵکردنەوەی ئەو دوو گوندەلەلایەن پێشمەرگەوە. بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەگشتیەکان، هیچ هێرشێک لەلایەن داعشەوەنەکراوەتەسەر شێخان یاخود بارزان لەکۆتایی ئابی ٢٠١٤ .

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کەماڵەکوردەکانی بە ردیە عویس و شیخان و حەمەد ئاغاي کوردیکان وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام ناوچەعەرەبەکانی نزیک ئەو گوندانەوێرانکراوون، ڕاستی بانگەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەوەی گوایەداعش یاخود بۆمبەچێنراوەکانیان بوونەتەهۆی بەشێک لەوێرانکاریەکانی ئەو ناوچەیە دەخاتەژێر پرسیارەوە. هەروەها، بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کەوێنەی مانگەدەستکردەکان ئەوەنیشان دەدەن بەشێکی زۆری وێرانکاریەکان لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو گوندانەبووەلەلایەن پێشمەرگەوە، دووبارەڕاستی و دروستی بانگەشەکانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەوەی هۆکاری وێرانکاریەکان هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان یاخود تۆپباران بووە دەخەنەژێر پرسیارەوە. ئەمەجگەلەوەی، وێنەی مانگەدەستکردەکان ئاماژەبەوەدەکەن کەئەو وێرانکاریانەبەهۆی ئاگرو ئامێری گەورە ماددەی تەقەمەنیەوەبووە. هەروەها، لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەدابینکراوە، دەتوانین بگەینەئەو دەرەنجامەی کەوێرانکردنی ماڵە بۆمبڕێژکراوەکان هۆکاری پێویستی سەربازیان لەپشتەوەنەبووە .

فەرمانی ژمارە٣ی ١٧ی ئازاری ٢٠١٦ کەلەپاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، سەرۆکی هەرێمي کوردستان مەسعود بارزانی فەرمانی کردووەبەپارێزگاریکردنی "هەموو ئەو گوندو شارۆچکانەی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوەئازاد کراون لەهەموو حاڵەتێکدا ئه بي بباريزريت". دەستپێکردنی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ زانینی ڕاستیەکان لەنیسانی ٢٠١٦ و ناردنی دەرەنجامەکانی بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ لە٣٠ حوزەیران دەردەکەوێ یەکەم کەیسی لێکۆڵینەوەی حکومەتی هەرێم بێت لەسەر پێشێلکاری یاساکانی جەنگ لەلایەن هێزەکوردیەکانەوە. بەڵام هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادار نیەلەوەی کەحکومەت هیچ سزا یاخود ڕێوشوێنێکی یاسایی لەدژی ئەو کەسانەگیرابێتەبەرله لایان ده سه لاتي حکومه تي هه ريمي کوردستان کە هەستاوون بەئەنجامدانی ئەو پێشێلکاریانە .له مولکي هاولاتيان

ژمارەیەک لەحکومەتەکانی نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدژی داعش کەپێک دێن لەئەمریکاو ئەڵمانیاو فەرەنساو بەریتانیاو کەنەداو ڕووسیاو ئێران و ژمارەیەک لەووڵاتانی ناوەڕاست و باشوری ئەوروپا بەچەک و مەشقی

سەربازی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەندێکیان ئۆپراسیۆنی سەربازی هاوبەشیان لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی هەرێم هەیە. هیچ بەرپرسێکی ئەم وڵاتانەبەئاشکرا داوایان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووەلەسەر پێویستی کۆتایهێنان بەوێرانکردنی نایاسای ئەو خانووبەرانەکەپێشێلکاریەلەیاساکانی جەنگ و یاسا نێودەوڵەتیەکان و یاساکانی مافی مرۆڤ و لێپرسینەوەلەگەڵ پێشێلکاران. ئەمریکا هێزی تایبەتی هەیەکەڕاهێنان بەهێزەکانی پێشمەرگەدەکەن لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ و مەشقیان بەزیاتر لە١٠٠٠ پێشمەرگەکردووە. لەنیسانی ٢٠١٦، وەزیری بەرگری ئەمریکا ئاشتن کارتر ڕایگەیاند کەئەمریکا بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلار هاوکاری دارایی بۆ هەندێک لەیەکەکانی پێشمەرگە دابین دەکات. لەشوباتی ٢٠١٥، ئەڵمانیا سەنتەرێکی نێودەوڵەتی مەشقپێکردنی بۆ پێشمەرگەلەهەولێر کردەوە. لەدوای بڵاوبوونەوەی چەند ڕاپۆرتێک لەکانوونی دووەمی ٢٠١٦ سەبارەت بەفرۆشتنی ئەو چەکانەی لەلایەن ئەڵمانیاوەبۆ هێزەکانی پێشمەرگەنێردراوون لەبازاڕی ڕەش و بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لەهەمان مانگ لەلایەن ئەمنستی ئینتەرناشناڵ سەبارەت بەڕووخانی بیناو سنووردارکردنی جموجوڵی هاووڵاتیانی عەرەبی سونەو ئازادیان لەلایەن هێزەکوردیەکان، حکومەتی هەرێمي کوردستان بەحکومەتی ئەڵمانیای ڕاگەیاندبوو کەلێکۆڵینەوەلەو تۆمەتانەدەکات .

ئایا چی ڕوودەدات لەدوای ئەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانەکان به فه رمانده ي ئه مريكا سەرکەوتوو دەبن لەهەڵمەتەکەیان لەوەدەرنانی ئه و كروبه لەموسڵ برسياريكي فشارداره. پێشلکاریەنایاساییەکانی هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئەنجامدانی وێرانکاری ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان دەبێتەهۆی بەردەوام بوونی ناکۆکی و شەڕ لەناوچەکه تەنانەت پاش ئەوەی داعش لەهەموو ناوچەکانی عێراق وەدەردەنرێت .

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی چەندین چار باسی لەپلانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کردووەبۆ جیابوونەوەلەعێراق لەساڵی ٢٠١٦ و هەروەها بەرپرسانی کورد نەیانشاردۆتەوەکەئەو ناوچانەی دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم کەلەدەست داعش ڕزگاریان کردوون لەبنەڕەتدا زۆرینەی کوردن و دەبێت بەشێک بن لەناوچەکانی حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی داهاتووی کورد. ئەو ئامانجەسیاسیەبیانوو نیەبۆ وێرانکاری نایاسایی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان و ڕێگریکردن لەگەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر موڵک و ماڵیان .

هیومان ڕایتس ۆوچ داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کەلێکۆڵینەوەبکات لەو پێشێلکاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوەو لێپرسینەوەلەبەرپرسیارانی ئەم پێشێلکاریانەبکات. ڕەنگەدامەزراندنی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەلەڕاستیەکان یەکەمین هەنگاوی حکومەتی هەرێم بێت لەو بارەیەوە، بەڵام ژمارەیەک لەتۆمەت و پێشێلکاری تر پشتگوێ خراوون. لەلایەکی ترەوە، دەرەنجامەکانی کۆمیتەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوتانین لەگەڵ دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی هیومان ڕایتس ۆوچ .

هەروەها هیومان ڕایتس ۆوچ داوا لەئەمریکاو ئەڵمانیاو وڵاتانی تر دەکات کەهاوکاری سەربازی بۆ حکومەتی هەرێم دابین دەکەن فشار بخەنەسەر حکومەتی هەرێم بۆ لێکۆڵینەوەلەو تۆمەتانەو هەروەها لێکۆڵینەوەلەڕۆڵی هاوکاری سەربازی خۆیان لەم پێشێلکاریانە. دەبێت ئەنجومەن مافەکانی مرۆڤ له نه تو‌ة یکرتوکان لێکۆڵینەوەکانی کۆمسیۆنەکەیان بەرفراوان بکەن لەتەنها لێکۆڵینەوەکردن لەپێشێلکاریەکانی داعش بۆ هەموو لایەنەکانی تر، بەهێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە. هەروەها دەبێت ئەو ئەنجومەنە نێردراوێک بۆعێراق دەستنیشان بکات تا چاودێری و ڕاپۆرت ئامادەبکات لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەو هەروەها پێشنیازی ڕێوشوێن بکات بۆ دڵنیابوون لەلێپرسینەوەلەپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ ویاساکانی جەنگ .

# پێشنیازەکان

***بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان***

- لێکۆڵینەوەبکەن لەپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و یاساکانی جەنگ کەلەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەتایبەت وێرانکردنی بیناو خانووبەرەی هاوڵاتیان.
- لێپرسینەوەبکەن لەو ئەندامانەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەو دژەتیرۆر کەتێوەگلاوون لەپێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، هەروەها ڕێگەبدەن بەدادگای مەدەنی و سەربازی بێلایەن بۆ لێکۆڵینەوەلەو پێشلکاریانەو ئەگەر بەڵگەی پێویست هەبوو لێپرسینەوەلەو هێزانەبکەن بەفەرماندەسەربازیەکانیشەوە.
- لێپرسینەوەبکە لەو هاووڵاتیەکوردانەی تێوەگلاوون لەپێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان و یاساکانی مافی مرۆڤ.
- هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرنەبەر لەپێناو کۆتایی هێنان بەوێرانکردنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێم ئەگەر هیچ بیانوو پێویستیەکی سەربازی لەپشتەوەنەبێت، بەتایبەت ئەو هێرشانەی کەتەواوی گوندەکان وەک ئامانجی سەربازی تەماشا دەکەن.
- قەرەبووکردنەوەو دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو کەسانەی کەهێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنایاسایی ماڵ و موڵکیان وێران کردوون.

***بۆ ئەمریکاو ئەڵمانیاو ووڵاتانی تر کەهاوکاری هێزەکانی حکومەتی هەرێم دەکەن***

- لێکۆڵینەوەبکەن لەسەر ئەوەی ئایا هاوکاریەسەربازیەکانی وەک چەک و تەقەمەنی و مەشقی سەربازی بەکارهێنراوون لەو پێشلکاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە. هاوکاری سەربازی بۆ هەر یەکەیەکی سەربازی کەلەم پێشلکاریانە تێوەگلاوەوبوەستێنەو بەئاشکرا نارەزایی لەبەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەدرببرە یان کۆتایی بهێنە بەهاوکاریەسەربازیەکان لەسەر بنەمای بەڵگەی پێویست.
- ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر بەردەوام ناردنی چەک و تەقەمەنی ومەشقی سەربازی پێویستەحکومەت هەستێ بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی جدی لەو تۆمەتانەی باس لەپێشێلکاریەکانی یاسای جەنگ دەکەن.
- داواکردن لەحکومەتی هەرێم بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک بەرلە٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٧ لەسەر لێکۆڵینەوەلەپێشێلکاریەکانی یاسای جەنگ.
- لەکاتی مەشقەسەربازیەکان بەهێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی پێویستیان پێبدەن لەسەر پرەنسیپ و ڕەچاوکردنی یاساکانی جەنگ، بەتایبەت لەسەر وێرانکردنی موڵک و ماڵی هاووڵاتیان.
- لێکۆڵینەوەکردن لەسەر پێشلکاریەکانی یاسای جەنگ و مافەکانی مرۆڤ لەهەموو ئەو هێزو لایەنانەی حکومەتی هەرێم کەهاوکاری سەربازی و ئەمنیان پێدەگات.
- سەردان و چاودێری هاوبەشی بەردەوام ئەنجامبدرێت بۆ شوێنی مەشقەسەربازیەکان بۆ خەمڵاندنی کاریگەری ئەو مەشقانەبەمافەکانی مرۆڤیشەوە.
- بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانیان بۆ ڕای گشتی لەسەر ڕێکەوتنەکانیان لەهەر پێشێلکاریەک لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێم بووەتەهۆی کۆتایی هێنان بەناردنی پێداویستی سەربازی.

***بۆدە زگاو دامە زراوە کانی نەتەوەیەکگرتووەکان***

- دەبێت ئەنجومەني باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەکانی لەپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن (داعش)ەوە بەرفراوان بکات بۆ هەموو لایەنەکانی تری ناو عێراق بەهێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە.
- دەبێت ئەو ئەنجومەنە نێردراوی تایبەت دەستنیشان بکات بۆ لێکۆڵینەوەلەبارودۆخی عێراق، بۆ چاودێریکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ و پێشنیازکردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ لێپرسینەوەلەبەرپرسیاران.

- دەبێت بەرنامەی هاوکاری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق هەستێت بەدابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئاوارەکان ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوەسەر ماڵ و حاڵیان و بووجەی پێویست دابین بکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانەی ماڵ و موڵکیان لەناوچووە.

# میتۆد

زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتەلەسەر بنەمای چاوپێکەتن بووەلەگەڵ ١٢٠ کەس لەپارێزگاکانی نەینەواو دهۆک و هەولێرو سلێمانی و کەرکوک لەمیانەی پێنج سەردانی مەیدانی هیومان ڕایتس ووچ بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکوردیەکان لەنێوان مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ و ئایاری ٢٠١٦. لەنێو ئەوانەی چاوپێکەتنیان لەگەڵ کراوەئەو عەرەبەعێراقیانەبوون کەلەئەنجامی شەڕی داعش ناوچەکانیان جێهێشتووە. هیومان ڕایتس ۆوچ بەزمانی عەرەبی و ڕووبەڕوو لەگەڵ هەموو ئەم کەسانەچاوپێکەوتنی کردووە. یەکێک لەچاوپێکەوتنەکان بەوەرگێرانی زمانی کوردی بوو. هەروەها توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی ئەو ناوچانەی پارێزگاکانی نەینەواو هەولێرو کەرکوکیان کردووەکەتێیدا هێزە کوردیەکان هەستاوون بەئەنجامدانی وێرانکردنی خانووبەرەکان. هەر لەمیانەی ئەم سەردانانەدا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ پێشمەرگەو بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کردووە .

هەموو ئەو کەسانەی چاوپێکەتنیان لەگەڵ کراوەئاگادار کراونەتەوەلەمەبەست و سروشتی خۆبەخشی چاوپێکەوتنەکان و لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاریەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی لەهەموو ئەم کەسانەو هەموویان تێگەیشتوون لەوەی کەقەرەبووی ماددی ناکرێن بۆ بەشداریکردنیان لەچاوپێکەوتنەکان. بۆ پارێزگاریکردن لەئاسایشی ئەو کەسانە، هیومان ڕایتس ۆوچ ناسنامەو ناوی ئەو کەسانەئاشکرا ناکات، جگەلەبەرپرسان و ئەو کەسانەی ڕازیبوون بەبڵاوکردنەوەی ناویان .

هیومان ڕایتس ۆوچ هاوکاری بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و هێزەئەمنیەکان بەرز دەنرخێنێ لەکاتی سەردانەکانیدا بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت هاوکاری ئەفسەرکاني ئاسايش لەپارێزگای نەینەواو ئەفسەرکاني پێشمەرگەلەپارێزگای کەرکوک. لەکانوونی یەکەمی ٢٠١٥و لەشوێنی تایبەتی خۆی لەسلێمانی، فەرماندەی پێشمەرگەشێخ جەعفەر مستەفا کاتی خۆی پێبەخشین لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان .

هیومان ڕایتس ۆوچ شیکاروخەمڵاندنێکی تێروتەسەلی بۆ وێرانکاری ناوچەکانی زوومارو و ڕەبیعە و چەند بەشێکی ناحیەکانی الشمال لەپارێزگای نەینەواو ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک کردووە. شیکارەکان بەپشت بەستن بووەبەوێنەی مانگەدەستکردەکان کەلە٣٥ ڕۆژی جیاوازداو لە١٤٣ شارۆچکەو گوند لەنێوان مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ تا ئازاری ٢٠١٦ گیراوون. لەهەریەک لەو کەیسانەدا، گیرانی وێنەکان لەپێش وێرانکاریەکان و لەکاتی وێرانکاریەکان و لەپاش وێرانکاریەکان بووە.[1] وێنەی ئەو مانگە دەستکردانەمان بەکارهێنا بۆ دەستنیشانکردنی ناوچەوێرانبووەکان و خەمڵاندنی ئاستی وێرانکاریەکان و هاوتا کردنی لەگەڵ ووتەی شایەتحاڵان، لەگەڵ خەمڵاندنی قەبارەو ئاست و کاتی وێرانکردنی بیناو خانووبەرەکان. ئەو وێنانەدەری دەخەن هۆکاری وێرانکاریەکان چی بووەو لەو وێنانەدا دەردەکەوێ کەئایا وێرانکاریەکان لەئەنجامی هێرشی ئاسمانی یان تۆپبارانی شەڕی نێوان پێشمەرگەو داعش بووەیانلەدوای شەڕەکان ئەنجامدراوون.

لەم ڕاپۆرتەدا، هیومان ڕایتس ۆوچ ووشەی "پێشمەرگە" و "ئاسایشی" حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنێ. پێشمەرگەهێزی سەربازی حکومەتەو ئاسایش بریتیە لەهێزەکانی ئەمنی و پۆلیسی ناوخۆ. زاراوەی هێزەکوردیەکان لەو کەیسانەدا بەکارهێنراوەکەشایەتحاڵان نەیانزانیوەچ جۆرەهێزێکی حکومەت بووەیان ڕەنگەهێزەچەکدارەکانی تری وەک یەکینەکانی پاراستنی گەل و گرووپەچەکدارەیەزیدیەکان و چەکداری مەدەنی کورد بوون .

---

[1] ئەو وێنانەی لەم ڕاپۆرتەدا نیشاندراوون لەم بەروارانەی خوارەوە تۆمار کراوون: ١١ی مارس، و ٢٢ و٧ی حوزەیران، ١٨ی ئاب، ١ و ٧ و ٢٨ی ئەیلول ،٥ و ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤، ٢ی کانوون دووەم، ٥ و ١٠ و ١٤ی شووبات، ٢١ی مارس، ٢٢ی نیسان، ٢٠ و ٢١و ٢٦ی مایز، ١٢ی ئاب، ١٥ی ئەیلول، ٩ و ١٠ی تشرینی یەکەم، ١ و ١٢ و ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥، ٢٤ی کانوونی دووەم، ١٢ی شووبات، ٢٣ی مارس، ٥ و ٧ی نیسان، ٢٣ی مایز، ٢ی حوزەیران، ٢ی تەمووزی ٢٠١٦.
وێنەی مانگە دەستکردەکان کە لەم ڕاپۆرتەدا نیشاندراوە لەلایەن کۆمپانیای سەتەلایتی سێنسۆرس پلایدیەس گیراوە مافی کۆپیکردنی پارێزراوە
WorldView-1, WorldView-2, GeoEye-1 (Copyright: DigitalGlobe 2016 – SPOT-07 satellite sensors Pléiades-1A/B, SPOT-6 and NextView Distribution License).

هیومان ڕایتس ۆوچ لەکانوونی دووەمی ٢٠١٥ و تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ ئازاری ٢٠١٦ و ئەیلولی ٢٠١٦ حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەدەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئاگادار کردەوە. لەهەموو حاڵەتەکاندا حکومەتی هەرێم وەڵامیداوەتەوەو لە٢٦ی ئازاری ٢٠١٦ ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی بۆ ناردین و لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٦ دەرەنجامەکانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەلەڕاستیەکان. (لەکاتی ئاماژەدان بەوەڵامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگووترێ لەوەڵامەکەی ٣٠ حوزەیران). لەتەموزی ٢٠١٦، هیومان ڕایتس ۆوچ چاوی بەسەرۆک بارزانی و بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەفەلاح مستەفاو وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت کەریم سنجاری کەوت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان. ئەو وەڵامانەی حکومەتی هەرێم کەپەیوەندیان بەبابەتەکەوەهەیەلەڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێدەکرێت. هیومان ڕایتس ۆوچ بەردەوام دەبێت لەگفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو هەڵسەنگاندنی ڕاستیەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتەو هەر دەرەنجامێکی تر. هیومان ڕایتس ۆوچ لەڕابردوودا هەندێک لەدەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەردانەکەی مانگی ئەیلول و کانوونی یەکەمی٢٠١٤ی لەڕێکەوتی ٢٥ی شوباتی ٢٠١٥ بڵاوکردەوە، هەروەها سەردانەکەی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ لە٥ نیسانی ٢٠١٦ .

# I. پێشینەی مێژوویی

لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانێتی ئەمریکیەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، کوردستانی عێراق تا ڕادەیەکی بەرچاو سەقامگیربووەو ئابووریەکەی لە گەشەکردندا بووە، پێگەی ئەتۆنۆمی سیاسی ئەم هەرێمە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا چەسپاوە.[2] هەرێمی کوردستانی عێراق پەرلەمانی خۆی هەیە و پەرلەمانەکەی لە هەولێری پایتەختە. هێڵە سەوزەکە سنووری دیفاکتۆی دوای ساڵی ١٩٩١ی نێوان هێزە کوردیەکان و حکومەتی عێراقە کە پێك دێت لە پارێزگای دهۆك و بەشێکی زۆری پارێزگای هەولێرو سلێمانی و بەشێکی کەمی پارێزگای نەینەواو دیالە. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، دەسەڵاتی کوردی بەرفراوانی بەخۆوە دیوە لە دەشتی نەینەواو شنگال لە پارێزگای نەینەواو مەخموور لە پارێزگای هەولێرو شاری کەرکوک لە پارێزگای کەرکوک و دوزخورماتوو لە پارێزگای سەڵاحەدین و خانەقین و جەلەولا لە پارێزگای دیالە. ئەم ناوچانە زێدی ژمارەیەکی زۆر لە کوردو کەمە نەتەوایەتی و ئاینەکانی ترن وەك یەزیدی و مەسیحی و شەبەك و کاکەییەکان وعەرەبە عێراقیەکان.

لەهەفتەی دووەمی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعش دەستیانگرت بەسەر شاری موسڵ لەپارێزگای نەینەواو پێشرەویان کرد بەرەوپارێزگای سەڵاحەدین و کەرکوک. هێزەکانی حکومەتی عێراق شکستیان هێنا لەبەرەنگار بوونەوەی ئەو گرووپەو لەناوچەکە بەرتەوازەبوون. بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بۆشاییەیان پڕکردەوەو بەشێکی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک و شوێنەکانی تریان لەداعش پاکردەوە. لەمانگی ئابی ٢٠١٤، داعش هێزەکانی پێشمەرگەی لەشنگال و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا تا دەریاچەی موسڵ وەدەرنا. پاش ئەوەی هێزەکوردیەکان پێشڕەویەکانی داعشیان بەرەوهەولێر تێکشکاند هێڵێکی بەرگریان بەدرێژای ڕووباری زێی گەورەو گوێرو مەخموور لەپارێزگای هەولێر لەدژی داعش دروستکردوو هێڵێکی تری بەرگریان لەشاری کەرکوک بەدرێژای زنجیرەچیاکان لەباکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵات دامەزراند.

تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٤، پێشمەرگەتوانیان زۆرێک لەناوچەکانی دەشتی نەینەوا لەباکورەوەتا چیای شنگال و دەریاچەی موسڵ کۆنترۆڵ بکەنەوە. لەتشرینی دووەمی ٢٠١٥، شاری شنگالیان کۆنترۆڵکردەوەو لەباشورو ڕۆژئاوای کەرکوکەوەلەچەندین قوڵەوەپێشڕەویان کرد. لەپارێزگای دیالە، هێزەکانی پێشمەرگەلەکۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ جەلەولایان لەداعش پاکردەوەو کۆتاییان بەسێ مانگی مانەوەی ئەو گرووپەلەو شارە هێنا.[3]

تا کۆتایی ٢٠١٥، هێزەکوردیەکان زۆربەی ئەو ناوچانەیان لەداعش پاکردەوەکەلەپاش ساڵی ٢٠٠٣ وەهێزەکانی پێشمەرگەدەسەڵاتیان تێدا بەرفراوانکرد، بەڵام بەفەرمی ئەم ناوچانەلەدەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. لە٢٤ی ئازاری ٢٠١٦، یەکەکانی سوپای عێراق کەبەرەو مەخموور جوڵابوون بەتەنسیق لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدەستیان کردەهێرشکردن بۆ گرتنەوەی موسڵ.

***

پاش ساڵی ٢٠٠٣، ئیدارەی داکیرکاري ئه مریکا , ده سه لاتي هاوپەیماني کاتي, کۆمسیۆنێ داواي خاوندارێتي عیراق بۆ چارەسەرکردنی ناوچەجێناکۆکەکانی عێراق دروستکرد، بەپێی کاری ئەو کۆمسیۆنەدەبوو تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ کێشەی هەموو ئەو ناوچانەچارەسەر بکرێت کەلەچوارچێوەی سیاسەتەکانی هەڵمەتی

[2] دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ بڕگەی ١١٧ لەسەر گەشەی ئابووری، بۆ نموونە: وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلانی ستراتیژی بۆ گەشەکردنی هەرێمی کوردستان ٢٨١٢ ٢٨١٦، ٢٠١١.
http://www.mop.gov.krd/resources/MoP%20Files/PDF%20Files/gd_ps/regional_development_strategy.pdf (accessed April 24, 2016).

[3] جەلەولا لەژێر دەستی پێشمەرگەدایە: داعش لە هەڵهاتندایە،" ڕووداو٢٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤
http://rudaw.net/english/middleeast/iraq/231120143 (accessed June 3, 2016),
داعش لەناکاو هێزە کوردیەکان لە جەلەولا پاشەکشێ پێدەکات، هەواڵی عەرەبیە، ١١ی ئابی ٢٠١٤
http://english.alarabiya.net/en/News/middle-east/2014/08/11/ISIS-defeat-Kurds-in-flashpoint-Iraq-town-of-Jalawla-.html (accessed June 3, 2016).

بەعەرەبکردنی ڕژێمی پێشوو سەدام حسین سەریان هەڵدابوو.[4] ماددەی ١٤٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ حکومەتی عێراق ناچار دەکات:

> هەستێت بە چارەسەرکردنی هەموو ئەو ناعەدالەتیانەی بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووەوە سەریانهەڵداوە وەك گۆڕینی دیمۆگرافیای چەند ناوچەیەکی وەك کەرکوك کە تێیدا خەڵکی بەزۆرەملێ لە ناوچەکانیان دەرکراوون خەڵکانی تریان لە ناوچەکانی ترەوە هێناوە بۆ نیشتەجێ بوون لە شوێنەکانیان. خەڵکانی ئەو ناوچانە لەکار بێبەش کراوون و باکگراووندی نەتەوەییان گۆڕاوە.[5]

هەڵمەتی جینۆسایدی ئەنفال لە دژی کوردەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٨٩ کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس و خاپوور کردنی ناوچەیەکی زۆری باشورو ڕۆژهەڵاتی کەرکوک بەشێك بووە لەو سیاسەتانە.[6]

لە ساڵی ٢٠٠٦، حکومەتی عێراق هەستا بە گۆڕینی کۆمسیۆنێ داواي خاوندارێتي بە کۆمسیۆنی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان، کاری کۆمسۆنەکە وەك خۆی مایەوە بەڵام چەند گۆڕانکاریەکی تێدا کرا. لە ئەیلولی ٢٠٠٧، کۆمسیۆنەکە بڕیاری لە بارەی ٣٧ هەزار کەیس لە ١٣٥ هەزار کەیس دا، بەڵام گۆڕانکاریەکان لە کاری کۆمسیۆنەکەندا بە مانای ئەوە هات کە دەبێت ٩ هەزار لەو ٣٧ هەزار کەیسە دووبارە پێداچوونەوەیان پێدابکرێت و باقی کەیسەکانی تریش لە ڕووی جێبەجێ کردن و قەرەبووکردنەوەوە خاوی و پشتگوێ خستنیان بەخۆوە دی.[7] تا ساڵی ٢٠٠٩، لای هەموو لایەك ڕوون بووکە ئەو میکانیزمە شکستی هێنا لە چارەسەرکردنی کێشەکان و ناکۆکی و کێشەکان لەسەر خاوەندارێتی موڵکەکان و دیمۆگرافیای ناوچەکانی کەرکوک و دیالەو نەینەوا ڕوویان لە چڕبوونەوە کرد.[8] تا ساڵی ٢٠١١، پابەندبوونی بەرپرسە باڵاکانی بەغدا لە جێبەجێکیردنی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە بە تەواوی ڕووی لە کرزی کرد.[9] لە پاش مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ ئەو کاتەی داعش بە هێز دەستی گرت بە سەر هەندێك لە ناوچە جێناکۆکەکان و کوردەکان هێزیان نارد بۆ پارێزگاریکردن لە کەرکوک، هەموو هیواو هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێشێلکاری ناعەدالەتیەی ڕابردوو لەسەر بنەمای یاسا بەتەواوی ڕووی لەنەمان کرد. لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، بەغداو هەولێر بە نافەرمی ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی داهاتەکان لە ڕێکەوتنێکدا کە دەردەکەوێت باسی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی تێدا نەکرابێت لەڕێگەی میکانیزمێکی سیاسی و یاساییەوە بۆ مافی چارەی خۆنووسین.[10]

---

[4] دەسەڵاتی ئینتیقالی هاوپەیمانەکان: یاسای ئیداری بۆ دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ئینتیقالی،" ٨ی مارسی ٢٠٠٤
http://www.au.af.mil/au/awc/awcgate/iraq/tal.htm (accessed June 3, 2016), art. 58

[5] دەستووری کۆماری عێراق، ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥
http://www.cabinet.iq/PageViewer.aspx?id=2 (accessed June 3, 2016), art. 140.

[6] هیومان ڕایتس ۆوچ، جینۆساید لە عێراق: هەڵمەتی ئەنفال لە دژی کوردەکان، تەمووزی ١٩٩٣
https://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/.

لە کورتەی ڕاپۆرتێکی ٢٠١١ی پەیمانگای وویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی هاتووە:
حکومەتی بەعس هەستا بە جێبەجێ کردنی چەند سیاسەتێکی بە ئەنقەست و سیستماتیکی بۆ دڵنیابوون لە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئەو ناوچانەی ئێستا بە جێناکۆك ناودەبرێن. لەو چوارچێوەیەدا هەستا بە دەرکردنی زۆرەملێی سەدان هەزار کوردو کەمایەتیەکانی ترو لەگەڵ وێرانکردنی سەدان کووندی کوردی و دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری کوردو تورکمانەکان و دابەشکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان بەسەر جووتیارە عەرەبە شیعەکانی باشوری عێراق هەروەها بەزۆرەملێ ناسنامەی کەمایەتیە ناعەرەبەکانی گۆڕی بەعەرەب. قەدەغەکردنی ئەو کەمایەتیانەی عەرەب نین لە کارکردن و هەبوونی هیچ پۆستێك لە کۆمپانیای نەوتی باکورو فەرمانگەکانی تری حکومەت لەگەڵ دەستکاریکردن و گۆڕینی جوگرافیای ئیداری باکوری عێراق لەسەر بنەمای نەتەوەیی.
شان کەین. "ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق. تێڕوانینێك لەسەر سیاسەتەکان و کاریگەریەکانی لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا. پەیمانگای وویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی ٢٠١١١.
http://www.usip.org/sites/default/files/resources/PW69.pdf (accessed April 24, 2016).

[7] پیتەر ڤان دێر ئەوێرارێت. "گەڕاندنەوەی موڵکەکان لە عێراق: سیمینارێك لە لە سیمپۆسیەم لە سەر گەڕاندنەوەی موڵك لەدوای جەنگ. کەلەلایەن بەشی دانیشتوانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕێکخرابوو. ئاورەکان و کۆجبەران: بەشی هەوالگری و توێژینەو. ٦ و ٧ی ئەیلولی ٢٠٠٧.
http://2001-2009.state.gov/documents/organization/98032.pdf (accessed April 26, 2016), p.8.

[8] گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی. عێراق و کوردەکان: کێشەو ناکۆکیەکان بەدرێژای ڕووباری دیجلە. ڕاپۆرتی ژمارە ٨٨ی ئەو گرووپە لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩.
http://www.crisisgroup.org/en/regions/middle-east-north-africa/iraq-iran-gulf/iraq/088-iraq-and-the-kurds-trouble-along-the-trigger-line.aspx (accessed June 3, 2016), pp.7-17.

[9] گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی. عێراق و کوردەکان: ترسەکانی پاشەکشێ کردن. ڕاپۆرتی ژمارە ١٠٣ لە ٢٨ی مارسی ٢٠١١.
http://www.crisisgroup.org/~/media/Files/Middle%20East%20North%20Africa/Iraq%20Syria%20Lebanon/Iraq/103%20Iraq%20and%20the%20Kurds%20--%20Confronting%20Withdrawal%20Fears.pdf (accessed June 3, 2016), p.4.

[10] هیوا ڕەزا. "ماددەی ١٤٠. فیلەکەی سەر مێزی گفتوگۆ لەکاتێکدا کوردەکان و عێراقیەکان خەریکی ڕێکەوتنن لەسەر کێشەی نەوت." نیقاش ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤.
http://www.niqash.org/en/articles/politics/3593/ (accessed April 26, 2016).

***

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، بەرپرسانی دوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق هەستان بە کردنەوەی چەندین بنکەو بارەگاو پارتەکانیان لەو ناوچانەی جەماوەریان هەیە باشوری ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس ۆوچی ساڵی ٢٠٠٩ لە پارێزگای نەینەوا ئاشکرایکرد کە بەرپرسانی کورد سیاسەتی دوو فاقەی جێبەجێ دەکەن: لەلایەکەوە، دەستی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان بۆ کەمایەتیەکان درێژدەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی سەرکوتکردنیان دەدەن.[11] کەمایەتیەکانی دەشتی نەینەوا وەك شەبەك و یەزیدی و کلدۆئاشوریەکان ڕووبەڕوی تاکتیك و هەوڵە داپڵۆسێنەرەکانی بەرپرسانی کورد بوونەتەوە بە ڕەشبگیری و تۆقاندنی هەرکەسێك ڕازی نەبێت بە پلانەکانی کورد لە بەرفراوانکردنی دەسەڵاتیان لەو ناوچانە.[12] لە ١٠ی حوزەیراني ٢٠١٦، هادی هەڵەبجەیی کە فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە لەبارەی ناوچەکانی دەوورووبەری خازر لە پارێزگای نەینەوا کە دوو هەفتە پێشتر کۆنترۆڵکرابوونەوە ووتی "ئەم ناوچانە ئێستا کوردستانن و نایانگەڕێنینەوە بۆ سوپای عێراق و هیچ کەسێکی تر."[13]

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوێکە ڕاپۆرت لەبارەی چارەسەری جەنگ لە ئایاری ٢٠١٥ نوسیبووی:

> "پارتی و یەکێتی هەمان ستراتیژ پیادەدەکەن، بەڵام بەبێ هەماهەنگیکردن، بۆ زیادکردنی دەسەڵاتەکانیان لەو ناوچانەی باڵادەستن: پارتی لەدەشتی نەینەواوو ناوچەکوردیەکانی سنووری سوریا. یەکێتی لەپارێزگای کەرکوک و دیالە. تەنها لەکاتێکداهێزەکوردیەکان ئەو ناوچانەی عەرەبی سونەی تێدایەئازادی دەکەن ئەگەر ڕێکەون لەگەڵ بەرپرسەناوخۆییەکان لەسەر فراوانکردنی کۆنترۆڵیان و سەپاندنی دەسەڵاتیان والەدانیشتوانی ناوچەکەبکەن کەبۆپارێزگاریکردن گەڕانەوەیان و دابینکردنی پێداویستیە خزمەتگوزاریەکان تەنها پشت بەمان ببەستن."[14]

نەخشەیەکی سەر ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێم فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی کورد لە چەندین بەشی ناوچە جێناکۆکەکان نیشان دەدات.[15] لە چاوپێکەوتنێکی مانگی تەموزی ٢٠١٦، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرەڤان بارزانی ووتی، "ئێمە بڕیار لەسەر فراوانبوونی سنوورەکانمان دەدەین لەسەر بنەمای ئازادکردنی ئەو ناوچانە بە ئازایەتی هێزی پێشمەرگە. ئەگەر لە ناو عێراق بمێنینەوە یان سەربەخۆ بین یان بەشێك بین لە فیدراڵیەت و کۆن فیدراڵیەت، ئەولەویاتی سەرەکیمان دیاریکردنی سنوورەکەمانە."[16] بەپێی ووتەی فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، "هەموو ئەو ناوچانەی لەلایەن هێزی

---

[11] هیومان ڕایتس ۆوچ. لەسەر زەوویەکی هەستیار: توندوتیژی لەدژی کەمایەتیەکانی پارێزگای نەینەوای ناوچە جێناکۆکەکان، تشرینی دووەمی ٢٠٠٩..

https://www.hrw.org/report/2009/11/10/vulnerable-ground/violence-against-minority-communities-nineveh-provinces-disputed, p. 9.

[12] Ibid., p.5.

[13] محەمەد ساڵح، "ئایا شەڕی عێراق و کورد لە نەینەوا دەست پێدەکات؟
*Al-Monitor*, June 10, 2016, http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/06/iraq-nineveh-kurds-control-isis-army.html#ixzz4BXz46K1I (accessed June 13, 2016).

[14] گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی. پرچەك کردنی کوردەکان: شەڕی داعش، ڕێخۆشکردن بۆ جەنگ و پێکدادان. ڕاپۆرتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ١٥٨ لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٥.

http://www.crisisgroup.org/~/media/Files/Middle%20East%20North%20Africa/Iraq%20Syria%20Lebanon/Iraq/158-arming-iraq-s-kurds-fighting-is-inviting-conflict.pdf (accessed June 13, 2016), p.24.

[15] سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، "نەخشەی هەرێمی کوردستان" بەرواری لەسەر نیە.
http://www.presidency.krd/english/ndisplay.aspx?sm=5yBwBg+oqQY= (accessed June 13, 2016).

[16] دەنگی ئەمریکا. "تایبەت: سەرۆك وەزیرانی کورد دەڵێ هێشتا ئۆپراسیۆنی موسڵ لە قۆناغی پلانداناندایە." ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٦.
http://www.voanews.com/a/exclusive-kurdish-prime-minister-mosul-operation-planning-stage/3432751.html, (accessed September 28, 2016).

پێشمەرگەوە ئازادکراوون، هێزەکانمان لێی دەمێننەوە.[17] سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی، "هێزەکانمان لە پێشڕەوی کردن ناوەستن تا هەموو ناوچەکانی کوردستان لە نەینەوا ڕزگار دەکرێن".[18]

شێخ جەعفەر مستەفا فەرماندەی باڵای پێشمەرگە:

> لەبارەی ناوچەکانی باشوری پارێزگای کەرکوک لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت "هەموو ئەو گوندانەی لە مانگی ئابی ٢٠١٥ لە داقوق کۆنترۆڵمان کردوونەتەوە بەشێك بوون لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری سیاسەتی بەعەرەبکردن. ئەم زەویە زەوی کوردستانەو جارێکی تر فرسەتیان نادەینێ داگیری بکەن. ڕێگەنادەین جارێکی تر عەرەب ئەم خاکە داگیر بکات."[19]

[17] سوزانا جۆرج و قاسم عبدولزهرا. "هەرلە ئێستاوە شەڕی موسڵ بووەتە هۆی کێشانەوەی نەخشەی باکوری عێراق". ئەسۆشیەیت پرێس. ٢٧ی ئابی ٢٠١٦. http://bigstory.ap.org/article/5271b7f7d7e244e5a9be573ea8919058/mosul-fight-already-redrawing-map-northern-iraq (accessed September 13, 2016).

[18] Ibid.

[19] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ شێخ جەعفەر مستەفا. ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

# II. وێرانكردنی بیناو خانووبەره

بەپێی یاساكانی جەنگ وێرانكردن یان دەستگرتن بەسەر موڵكی دووژمن قەدەغەدەكەن، لەحاڵەتێكدا نەبێت كەزەرووریەتی سەربازی هەبێت وەک لەپێناسەی كۆمسیۆنی نێودەوڵەتی خاچی سووردا هاتووە، "زەروریەتی سەربازی بریتیەلەئەنجامدانی ئەو پێوەرانەی پێویستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی جە نك، بەڵام دەبێت یاسایی بن و بەپێی دە ق تەقالیدەكانی جەنگ بن."[20]

وێرانكاری كاتێك ڕێگەی پێدراوە كە زەروریەتی سەربازی لەپشتەوە بێت و ئەوەش نابێت كوێرانە بێت و دەبێت ئامانجەكە مەرامی ڕاستەوخۆی سەربازی هەبێت. ئەمەش تەنها سنووردارە بۆ كاتی جەنگ نەك بۆ بەكارهێنانی ئامانجی سەربازی ڕابردوو یان داهاتوو. هەروەها زەروریەتی سەربازی ڕێگە بە وێرانكردنی بەشێك یان تەواوی ناوچەیەك نادات وەك گەڕەكێك یان گوندێك گرنگ نیە مەوداكەی لە بەرەكانی شەڕەوە چەندبێت. ئەوانەی بەرپرسیارن لە وێرانكاری لەو جۆرەی موڵكي هاوولاتیان دەبێت لێكۆڵینەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بكرێت بە تۆمەتي ئەگەری ئەنجامدانی تاوانی جەنگ.

زۆرێك لەو شارۆچكەو گوندانەی كە هێزە كوردیەكان لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە داعشیان پاكردۆتەوە شوێنەواری وێرانكاریەكی بەربڵاویان پێوە دیارە و هەندێكیان ژیانیان تێدا نەماوە. لە زۆرێك لە كەیسەكاندا، ئەو وێرانكاریانە لەدوای كۆنترۆڵكردنی ئەو ناوچانە بووە لەلایەن هێزەكانی پێشمەرگەوە.

هیومان ڕایتس ۆوچ زانیاری لەسەر ٨٣ شارۆچكەو گوند كۆكردۆتەوەكەشوێنەواری وێرانكاریەكی زۆریان پەوەدیارە: ٦١ لەم گوندو شارۆچكانەلەپارێزگای كەركوكن و ٢١ یان لەپارێزگای نەینەوان و یەكێكیان بەناوی "ابو شیتا" لەپارێزگای هەولێرە. بۆ ئەم ڕاپۆرتە، هیومان ڕایتس ۆوچ لێكۆڵینەوەی لە٢١ لەو ٨٣ گوندو شارۆچكەیەكردووەكەتێیدا بەڵگەكان ئاماژەبەوێرانكاری نایاسایی دەكەن. (١٧یان لەپارێزگای كەركوک و چواریان لەپارێزگای نەینەوایە). لەو ٢١ شارۆچكەو گوندە، هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی ١٣ یانی كردووەكەشوێنەواری وێرانكاری زۆریان پێوەدیاربووە ( ٩ گوندو شارۆچكەیان لەپارێزگای كەركو ك و ٤ لەنەینەوا).[21] جگەلەوەش، چاوپێكەوتنمان لەگەڵ دانیشتوان و شایتحاڵانی وێرانكاریەكانی هەشت گوندو شارۆچكەی تر كردووە(هەموویان لەپارێزگای كەركوك).[22] حەوت لەو ١٣ شوێنەی سەردانیان كرا هیچ كەسێكی تەدا نەبوو.[23] لە ٦٢ گوندو شارۆچكەكانی تر، وێنەی مانگە دەستكردەكان وێرانكاریەكی زۆر نیشاندەدەن كە لە ئەنجامی ئاگرو ئامێری گەورەیو ماددەی تەقەمەنی بەهێز كە لە ڕووكاردا جیاوازە لەو وێرانكاریانەی لە ئەنجامی هێرشە ئاسمانیەكان و ئاگری گەورە ڕوویانداوە بەرلە كشانەوەی داعش لەم ناوچانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ووتەی شایەتحاڵان بۆ پشتڕاستكردنەوەی بەڵگەكان ناتوانین بگەینە دەرەنجامی كۆتایی لە چۆنیەتی ئەو وێرانكاریانەو بەرپرسیارانی لەم ناوچانە.

هیومان ڕایتس ۆوچ بۆی دەركەوت چەند هۆكارێكی جیاواز لە پشت وێرانكردنی ئەو بیناو خانووبەرانە هەبوون. بەپێی ووتەی دانیشتوانی شەش گوندو شارۆچكە، داعش هەستاوە بە تەقاندنەوەی هەندێك لە ماڵەكان بە تایبەت ماڵی بەرپرسە ئەمنیەكان.[24] هەروەها هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەكان چەند وێرانكاریەكی لێكەوتۆتەوە، ووتەی دانیشتوانی ٣ گوندو وێنەی مانگە دەستكردەكان ئەمە پشت ڕاست دەكاتەوە. لانی كەم لە گوندێك بەناوی " كوبیبە"

---

[20] كۆمسیۆنی نێودەوڵەتی خاچی سوور، كۆمێنتی ساڵی ١٩٨٧، یاسا سەرەتاییەكان، پرۆتوكۆڵی زیادەی پەیمانامەی جنێف لە ٢١ی ئابی ١٩٤٩ كە پەیوەستە بە پارێزگاریكردنی قوربانیانی جەنگە نێودەوڵەتیەكان (پرۆتۆكۆڵی I، لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٧٧، پەرەگرافی ١٣٨٩
https://ihl-databases.icrc.org/ihl/COM/470-750044?OpenDocument, (accessed September 29, 2016).

[21] هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی گووندەكانی ئیدریس هندیە قادیمەو ئیدریس خازەل و ئیدریس خوبازو مەكتەب خالیدو، ابو محەمەدو تل ڕەبیع و دیلیس قەرەتینێ و قۆشكایای لە پارێزگای كركوك كرد، لەگەڵ بارزان و باردیەو حەمەد ئاغاو شێخان لە پارێزگای نەینەوا.

[22] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپەكەوتنی لەگەڵ دانیشتوان و شایەتحاڵانی وێرانكاریەكانی الموراو شەهیدو نەهرەوان و ابو كوبا و سعدو خالیدو وحدە كرد كە هەموویان سەر بە پارێزگای كركوكن، بەڵام نەمانتوانی سەردانی گووندەكانی تر بكەین بەهۆی هۆكاری ئەمنیەوە.

[23] مكتب خالدو ابو محەمەدو تل ڕەبیع و دیلیس و بارزان، حەمەد ئاغا (بەشە عەرەبەكەی)، شێخان چۆڵ بوون لە دانیشتوانەكەی.

[24] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی كرد لەگەڵ گووندنشینانی الموراً لە پارێزگای كركوك، ٣ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٥: لەگەڵ گووندنشینانی بارزانكێ و باردیە. ٣ی ئابی ٢٠١٥: لەگەڵ دوكاندارێكی باردیە. باردیە ٣ی ئابی ٢٠١٥: لەگەڵ گووندنشینێكی وەحدە. عمر البن ختاب، ٢ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٥.

لە پارێزگای کەرکوك، هێرشە ئاسمانیەکان وێرانکاری زۆری لێکەوتوتەوەو بۆیە ئەم گوندەمان ڕیزبەند نەکردووە لە لیستی ئەو ٢١ گوندو شارۆچکەیەی کە تێیدا بۆمان دەرکەوت وێرانکاری نایاسایی تێیدا ڕوویداوە لە پاش کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.[25]

نزیکەی هەموو ئەو ٨٣ گوندو شارۆچکەیەی کە هیومان ڕایتس ۆوچ خەملاندنی بۆ وێرانکاریەکانی کردووە یان بەشێکی ئەو گوندو شارۆچکانە یان تەواویان لەگەڵ زەویدا تەخت کراوون. لە ئەنجامی ئەمەشدا، بە هەزاران ماڵ و خانووبەرەی هاووڵاتیان و بینای حکومی و مەدەنی وێرانبوون. لە پاش بەراوردکردنی وێنەی مانگە دەستکردەکان لە پێش و لە پاش ئەو بەروارانەی کە دانیشتوانی ناوچەکان ووتیان پێشمەرگە ناوچەکانیانی لە داعش کۆنترۆڵ کردۆتەوە، هیومان ڕایتس ۆوچ توانی کاتی ئەنجامدانی وێرانکاریەکان دەستنیشان بکات. لە زۆرێك لە شوێنەکان، وێرانکردنی بیناو خانووبەرەکان لەماوەی چەند هەفتە یان چەند مانگێك لە دوای کۆنترۆلکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن پێشمەرگەوە بووە. هیومان ڕایتس ۆوچ گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە وێرانکردنی خانووبەرەو بیناکان لە چەند شوێنێك بەهۆی ئاگر تێبەردانەوە بووە، بەشێوەیەکی گشتی بۆ وێرانکردنی خانووی یەك قات و بچووك ئاگر بەکارهێنراوە، بەڵام بۆ بیناو خانووبەرەی دوو قات و سێ قات ئامێری گەورەی و ماددەی تەقەمەنی بەهێز بەکارهێنراوە.

ئەفسەرانی پێشمەرگە لە داقوق بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە چەند بینایەکیان تەقاندۆتەوە لەبەرەوەی داعش مین و بۆمبی تێیاندا چاندوەو ئەوە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەخۆیان بووە. بەڵام، لە سێ گوند، مەحاڵبووە داعش مین و بوومبی چاندبێت لەبەرەوەی هەرگیز داعش ئەو شوێنانەی کۆنترۆڵ نەکردووە. لە دوو کەیسی تردا، داعش بۆماوەی کەمتر لە دوو ڕۆژ ئەو گوندانەی لەژێر دەستدا بووەو دانیشتوانی ئەو گوندانە ووتیان داعش لەو ماوەیەی گوندەکەیانی کۆنترۆڵکردووە هیچ بۆمبێکی نەچاندووەو بینیوویانە کە پێشمەرگە بیناکانی بە بلدۆزەر وێرانکردووە.[26]

شێخ جەعفەر مستەفا کە فەرماندەی میحوەری کەرکوک بووە، بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت لەسەدا ٨٩ی قوربانیانی هێزەکەی بەهۆی ئەو بۆمبانەوە بووە لەلایەن داعش چێنراون.[27] ئەو ووتیشی کە پێشمەرگەکانی لە توانایاندا بووە تەنها چەند بۆمبێك پوچەڵ بکەنەوە بۆیە پێشمەرگە هەستاوە" بە تەقندنەوەی ئەو بینایانە بە تی ئێن تی، بەتایبەت ئەگەر گومانی ئەوەیان هەبووبێت دووبارە داعش گوندەکە کۆنترۆڵ دەکاتەوەو ئەو بینایانە بەکاردەهێنێ".[28] عەقید ئیبراهیم کە فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە لە بەرەکانی پێشەوە لە داقوق ووتی، "هەندێك جار دەبوو لە دوورەوە ئەو بۆمبانە بتەقێنینەوە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆمان."[29]

عە قید ئیبراهیم کاري تیمە کاني لە دە ورو بە ري ئە لبو محە مە د, تە ل ربیع و دیلیس لە روزئاواي داقوق رونیکردە وە کوا بیشمە رکە کونترولي کردە وە لە ١٥ ئابي ٢٠١٥:

"تیمەکانی پوچەڵکردنەوەی مین قوربانیەکی زۆریانداوە لەبەرئەوەی ئەو بۆمب و مینانە زۆر پێشکەوتوون. بۆ نموونە، دوو شیشی کەبابمان دۆزیەوە نزیك لە تەنیشت یەکەوە لەسەر زەویەکە. ئەگەر لەکاتی پوچەڵکردنەوەدا بەحاڵ بەریەك بکەوتنایە مینەکە دەتەقێەوە. بۆ نموونە شێوازێکی تر، دوو وایەری نزیك لەیەك لەناو بۆریەکی پلاستیکدا. ئەگەر پێی پێدا بنێی یان بە سەیارە بەسەریدا بڕۆی. وایەرەکان بەریەك دەکەون و بۆمبەکە دەتەقێتەوە. ئەو بۆمبانەی تر کە دۆزیومانننەتەوە وایەری زۆر باریکیان پێوەیەو نایبینرێن بەسترابن بە دەرگاوە، کاتێك دەرگاکە دەکەیتەوە، دەتەقنەوە. هندێك جار هەموو بیناکە دەتەقێتەوە، بەڵام زۆرجاریش تەنها ئەو ژوورە

[25] هێرشە ئاسمانیەکان وێرانکاری بەرچاویان لێکەوتۆتەوە لە گووندی خوبەییە، گووندنشینێك ووتی. هیومان ڕایتس ۆوچ لە وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە کەلە ١٥ ی اەیلول و ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ تۆمارکراوون تێبینی زیاتر لە ٣٠ شوێنەواری کاولکاری هێرشی ئاسمانی لە خوبەییە کرد. هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ گووندنشینێکی گووندی خوبەییەی کرکوك کرد لە ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥. بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان هێرشی ئاسمانی تر کراونەتە سەر بارزانکێ و باردیەو وەحدەو سەعدو خالدیەو المورا. هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپەکەوتنی لەگەڵ گووندنشینی بارزانکێ و باردیە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥ کرد: هەروەها لەگەڵ گووندنشینانی وەحدەو سەعدو خالدیە، لە عمر البن ختاب، ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥، هەروەها لەگەڵ گووندنشینێکی المورا، کرکوك ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[26] چوار گووندەکە بریتین لە: ئیدریس خازەل و ئیدریس خوبازو ئیدریس هندیە قادیمە و المورا

[27] هیومان ڕایتس ۆوچ جاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ شێخ جەعفەر مستەفا، فەرماندەی فیرقەی ٧٨، سلێمانی ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[28] Ibid.

[29] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ کۆڵۆنیۆڵ ئیبراهیم، پێشمەرگە، داقوق. ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

دەتەقێتەوە. هەندێکی تریان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە دەتەقێنرێنەوە. داعش عەمودی کارەباکان دەبڕێتەوەو ناو ئەو عەمودانە پڕدەکات لە تەقەمەنی و لە کاتی تەقینەوەدا زەرەروزیانێکی زۆری لێدەکەوێتەوە."[30]

لیوا ئاراز عبدولقادر عبدولڕەحمان، فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە داقوق بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت لەبەرەوەی داعش ژمارەیەکی زۆر ماڵی بۆمبڕێژ کردووە، "گوندەکان تۆپباران دەکەین بۆ تەقاندنەوەی ئەو بۆمبە چێنراوانە بەرلەوەی بچینە ناویان."[31]

هەر شتێك لەکاتی دەست بەرکەوتن بتەقێتەوە مین لەقەڵەم دەدرێت، کە بەپێی پەیماننامەی قەدەغەکردنی مینی ساڵی ١٩٩٧ قەدەغەکراوە. بەڵام لە پێناو بە یاسایی بوونی وێرانکردنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان دەبێت هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاساوو زەرورەتی سەربازیان نیشانبدەن. زەرورەیەتی سەربازی مانای ئەوەیە بەدیل نەبێت بۆ وێرانکاریەکی کەمتر لە بەدەستهێنانی ئامانجە سەربازیەکە و دەبێت ئۆپراسیۆنە سەربازیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شەڕەکەوە یان پلانی شەڕەکەوە هەبێت. وێرانکردنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان بەبێ بەڵگەی دروست لەسەرەوەی ئایا بە مەبەستی سەربازی بەکارهێنراوون یان بەکاردەهێنرێن نایاساییە.

هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سێ بەرپرسی ڕێکخراوی پوچەڵکردنەوەی مین کە ئەزموونیان لەکارکردن لە باکوری عێراق هەیە قسەی کرد. هەرسێ بەرپرسەکە کۆك بوون لەسەر ئەوەی لە زۆرێك لەحاڵەتەکاندا باشتر وایە ئەو ناوچانە بە تەواوی و هەموو گوندەکە ئەگەر پێویستی کرد گەمارۆبدرێن و ڕێگەی چوونەناوەوە بەکەس نەدەن و دواتر هەوڵبدرێت بە ووریاییەوە مینەکان پوچەڵ بکرێنەوە، لەبەرەوەی تەقاندنەوەی بە کۆمەڵی مینەکان دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی پارچەو وێرانکاری و دروستکردنی مەترسی پاشان پاککردنەوەیان لە داهاتوودا سەلامەت و ئاسان نابێت.[32]

هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادار نیە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕاینەگەیاندووە کە هێزەکانی پێشمەرگە پێگەی سەربازی لەناو ئەو گوندانە دادەمەزرێنن (بۆ نموونە وەك ئەوەی لە گوێرو ابو شیتە سەربە پارێزگا هەولێر کردوویانە کە لەوێش وێرانکاری کراوە). وێرانکاری گوندو شارۆچکەکان لە پاش کۆنترۆڵکردنەوەیان لەلایەن پێشمەرگە بە چەند هەفتەو مانگێك ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو مین و بۆمبە چێنراوانە لە گوندەکان ئاستەنگی سەربازیان دروست نەکردووە کە پاککردنەوەیان پێویستیەکی حەتمیە. خاپوورکردنی بیناو تەواوی گوندەکان لەپێناو ڕێگرتن لە کەوتنەوەی قوربانی تیمەکانی مین پوچەڵکردنەوە بیانووی ڕازیکەرنین لەسەر ئەوەی کە ئەو وێرانکاریانە سوودی سەربازیان هەبووە لەوکاتەدا. هێزەکانی پێشمەرگە دەیانتوانی ئەو ناوچانە گەمارۆبدەن لەپێناو پارێزگاریکردن لەژیانی هێزەکانیان و ئەندامانی تیمی مین پوچەڵکردنەوە.

لە وەڵامەکەی ٢٦ی ئازاری ٢٠١٦ی بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی کە هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و شەڕوێکدادانەکانی نێوان داعش و پێشمەرگە بوونەتە هۆی وێرانکردنی هەندێك لە بیناکان (تەماشای خوارەوە بکە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر). لە ٤ی نیسانی ٢٠١٦، لەدوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی هیومان ڕایتس ۆوچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لەسەر پێشێلکاریەکانی هێزی پێشمەرگە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە دامەزراندی کۆمیتەیەك بۆ سەردانکردنی شوێنەکان و لێکۆڵینەوە لە وێرانکاریە نایاساییەکان.[33]

---

[30] Ibid.

[31] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئاراز عبدولقادر عبدولڕەحمان، فەرماندەی پێشمەرگە لە ناوچەی داقوق کرد. بارەگای پێشمەرگە لە داقوق، ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[32] هیومان ڕایتس ۆوچ لەڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ سێ پسپۆری مین پوچەڵکردنەوە قسەی کرد کە خوزیار بوون ناویان بڵاونەکرێتەوە. ئەندامێکی تیمی مین پوچەڵکردنەوە لە دامەزراوەی سوویسرا بۆ چالاکی مین کە خەڵکی ئوستراليا بوو لە ١٧ی مایزی ٢٠١٦ لە ڕۆژئاوای داقوق بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی چێنراو گیانی لەدەستدا. مات براوون کە ئوسترالیەکی پسپۆر بوو لە بواری مین پوچەڵکردنەوە گیانی لەدەستدا لەکاتی پوچەلکردنەوەی بۆمب لە عێراق. کەناڵی ABC ئوستراليا، ١٨ی مایزی ٢٠١٦.
http://www.abc.net.au/news/2016-05-18/australian-killed-in-iraq-while-trying-to-defuse-bomb/7423694 (accessed June 3, 2016).

[33] کوردستانی عێراق: ئاوارە عەرەبەکان، گەمارۆدان و دەستگیرکردن،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٥ی شووباتی ٢٠١٥.
https://www.hrw.org/news/2015/02/25/iraqi-kurdistan-arabs-displaced-cordoned-detained, and Amnesty International, “Iraq: Banished and Dispossessed: Forced Displacement and Deliberate Destruction in Northern Iraq,” January 20, 2016, https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/3229/2016/en/ (accessed June 15, 2016).

لەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بە دەرەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کۆمیتەی بەداوداچوونی ڕاستیەکانی حکومەتی هەرێم دەکەین کە لە ڕێکەوتی ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٦ نێردرا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ. دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە لە ٢٥ی ئایاری ٢٠١٦ بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، ڕەنگە حکومەتی هەرێم قەرەبووی ئەو کەسانە بکات کە خانووەکانیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕووخێنراون.[34] لە١٩ی ئایاری ٢٠١٦، فواد حوسەینی ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بەهیومان ڕایتس ۆوچی ووت،ڕووخانی بیناو جیکاریکردن لەدژی عەرەبەکان بەشێک نیەلەسیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕەنگە"چەند هەڵەیەک" ڕوویاندابێت.[35] لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ هیومان ڕایتس ۆوچ لە٢٨ی تەموزی ٢٠١٦ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشێلکاری هێزەکانی حکومەتی هەرێمي کوردستان، سەرۆک بارزانی ووتی، "ئەمڕۆ داعش هەموو یاسایەکی شکاندووە، تاوانەکەیان ئەوەندەگەورەیەوایکردووەهەندێک لەخەڵکەکانمان لەفەرمان و ڕێنمایی خۆیان زیاتر ڕۆیشتبن."[36]

## پارێزگای کەرکوک

ووتەی شایەتحاڵان و وێنەی مانگە دەستکردەکان و سەردانی شوێنەکان ئاماژە بە وێرانکاری نایاسایی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان لە ١٧ گوندی پارێزگای کەرکوک دەکەن لەپاش کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لە چەند کاتێکی جیاوازی ساڵی ٢٠١٥دا. لەگەڵ وێرانکاری چەند شوێنێکی تر لە ساڵی ٢٠١٦. بڕیارماندا لەسەر بنەمای ئاماژەی سەرەتای وێرانکاریەکان و جیاوازی شوێنەکان لێکۆڵینەوە لەم ناوچانە بکەین. پێداچوونەوەی وێنەی مانگە دەستکردەکان و ووتەی هەندێك خەڵك کە بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ نێردراوە ئاماژە بەوەدەکەن ڕەنگە ژمارەیەکی زیاتر لە گوندەکانی پارێزگای کەرکوک لەم ماوەیەدا وێرانکرابن. وێنەی مانگە دەستکردەکان دیمەنی زیاتر لە ٦٠ گوندی وێرانە یان بە تەواوی وێرانبوو بە تەنها لە پارێزگای کەرکوک نیشان دەدەن.

کۆمیتەی بەداوداچوونی ڕاستیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی بەوەنا کە وێرانکاری لە پارێزگای کەرکوک کراوە، بەڵام ڕایگەیاند "کە هیچ خانووبەرەیەك بە ئەنقەست نەڕوخێنراوەو ئەو شوێنانەی وێرانکراوون تەنها لە دەرەنجامی نەخوازراوی شەڕەوە بووە" بەتایبەت هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و مینڕێژکردنی ماڵەکان لەلایەن داعش و تۆپباران و هاوەن. هەروەها کۆمیتەکە نووسیبووی، "هۆکارێکی تری وێرانکاریەکانی بەشێك لەو گوندو ناوچانە بوونی میلیشیای چەکدارو هاووڵاتی گێرەشێوێن بوون کە پەیوەندیان بە هێزەکانی حکومەتی هەرێمەوە نەبووە".

### ڕۆژئاوای شاری کەرکوک

***قەرەتەپە***

خاپوورکردنی بیناو خانووبەرە بە بلدۆزەر لەلایەن هێزە ئەمنیەکان لە لانی کەم لە گوندێك بەم دواییانە لە مانگی ئایاری ٢٠١٦.

لە قەرەتەپە کە نزیکەی ٢٦٠٠ دانیشتووی عەرەبی تێدایەو بە دووری ١٤ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کەرکوک، ژمارەیەك لە هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی کەرکوکلە بەرەبەیانی ٥ی ئایاری ٢٠١٦ دەگەنە گوندەکە. ئەمەش ڕۆژێك پاش ئەوە بووە کە هێزەکانی ئاسایش ٤٢ گوندنشین دەستگیر دەکەن بە تۆمەتی تێوەگلانیان لە تەقینەوەیەك کە ڕۆژێك پێشتر لە هەردوو بیرە نەوت و غازی خەبازی نزیك گوندەکە ڕوویدابوو.[37]

---


[34] چاوپێکەوتنی هیومان ڕاوتس ۆوچ لەگەڵ دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی لەو بانگەشانەی لەلایەن هیومان ڕایتس ۆوچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کراوون. هەولێر ٢٥ی مایزی ٢٠١٦.

[35] چاوپەکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ فواد حسین ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی، هەولێر ١٩ی مایزی ٢٠١٦.

[36] کۆبوونەوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی، سەری بڵند، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٨ی تەمووزی ٢٠١٦.

[37] بەختیار گۆران، "بیرە نەوتەکانی کرکوك هێشتا دەسوتێن. " کەناڵی کوردستان ٢٤، ٢٣ی مایزی ٢٠١٦.

http://www.kurdistan24.net/en/news/f9c83ab6-d018-45f3-b41f-ecfa8c355d7f/Kirkuk%E2%80%99s-oil-fields-are-still-on-fire (accessed, May 31, 2016).


Building Demolitions in Villages, Kirkuk Governorate
Qoshkaya
Dibis
Kharabrud
Chiragh
Dauram
Ismail Awa
Qarah Tappah
Idris Khubbaz
Kubaiba
Sakhrah
Idris Khaz'al
Multaqa
Qadima
Kirkuk
Nasiriyah
Buwaitir
Mansuriyah
Sadda
Qarah Bayt
Al Bahar
Jamil
Maktab Khalid
Tall al Warad
Al-mar`e
Abu Ka'ub
Al-Murra
Nahrawan
Shahid
Yarmuk
Maryam Bek
Nawafil
Hawija
Hamadiyah
Maraghah
Shamsiyah
Alshahid
Jididi
Bushayriyah
Judaida
Tawila'a
Khalid
Wahda
Musa Koy
Sa'd
Al-Azairiya
Khirbat Wiham
Daquq
Atshana
Nasrulla
Al-Huriya
Banshakh
Kabeer
Shakhaniya
Tel Rabi
Arab Koy
Gumbas
Yusifiya
Upper Dilis
Albu Muhamad
Albu Tatu
Lower Dilis
al Aida
Smud
Building demolition
Peshmerga security barrier
10 KILOMETERS

گوندنشینەکان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە بینیوویان ئەفسەرێکی ئاسایش بەناو گوندەکەدا دەگەڕاو بە بۆیاخی سوور هێمای (x)ی لە زیاتر لە ٢٤ ماڵداو پاشان دواتر بۆیان دەردەکەوێت ئەو هێمایانە بە مەبەستی وێرانکردنیان بووە.[38] دانیشتوانی قەرەتەپە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە هێزەکانی ئاسایش ڕۆژێك پێشتر لە کێڵگەیەکی نزیك گوندەکە کۆیانکردونەتەوە وکەسێك کە دەمووچاوی بە ماسك شاردبوویەوە دەستی بۆ هەر پیاوێك ڕابکێشایە هێزەکانی ئاسایش دەستگیریان دەکرد. دواتر، هێزەکانی ئاسایش فەرمان بە خەڵکەکە دەکەن بگەڕێنەوە ناو ماڵەکانیان و لەکاتی گەڕانەوەداو هەمان ڕۆژ تێبینی هێمای سەر خانووەکان دەکەن.

بەپێی ووتەی دانیشتوانی گوندەکە، چوار کەس بە جل و بەرگی سەربازیەوە لەناو جواربلدۆزەرەکاندا دەست بە وێرانکردنی خانووە هێماکراوەکانی ناو گوندەکە دەکەن و تێکڕا ٢٨ خانوو دەڕوخێنن: ١٦ لەو خانووانە کۆنکرێتی بوون ١٢ خانووی تریان گڵ بوون، گوندنشینەکان ووتیان.[39] لە گەشتێکی کورتدا بەناو گوندەکە، هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی ١٨ خانووی ڕووخاوی کرد. پاشماوەی دیواری هەندێك لە خانووە ڕووخاوەکان هێشتا هێمای (x) کەیان پێوەدیاربوو. جگەلەوەش، توێژەران تێبینی جێ شوێنی تایەی گەورەیان لە نزیك خانووە ڕووخاوەکان و سووچی دیواری دوو خانووی سەر ڕێگایەکی تەسك کرد. دانیشتوانی گوندەکە ووتیان، لەبەر تەسکی کۆڵانەکە بیلدۆزەرەکە گیری خواردبوو بەئاسانی پێیدا تێنەدەپەڕی.[40] گوندنشینەکان ووتیان، خاوەنی خانووە ڕووخاوەکان ئەو کەسانە نەبوون کە ڕۆژێ پێشتر بە گومانی تەقاندنەوەی دوو بیرە نەوتەکە دەستگیر کرابوون، بەڵکو خاوەنەکانیان بە ووتەی دراوسێ و کەس و کاریان ئەوانە بوون کە پەیوەندیان بە (داعش)ەوە کردووە.[41]

سێ گوندنشین بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە لە گوندەکەیان مابوونەوەو لەوێ ڕەوەندی مەلا محەمەد مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان لە کەرکوکبینیبوو لە شوێنەکەو گوێیان لێبووە کە فەرمانی بە وێرانکردنی خانووەکان داوە. گوندنشینەکان ووتیان کە ئەفسەرانی ئاسایش بەناوی ڕەوەند محەمەد بانگیان دەکرد.[42]

وێرانکردنی خانووەکانی قەرەتەپە پەیوەندی بە ئۆپراسیۆنی سەربازییەوە نەبووە لەدژی داعش و دەردەکەوێ هێرشکردن بووبێتە سەر موڵك و ماڵی هاوولاتیان کە پێشێلکاریە لە مافە نێودەوڵەتیە مرۆییەکان.

لە پەیوەندیەکدا لەگەڵ دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی پێداچوونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٦، ناوبراو ووتی، ١٨ خانوو کە خاوەنەکانیان چەکداری داعشن ڕوخێنراوون، ١٠ خانووی تر هێمای (x) یان لێدراوە "لەلایەن سەرۆك و دانیشتوانی تری گوندەکەوە". هەروەها ووتیشی کە ڕووخانی هەندێکی تر لە خانووەکان بەهۆی ئەوە بووە کە هێزەکانی ئاسایش نەیانتوانیوە بۆمبەکانی ناوی پوچەڵ بکەنەوە.[43] لە وەڵامێکی جیاوازدا سەبارەت بە قەرەتەپە، فەلاح مستەفا بەکر ووتی، "هێزە کوردیەکان ٢٠ خانوویان تەخت کردووە کە خاوەنەکانیان تیرۆرست بوون و زۆرێکیان هێشتا چالاکن لەنێو ڕیزەکانی دە ولە تي ئیسلامي."[44]

---

[38] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپەکەوتنی لەگەڵ نزیکەی ١٥ گووندنشین کرد، قەرەتەپە، ٢٩ی مایزی ٢٠١٦.

[39] Ibid.

[40] بەپێی ووتەی ١٠ لە گوندنشینەکان، خاوەنی خانووە ڕوخاوەکان: جلال نووری خەلەف، لەگەڵ ٥ خانووی خزمەکانی لە بەشی باکوری قەرەتەپە. لەبەشی ڕۆژئاوای گوندەکە خاوەنی خانووەکان ئەم کەسانە بوون؛ مەجید محەمەد جادو، عدنان محەمەد جادو، عومەر جادو؛ هەروەها لەبەشی باشوری ڕۆژئاوا خاوەنی خانووەکان بریتی بوون لە محەمەد خەلەف جادو لەگەڵ براکەی جاسم محەمەد خەلەف. گوندنشینەکان ووتیان، هەموو ئەم پیاوانە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ پەیوەندیان بە داعش کردووە. هێزەکانی ئاسایشی کوردستان هەستاوون بە ڕووخانی خانووەکانی محەمەد خەلەف جادوو، حارس عمر جادو، کە بە ووتەی خزمەکانیان کەسی دووەم لە ئاسایشی هەولێر بەندە. ژنانی گوندەکە ووتیان، خانووی حوسین خەلەف جادو هێما کرابوو بۆ وێرانکردن، بەڵام لەبەر تەسکی شەقامەکە، بلدۆزەرەکە نەگەیشتە خانووەکەی. لەکاتی سەردانەکەی هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ گوندەکە هێشتا ئاسەواری شوێنی تایەیەکان بە دیواری ماڵەکانەوە دیاربوو کە ئەوەش ووتەی ژنەکانی پشتڕاست دەکردەوە. لە باشوری دەروازەی گوندەکە لە نزیك بارەگای پێشمەرگە خانووەکانی شحاح ئەحمەد جاسم و تەها ساڵح جومعە کە لە گوندەکەدا مابوونەوە، ڕوخێنرابوون.

[41] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپەکەوتنی لەگەڵ نزیکەی ١٥ گوندنشین کرد لە قەرەتەپە لە ٢٠ی ئایاری ٢٠١٦.

[42] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ٣ گوندنشین کرد، قەرەتەپە ٢٠ی ئایاری ٢٠١٦. ڕەوەندی مەلا محەمەد، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکوک ، وەڵامی ئەو پرسیارەی داینەوە لە ڕێگەی تەلەفۆن و مێسجەوە کە ئایا ئەو لەو شوێنە ئامادەبووەو فەرمانی داوە بە وێرانکردنی ئەو خانووانەو هۆکاری ئەمنی چیبووە لەپشت ئەو وێرانکاریانەوە، ئەو ووتی لە کاروباری ئاسایش تێوەنەگلاوە، بەڵام وەك میدیاکار بۆ پارتێکی سیایسی کاریکردووە. ئاڵوگۆڕی تێکست مێسج لەگەڵ ڕەوەند مەلا محەمەد، ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٦.

[43] دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی پێداچوونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەرواری نامە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦.

[44] فەلاح مستەفا بەکر، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەرواری نامە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦.



*سووتانی بیرە نەوتیەکان کە لە قەرەتەپەوە دەبینرێن لە ٢٠ ئایاری ٢٠١٦. © ٢٠١٦ هیومان ڕایتس ۆوچ*

گوندنشینەکان ووتیشیان کە بینیوویانە کە ئەفسەرانی ئاسایش زیاتر لە ٢٠٠ سەر مەڕو, دوو ئەسپ , ولە یە کیك لە کیلکە کان ١٠ تا ١٥ ملیۆن دیناری عێراقی (٨٤٠٠ تا١٢٦٠٠ دولاري ئە مریكي) نرخي ئاليكي ئازە ليان دزيوە.[45] ژنێك ووتی لە ٥ی ئایار بینیوویەتی کە هێزەکانی ئاسایش هەستاوون بە تاڵانکردنی سەلاجەو تەلەفزیۆن و تەبریدێك وجە ند قوتوی بچوك لە ماڵەکەی.[46] زێباری ووتی، "هێرشی پێچەوانە لە شێوەی تاڵانی" ئەنجامدراوە لەوەڵامی کوژرانی چوار هاووڵاتی گوندەکە لەلایەن داعش.

---

[45] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپەکەوتنی کرد لەگەڵ خاوەنی مەڕوماڵات و دوو ئەسپەکە کردوهەروەها لەگەڵ دوو گوندنشینی تر کە خاوەنی مەڕوماڵات بوون. قەرەتەپە ٢٠ی ئایاری ٢٠١٦.

[46] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ سێ ژن کرد. قەرەتەپە ٢٠ی ئایاری ٢٠١٦.



*خانوویەکی وێرانکراو بە بلدۆزەر لە قەرەتەپە لە مانگی ئایاری ٢٠١٦. © ٢٠١٦ هیومان ڕایتس ۆوچ*



*خانووی وێرانکراو لە قەرەتەپە کە هێشتا هێمای (X)سوري ی پێوە دیارە، ٢٠ی ئایاري ٢٠١٦. © ٢٠١٦ هیومان ڕایتس ۆوچ*

***گوندەکانی ئیدریس***

گوندەکانی ئیدریس خە زعل و ئیدریس خوبازو ئیدریس هندیە قە دیمە بە دووری ٨ کیلۆمەتر دەکەونە باشوری ڕۆژئاوای قەرەتەپە. بەپێی ووتەی دانیشوانەکەی کە لەگەڵ هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنیان کرد، لە شەوی ٣٠\٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، داعش دەست دەگرێت بەسەر ئیدریس خە زعل و ئیدریس خوباز، بەڵام نەیتوانیوە ئیدریس هندیە قە دیمە کۆنترۆڵ بکات. دانیشتوانی ئەو گوندانە ووتیان کە نەیاندیووە داعش خانووەکان بۆمبڕێژ بکات. کاتێك هێزەکانی پێشمەرگە لە ئێوارەی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ گوندەکانیان کۆنترۆڵکردەوە، فەرمانیان بەو گوندنشینانەی لەناو گوندەکەدا مابوونەوە کرد گوندەکە جێبهێڵن.[47] بەپێی ووتەی شایەتحاڵان، ژمارەیەك لە پێشمەرگەو ئاسایش و هاوولاتیانی کوردی ژێر ڕێنمایی هێزەکانی پێشمەرگە هەستان بە رووخانی خانوو بیناکانی هەرسێ گوندەکە بە بیلدۆزەر.[48] گوندنشینەکان ووتیان ئەو کاتە سەرەتای وێرانکاریەکانیان بەدیکرد کاتێك پێشمەرگە فەرمانی پێکردن گوندی ئیدریس خە زعل و ئیدریس هندیە قە دیمە جێبهێڵن. ئەمە جگەلەوەی پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە هەردوو خاڵی پشکنینەکەوە کە کەمتر لە ٥٠٠ مەتر دوورن لە سێ گوندەکەوە گوندنشینەکان تێبینی وێرانکاری زیاتر دەکەن.[49] ژمارەی خانووەکانی هەریەك لەم گوندانە لە نێوان ٧٠ تا ١٠٠ خانوودا بووەو دانیشتوانەکەی عەرەبی سونەن.[50] وێنەی مانگە دەستکردەکانی بەرواری ٥ و ١٤ی شوباتی ٢٠١٥ کە پاش کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکە بووە لەلایەن پێشمەرگەوە وێرانکاری لە بەشێکی زۆری هەر سێ گوندەکە ئیدریس خە زعل و ئیدریس خوباز و ئیدریس هندیە قە دیمە نیشاندەدەن، لە وێنەکانەوە دەردەکەوێ وێرانکاریەکان بە ئاگرو ئامێری گەورەی و ماددەی تەقەمەنی بووە.

گوندنشینەکان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، لە شەوی ٣١ی کانوونی دووەم و لەکاتی جێهێشتنی گوندی ئیردیس خە زعل بارهەڵگری گەورەیان بینیووە کە بلدۆزەری تێدابووە بەرەو گوندەکە ڕۆیشتوون لەو کاتەدا گوندەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدا بووە.[51] لە ١ی شوبات چەند گوندنشینێکی تر ووتیان کە لە خاڵێکی پشکنینی پێشمەرگەی نزیك لە گوندی ئیدریس خە زعل بوون و لەوێوە بینیوویانە کە بلدۆزەر خانووی گوندەکەی دەڕووخاند.[52] لە ٣ی شوبات گوندنشینی زیاتر هاتوونەتە خاڵی پشکنینەکەو لەوێوە وێرانکاری ناو گوندکەیان بەدی کردووە.[53]

گوندنشینێکي ئیدریس خە زعل بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لە ٣ی شوبات نزیکەی ١١ پیاوی چەکداری بینیووە کە جل و بەرگی کوردیان لەبەردابووەو بە کوردی قسەیان کردووە خەریکی تاڵانکردن و سووتان و وێرانکردنی ماڵەکان بوون بە بلدۆزەر.[54] ئەو گوندنشینە ووتی کە بەشەخسی نە قیب ڕزگاری ناسیووەو لە بارودۆخەکە ئاگاداری کردۆتەوە، بەڵام نە قیب ڕزگار پێی ڕاگەیاندووە هیچ دەسەڵاتێکی نیە لە ڕێگریکردن لە ڕووخانی ئەو خانووانە.[55]

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥، هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی گوندەی ئیدریس خە زعل کردو تێبینی کرد کە نزیکەی هەموو ٧٠ خانووەکەی ناو گوندەکە وێرانکراون. ئاسەواری سووتان بە هەندێك خانووهەموو کەلوپەلەکانی ناویانەوە دیاربوو. گوندنشینەکان بە هیومان ڕایتس ووج ووتیان کە دوو خانوو هەر یە ك لیان لە

---

[47] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ نزیکەی ١٥ گوندنشینی ئیدریس خازەل و ئیدریس خوبازو ئیدریس هندیە قادیمە لە گوندەکانیان کرد لە ٢٤ی تشرینی دووەمی٢٠١٥.

[48] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوو گوندنشین کرد لە گوندی ئیدریس خازەل لەگەڵ سێ گوندنشین کە شایەتحاڵی ڕووداوەکانی ناو ئیدریس خوباز بوون هەروەها نزیکەی ١٠ گوندنشین لە گوندی ئیدریس هندیە قادیمە.

[49]هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ نزیکەی ١٥ گوندنشینی ئیدریس خازەل و ئیدریس خوباز لە گوندەکانیان کرد لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[50] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەنتنی لەگەڵ ڕیش سپیەکی گوندی ئیدریس خازەل کرد لە کەرکوکلە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[51] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوو گوندنشین کرد لە ئیدریس خازەل لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[52] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپەکەوتنی لەگەڵ دوو گوندنشین بە جیا کرد لە ئیدریس خازەل لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[53] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕیش سپیەکی گوندی ئیدریس خازەل کرد کە لە خاڵی پشکنینی دەروازەی گوندەکە بووە. کەرکوک ، ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[54] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕیش سپیەکی گوندی ئیدریس خازەل کرد لە کەرکوکلە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[55] Ibid.

كوتاي لايكي كوندي ئيدريس خه زعل بونه و ئۆتۆمبێلێكاني  داعش بەر هێرشی ئاسمانی كەووتوه. و پێشمەرگە ناو گوندەكەی تۆپباران كردووه، بەڵام وێرانكاری زۆریان لێنەكەوتۆتەوه.[56]



*ماڵێكی ڕووخاو بە بلدۆزەر لە گووندی ئیدریس خازەل لە پاش ١ ی شوباتی ٢٠١٥. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ*



*یەكێك لەو دوو خانووەی بەرهێرشی ئاسمانی كەوتوون لە ئیدریس خه زعل كوا سەرباني روخاوه. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ*

[56] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی كرد لەگەڵ سێ گوندنشین لە ئیدریس خازەل لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

گوندنشینێك كە لە ماوەی ٣٦ كاتژمێری داگیركردنی گوندی ئیدریس حە زعل لەلایەن داعش لەناو گوندەكە مابوویەوە ووتی، داعش هەندێك شتی ناو گوندەكەیان برد، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی تاڵانیان نەكردوو خانووەكانیان نەڕووخاند. تۆپبارانی هێزەكانی پێشمەرگە زەرەروزیانی بە چەند ماڵێك گەیاندو هێرشە ئاسمانیەكانیش دوو خانوویان لە هەردوو دەروازەی گوندەكە ڕووخاند لەگەڵ تێكشكانی ئۆتۆمبێلێكی چەكدارانی داعش.[57]

گوندنشینێكی تری گوندی ئیدریس خە زعل ووتی، لە ٣١ی كانوونی دووەمی ٢٠١٥ پێشمەرگە فەرمانیان پێكرد ئیدریس خە زعل جێبهێڵێ، كاتێك دوای سێ ڕۆژ بۆ یەكەم جارو بۆماوەیەكی كورت دەگەڕێتەوە ناو گوندەكە دەبینێ خانووەكان ڕووخاوون هەندێكی تریان سووتاوون. ئەو گوندنشینە ووتی لە پاش فەرمانێكی نەجمەدین كەریمی پارێزگاری كەركوكو دوای ١٠ ڕۆژ توانیبووی بە یەكجاری بگەڕێتەوە ناو گوندەكە، بەڵام بۆی دەركەوتبوو كە گوندەكە وێران بووە.

لە ئیدریس خوباز كە بەدووری ١ كیلۆمەتر دەكەوێتە باكوری ئیدریس خە زعل و ژمارەیەكی زیاتری خانوو بیناكانی وەك خۆیان مابوونەوە. گوندنشینێك بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لە خاڵی پشكنینی دەرەوەی گوندی ئیدریس خوبازەوە چەند بیلدۆزەرێكی بینیووە خەریكی وێرانكردنی خانوو بینای گوندەكە بوون لەپاش گرتنەوەی گوندەكە لەلایەن پێشمەرگە لە ٣١ی كانوونی دووەم.[58]

لە گوندی ئیدریس هندیە قە دیمە كە بە دووری ٢ كیلۆمەتر دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئیدریس خە زعل ، گوندنشینەكان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، هەرچەندە داعش بە هیچ شێوەیەك نەهاتووەتە ناو گوندەكەیان، هێزەكانی پێشمەرگەو ئاسایش لەگەڵ هاوڵاتیە كوردە چەكدارەكان بەشێكی زۆری گوندەكەیان وێرانكردوون ئەمە دوای ئەوەی لە ٣١ی كانوونی دووەم فەرمانیان پێكراوە گوندەكەیان چۆڵبكەن.[59] پیاوێك ووتی كاتێك هەوڵیداوە چەكدارێك بە جل و بەرگی سەربازیەوە بووەستێنێ لە ڕووخانی دووكانەكەی بە بلدۆزەر، چەكدارەكە لولەی تفەنگەكەی ئاراستە كردووەو هەڕەشەی لێكردووەو پاشان دووكانەكەی تەخت كردووە. چەكدارەكان جل و بەرگی مەدەنی و پێشمەرگەو ئاسایشیان لەبەر بووەو بە زمانی كوردی قسەیان كردووە، گوندنشینێك ووتی، بەڵام بە زمانی عەرەبیش قسەیان لەگەڵ گوندنشینەكان دەكرد لەكاتی جۆڵكردنی گوندەكە.[60]

گوندنشینێكی تر ووتی كە چوار بلدۆزەری زە ردي پێشمەرگەی بینیووە بەرەو گوندەكە هاتوون. ئەو گوندنشینە ووتی لە ٦٠ خانوو نزیكەی ٣٠ خانوویان ڕووخاند.[61]

لە وەڵامەكەی مانگی ئازاری ٢٠١٦دا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، حكومەتی هەرێمي كوردستان نووسیبوی، لەو سێ گوندە داعش "نەیتوانیوە گوندەكە مینڕێژو و بۆمبڕێژ بكات لەبەرەوەی هێزەكانی پێشمەرگە بەخێرای هێرشی پێچەوانەیان ئەنجامداوە بۆ ئازادكردنەوەی ئەو گوندانە."[62] بەڵام لە وەڵامەكەی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ یدا، حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕایگەیاند كە "شێخێكی (گوندی ئیدریس هندیە قە دیمە ووتویەتی تەنها هۆكار لە پشت ئەو وێرانكاریانە بۆمبە چێنراوەكانی دە ولە تي ئیسلامي و شەڕو پێكدادان بووە لە نێوان هێزەكانی پێشمەرگەو دە ولە تي ئیسلامي" . سەبارەت بە ئیدریس خە زعل ، حكومەتی هەرێمي كوردستان ڕایگەیاندبوو "كە سەرۆك هۆزێكی عە رە بي ئەو ناوچەیە" ووتویەتی كە هێرشە ئاسمانیەكاني هاوپەیماني و بۆمبە چێنراوەكان " بە ناجاري تە قیە وە لە كاتي باكردني لە لایان تیمە كاني ئە ندازیاران" هۆكاری وێرانكردنی سێ لەسەر چواری ئەو ٨٤ مولكانە بوون. حكومەتی هەرێمي كوردستان ئاماژەی بەو ٢١ خانووە وێرانبووانەی ترنەكردبوو یان باسی لەوە نەكردووە بۆچی "ناچار بوون" ئەو بۆمبە چێنراوانە بتەقێننەوە. سە بارت بە ولام داني حكومە تي هە ریمي كوردستان بو هوكاري ویران كە ردني ئیدریس خوباز "كە لە شیوە ي ئیدریس خە زعل بوە."

---

[57] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی كرد لەگەڵ گوندنشین لە ئیدریس خازەل لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[58] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی لەگەڵ گوندنشینێك كرد لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[59] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی لەگەڵ نزیكەی ١٥ گوندنشین كرد لە ئیدریس هندیە قادیمە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[60] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی لەگەڵ گوندنشینێك كرد لە گوندی ئیدریس هندیە قادیمە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[61] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتنی لەگەڵ گوندنشینێك كرد لە گوندی ئیدریس هندیە قادیمە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

[62] وەڵامەكەی حكومەتی هەرێم سەبارەت بە هۆكاری وێرانكاریەكانی گووندی ئیدریس خواباز هەمان هۆكار بوون وەك ئیدریس خازەل.



*وێرانکاری لە ئیدریس خوباز. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ*



*خانووی وێرانکراو لە ئیدریس هندیە قە دیمە. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ*



*خانووی وێرانکراو بە بلدوزە ر لە ئیدریس هندیە قە دیمە. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس وۆچ*

ئەو زانیاریانەی لە وەڵامەکانی نامەکەی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ ی حکومەتی هەرێمدا هاتبوون پێچەوانەی ووتەی گوندنشینەکان بوون بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ سەبارەت بەوماوە کورتەی کە داعش گوندەکانیانی کۆنترۆڵکردبوو لەگەڵ ووتەی گوندنشینەکان لەسەر ئەوەی گوایە نەیانبینیووە داعش گوندەکە بۆمبڕێژ بکات. هەروەها ئەو وەڵامانە هاوتاش نەبوون لەگەڵ ووتەی گوندنشینەکان سەبارەت بە داگیرنەکردنی گوندی ئیدریس هندیە قە دیمە لەلایەن داعش. پێشرەوی داعش بەرەو ڕۆژهەڵات تا ئەو جۆگەیە بووە کە گوندی ئیدریس خە زعل و ئیدریس هندیە قە دیمە لە یەك جیادەکاتەوە.[63] بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە زۆرێك لە وێرانکاریەکانی ئیدریس خە زعل لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی گوندەکە لەلایەن پێشمەرگە لە شە وی ٣١ی کانوونی دووەم و ١ و ٥ی شوبات ڕوویانداوە, ڕاستی ئەو بانگەشیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە لەسەر ئەوەی کە تیمەکانی مین پوچەڵکردنەوە بەخێرایی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە ئەو مینە چێنراوانەی داعش بتەقێنرێنەوە.

هەروەها گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە "مولتەقا" ئەو گوندەی لە نزیك جۆگەی ئاوەکەیەو بە دووری ٢ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ئیدریس خە زعل ڕووبەڕوی وێرانکاری بووەتەوەو دانیشتوانەکەی نەگەڕاونەتەوە بۆ ناو گوندەکە. بەڵام بەهۆی هۆکاری ئەمنیەوە توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ نەیانتوانی سەردانی ئەو گوندەکە بکەن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ووتەی گوندنشینەکان.[64] بەڵام وێنەی مانگە دەستکردەکان ئەوە نیشان دەدەن کە نزیکەی ٩٠%ی بیناکانی ئەو گوندەش بە ماددەی تەقەمەنی ڕووخێنراوون لە نێوان ١٤ی شوبات و ٢٩ی ئابی ٢٠١٥.

---

[63] هەروەها سەرچاوە دەرکیەکان هێرشێکی کورتی داعش بۆسەر بیرە نەوتیەکانی خەباز پشتڕاست دەکەنەوە کە نزیکن لە گوندەکانی ئیدریس خوبازو خازەل: پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ. ڕاپۆرتی بارودۆخی عێراق: ٣١ی کانوونی دووەم و ١ی شوباتی ٢٠١٥.
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/Iraq%20SITREP%202015-1-31-2-1.pdf (accessed April 29, 2016).

[64] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ گوندنشینەکان. ئیدریس خازەل و ئیدریس هندیە قادیمە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

## Multaqa







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

هەروەها چەند گوندێکی تری باکوری رۆژئاوای شاری کەرکوک کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنیەکانی کورد ماوبوونەوە ئاسەواری وێرانکاریەکی زۆریان پێوە دیارە کە ڕەنگە بە ئاگرو ئامێری گەورەیو ماددەی تەقەمەنیەوە بووبێت. قەبارەو شێوازی وێرانکاریەکانی ئەم گوندانە هاوتا نیە لەگەڵ شێوازی وێرانکاری بەهۆی تۆپباران و هێرشە ئاسمانیەکان.

لە قوشقایا کە بە دووری ٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای کەرکوک، هیومان ڕایتس ۆوچ قسەی لەگەڵ سێ گوندنشین کرد کە گوتیان هێزەکانی پێشمەرگە ساڵێك لەمەوبەر ٣٠ خانوویان ڕووخاندووە کە خاوەنەکانیان پەیوەندیان بە داعش کردووە.[65] توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ لە سەردانەکەی ٢٠ی ئایاری ٢٠١٦ یاندا ١٠ لەو خانووە وێرانبوانەیان بەدیکرد. شایەنی باسە، وێرانکاریەکان تەنها لەبەشەعەرەبەکەی قوشقایا, کەدەکەوێتەباشوری ڕێگەی کەرکوک- دوبز ئەنجامدرابوون، بەڵام بەشەکوردیەکەی گوندەکەلەباکورەوە وەک خۆی مابوویەوە .
لەوەڵامەکەی مانگی ئەیلولدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی "کەوێرانکردنی خانووەکانی بەشەعەرەبیەکەی ئەو گوندەلەلایەن چەند دانیشتوویەکی گوندەکەوەبووەوەک تۆڵەسەندنەوەلە خاوەنەکانیان کەپەیوەندیان بەدە ولە تي ئیسلامي کردووە." حکومەتی هەرێمي کوردستان ووتی هێزەکانی پێشمەرگەهەوڵیانداوەئەو هێرشانەبووەستێنن بەڵام "خەڵکەکەزۆر بوون و کۆنترۆڵ نەکراوون."[66] لەوەڵامێکی تردا، فەلاح مستەفا بەکر بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمي کوردستان ووتی، نزیکەی ٥٠ کەس لە قوشقایا پەیوەندیان بەداعشەوەکردووەبۆیە پێشمەرگە نەک خەڵکی گوندەکەخانووەکانیان ڕووخاندوون. "کاتێک هێزەکانی پێشمەرگەلەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ گوندەکەیان لەتیرۆرستان پاککردەوە، خانووی ئەو کەسانەی پەیوەندیان بەتیرورستە کان کردووە ڕووخاندووە بۆئەوەی ئەو خانووانە بۆ کۆبونەوەو چالاکی تیرۆریستان بەکارنەهێنرێ."[67] وێرانکاری لەو جۆرەکەهۆکارو زەروریەتی سەربازی لەپشتەوەنیە پێشێلکردنی یاساکانی جەنگە .

چەند کیلۆمەترێکی کەم لە باکوری ڕۆژئاوای قوشقایا لەسەر ڕێگای دوبز، هیومان ڕایتس ۆوچ چەند بینایەکی پەرتەوازەی لە دەوروبەری گوندەکانی مە رعی و عە مشا بینی کە بە تەواوی وێرانکرابوون. وێرانکاریەکان هاوشێوەی وێرانکاریەکانی قەرەتەپەو گوندەکانی ئیدریس و قوشقایا بوون. بەڵام هیومان ڕایتس ۆوچ نەیتوانی هیچ گوندنشینێك بدۆزێتەوە بۆ چاوپێکەتن لەگەڵیان سەبارەت بەو وێرانکاریانە.

### ***کەوانەی ڕۆژئاوا لە مکتب خالدوە بۆ مەریەم بەگ***

لە وێنەی مانگە دەستکردەکاندا وێرانکاریەکی زۆر بیشان دە دا کە هاوران لە کل دانیشتوان لە ناوچەکان بە شیوازي کە وانە بەیەکگەیشتني سەرەکی لە مکتب خالدوە تا المورا و شهیدو یرموك و مریەم بەگ و گوندەکانی ابو کە عوبەو نە هرە وان دەگرێتەوە - ئەم گوندانە هەموویان گوندی عەرەب نشینن و هەندێکیان لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکاندا لە چوارچێوەی هەڵمەتی بەعەرەبکردن لە کاتي حوکمي سە دام حوسین دا بونیادنراوون و لە وێنەکاندا لەشێوەی کەوانەیی دەردەکەون. شایەنی باسە وێنەکان هاوتان لەگەڵ ووتەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە سەبارەت بە هۆکاری وێرانکاریەکان. لە هەموو ئەم گوندانە، هیومان ڕایتس ۆوچ نووانی تەنها سەردانی مکتب خالد بکات کە بەتەواوی لەگەڵ زەویدا تەخت کرابوو.

### ***مە کتە ب خالید***

هەڵمەتی وە درناني داعش لە مە کتە ب خالید لە ٢٩ی کانوونی دووەم ٢٠١٥ دەستپێکرد لەگەڵ چەند شەڕێکی ناوە ناوە لە مانگی شوبات و ئازاری ٢٠١٥.[68] شایەتحالان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە داعش لە مانگی شوباتی ٢٠١٥ هێرشی کردە سەر مە کتە ب خالید ، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بەرپەرچیان دانەوەو داعش نەیتوانی گوندەکە کۆنترۆڵ بکات.[69] بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان، لە سەرەتای مانگی تەموزی ٢٠١٥ پێشمەرگە هێرشێکی تری

---

[65] چاوپەکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سێ گووندنشین. قۆشکایا ٢٠ی مایزی ٢٠١٦.

[66] وەڵامی دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی پێداچوونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان، بەروارو نامە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦.

[67] فەلاح مستەفا بەکر، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم. بەرواری نامە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦.

[68] بە ڤیدیۆ (داعش گرتەی ڤیدیۆیی چەند پێشمەرگەیەکی دەستگیرکراو لەناو قەفەزدا نیشان دەدات لە نزیك کرکوك
[(بالفيديو) داعش يعرض أسرى البيشمركة في أقفاص حديدية قرب كركوك]
*Qoraish.com*, February 14, 2015, http://www.qoraish.com/qoraish/ (accessed April 29, 2016).

[69] چاوپێکەتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ گووندنشینانی المورا لە کرکوك لە ٢٠ ی مایزی ٢٠١٥ لەگەڵ گووندنشینانی الشهید لە کرکوك ٢٠ی مایزی ٢٠١٥. تەماشای ڕاپۆرتی محمد ساڵح بکە: "شەڕی داعش و کوردەکان لەسەر کرکوك: تەنگاو بۆ سەرکەووتن. چاوی داعش لەسەر کرکوك هەڕەشەیە لەسەر ناوەڕۆکی خاکی کوردستان.

داعشی بۆ سەر گوندەکە تێکشکاند.[70] لە ٢٤ی تشرینی دووەم کاتێك هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی ناوچەکەی کرد بینی هیچ دیوارێکی گوندەکە بە پێوە نەماوەو پێشمەرگە بەناو پاشماوەی خانووە ڕووخاوەکاندا دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی کەل و پەل. پێشمەرگەکان دەستیان بۆ چاڵێکی گەورە ڕاکێشاو گوتیان ئاسەواری هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکانە، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی تری لەو جۆرە لە باکورو باشوری ڕێگا سەرەکیەکە بەدینەدەکرا. وێنەی مانگە دەستکردەکانی بەیانی ٥ی شوبات و ١٤ شوباتی ٢٠١٥ ئەوە نیشاندەدەن کە وێرانکاری تەواوی گوندەکە لە ماوەی ئەم ٩ ڕۆژەدا ڕوویداوە. هەروەها وێنەی زیاتری مانگە دەستکردەکان نیشانی دەدەن کە وێرانکردنی بازاڕی گوندەکە لە باشوری ڕێگا سەرەکیەکە لە نێوان ئایاری ٢٠١٥ و ئازاری ٢٠١٦ ڕوویداوە. ئەفسەرانی پێشمەرگە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، لە کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠١٥، مە کتە ب خالید بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێك بەرەو ڕۆژئاوا لە پێش بەرەکانی بەرگری پێشمەرگە وەك بیابانی لێهات و ژیانی تێدا نەما.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامەکەیدا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ سەبارەت بەم ناوچەیە هۆکاری وێرانکاریەکانی گەڕاندەوە بۆ "هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان" " و پێکدادانەکانی نێوان پێشمەرگەو دە و لە تي ئیسلامي " و تەقینەوەی تەنکەری "بۆمبڕێژکراو لە نێو ... ماڵەکاندا". لەوەڵامەکەی حکومەتی هەرێمدا هاتبوو کە داعش زۆرترین بۆمبی لە مە کتە ب خالید داناوە "بە بەراورد بە هەموو گوندەکانی تری پارێزگای کەرکوک" و هەموو ماڵەکانی ئەو گوندەی بۆمبڕێژکردووە.

هیومان ڕایتس ۆوچ بۆی دەرکەوت کە زۆرێك لە وێرانکاریەکانی مە کتە ب خالید لەوکاتەدا ڕوویانداوە کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدا بووە. لەکاتێکدا گومان نیە لەوەی کە هێرشە ئاسمانیەکان و شەڕو پێکدادان هۆکاری بەشێك لە وێرانکاریەکان بوون، بەڵام ئاسەواری زۆرێك لە وێرانکاریەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ئاگرو ئامێری گەورەو ماددەی تەقەمەنی بەکارهاتووە. وەڵامەکەی حکومەتی هەرێم باس لە زەروریەتی سەربازی لە پشت وێرانکردنی تەواوی گوندەکەو تەقاندنەوەی ئەو بۆمب و مینانە ناکات کە گوایە لەلایەن داعش لەناو ماڵەکان چێنراوون. وەڵامەکەی حکومەتی هەرێم ئاماژەی بەوەنەکردبوو کە بۆچی هێزەکانی پێشمەرگە هاتوچۆیان بۆناو گوندەکە قەدەغەنەکردووەو چاوەڕێ بکەن تا لەدوایدا ئەو مینانە پوچەڵبکرێنەوە.

***الموراو شهید و گوندەکانی نزیکیان***

دانیشتوویەکی ئەو ناوچەیە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش دەستی بەسەر گوندی المورا گرت کە بەدووری ٤ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای مە کتە ب خالید .[71] لە مانگی شوباتی ٢٠١٥، پێشمەرگە ئەو گوندەی کۆنترۆڵکردەوە.[72] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ کە چاودێری پێشهاتەکانی شەڕی داعش لە عێراق دەکات، ڕایگەیاند کە لە ٢٠ی نیسانی ٢٠١٥ داعش هێرشی کردووەتە سەر پێشمەرگە.[73] لاپەڕەیەکی تایبەتی فەیسبووك بەناوی "هەواڵەکانی ئازایەتی پێشمەرگە" ڕایگەیاند کە هێزەکانی پێشمەرگە لە ٦ی تەموزی ٢٠١٥ المورایان کۆنترۆڵکردووە کە تێیدا وێنەو دیمەنی لاشەی کوژراوانی داعشیان لەو شوێنە

*Aljazeera.com*, February 5, 2015, http://www.aljazeera.com/news/2015/02/kurds-isil-battle-kirkuk-150205055953557.html (accessed August 12, 2016),
لەگەڵ ڤیدیۆیی کورتە هەواڵێك کە تێیدا فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە مکتب خالید دەڵێ هێرشی داعس بۆسەر ناوچەکە دوای ١٠ کاتژمێر بۆ ڕۆژێك تێکشکێنرا
"Exclusive: Iraqi Peshmerga drive ISIL out of Kirkuk's Borders with Mosul, Tikrit," February 9, 2015, *PressTV.com*, https://www.youtube.com/watch?v=eiFWheGNnC4 (accessed August 12, 2016).

[70] هێزەکانی پێشمەرگە هێرشەکانی داعش لە چەند قۆڵێکەوە بۆسەر باشووری ڕۆژئاوای کرکوك تێکدەشکێنن.
[قوات البيشمركة تصد هجوماً لـ"داعش" من عدة محاور جنوب غربي كركوك"]
Altaghier.tv, July 6, 2015, http://altaghier.tv/2015/07/06/قوات-البيشمركة-تصد-هجوماً-لـداعش-من-ع /

[71] بەهۆی هۆکاری ئەمنیەوە هیومان ڕایتس ۆوچ نەیتوانی سەردانی گووندەکانی مورا و شەهیدو یرموك و ابو خوبیبە نهروان بکات.

[72] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ گووندنشینێکی المورا، کرکوك ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[73] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ. ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخی عێراق، ١٨ و ٢٠ی نیسانی ٢٠١٥.
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/Iraq%20SITREP%202015-4-20%20-%20print_0.pdf (accessed August 3, 2016), and: Institute for the Study of War, "Iraq Situation Report: July 2-6, 2015," http://www.understandingwar.org/sites/default/files/iraq%20SITREP%202015-7-6.pdf (accessed August 3, 2016).

بڵاوکردەوە.[74] دانیشتوویەکی المورا ووتی کە لە مانگی تەموزی ٢٠١٥ داعش چەند هێرێشێکی کورتی بۆسەر المورا ئەنجامدا.[75]

ئەو کەسە ووتی، لە گوندەکەدا مابوویەوە کاتێك کەوتە ژێر کۆنترۆڵی داعش لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠١٤. ووتیشی پاشان ڕاگوێزراوە بۆ گوندی کەرە ژێر کۆنترۆڵی داعش لە نێوان شارۆچکەی رەشاد و ریاز بەرلە گەڕانەوەی بۆ گوندی المورا پاش ئەوەی دەبیستێ پێشمەرگە گوندەکەی کۆنترۆڵ کردۆتەوە لە شوباتی ٢٠١٥.[76] ئەو گوندنشینە ووتی، بینی بەشێکی المورا وێرانبوو بووبوو. هەروەها ووتی نەیزانیوە کێ بووە چۆن بووە، بەڵام داعش ئەو ماڵانەی نەڕووخاندووە لەماوەی چەند مانگی مانەوەی لەو شوێنە.

گوندنشینێکی تری المورا هەمان شتی بە هیومان ڕایتس ۆوچ ووت. بەرلە جێهێشتنی گوندەکەی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، ئەو گوندنشینە ووتی کە چەند جارێك المورا تۆپباران کراوە.[77] لە ٤ی ئایاری ٢٠١٥ لە گوندی عە لا غیر ژێر کۆنترۆڵی (داعش)ەوە دەپەڕێتەوە بۆ المورا کاتێك دەبیستێ پێشمەرگە گوندەکەی کۆنترۆڵکردۆتەوە. ئەو ووتی لەکاتی پەڕینەوەی لەگەڵ چەند خێزانێکی تر، دوو کچ بەهۆی بۆمبی چێنراوەوە گیانیان لەدەستداو چەند کەسێکی تریش بریندار بوون کە پێنجیان منداڵی ئەو بوون. ئەو کەسە ووتیشی لەکاتی بردنی منداڵەکانی بۆ نەخۆشخانە بۆکەرکوک بۆماوەیەکی کورت بەناو گوندەکەدا تێپەڕیوەو بینیوویەتی کە خانووەکانی وەك خۆی مابوونەوە. پاش ١٠ ڕۆژ کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکە ماڵەکەی وەك خۆی مابوویەوە، بەڵام شتومەکەکانی تاڵانکرابوو، ئەو گوتی کە پێشمەرگەو پۆلیس یەکتریان تۆمەتبار دەکردبەو کارە.[78] لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥، پێشمەرگە فەرمانی پێدەکەن گوندەکە جێبهێڵێ و بۆیە دەڕۆنە گوندی یەرموك. لەسەرەتای مانگی تەموزو هەفتەیەك پاش جێهێشتنی گوندەکەی، ئەو ووتی، بلدۆزەر دەهێنن و بە بەرچاوی پۆلیسەوە گوندەکە وێران دەکەن. ئەو گوندنشینە ووتی قسەکانی لەسەر بنەمای ئەو شتانەیە کە خۆی بینیوونی و قسەی یەکێك لە خزمەکانی کە پێشمەرگەیە.[79]ووتیشی کە پێشمەرگە ماددەی تەقەمەنیان بەکارهێناوە بۆ کاولکردنی قوتابخانەو مزگەوتەکە وەك بینراوە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا کە خزمەکەی گرتوویەتی.[80]

گوندنشینی یەکەمی المورا ووتیشی کە لە تەموزی ٢٠١٥، پێشمەرگە گوندنشینەکانی تریان ئاگاداریان کردۆتەوە لە جێهێشتنی المورا بەهۆی شەڕی بەردەوامەوە. ئەو کەسە ووتی، کە داعش بۆماوەیەکی کورت المورای داگیرکرد بەڵام پاش ٥ کاتژمێر پێشمەرگە هەر ئەو شەوە لە گوندەکەیان وەدەرنان. ووتیشی کە لە گوندی یەرموکەوە شەڕەکەی بینیووە. هەروەها ووتی، دوو هەفتە لە پاش شەڕەکانی مانگی تەموز بە دووری یەك کیلۆمەتر لە گوندەکەی نزیك بووەتەوەو لەوکاتەدا بینیوویەتی کە چەند کەسێك خەریکی تەقاندنەوەی ماڵەکانن.[81]

وێنەی مانگە دەستکردەکانی گوندی المورا لە ٢٠ی ئایاری ٢٠١٥ گیراوون ئاماژە بە وێرانکاریەکی کەمی خانووەکانی ناو گوندەکە دەکەن. بەڵام وێنەکانی مانگی ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ وێرانکاریەکی بەرفراوان نیشاندەدەن بەجۆرێك هەموو خانووەکانی لەگەڵ زەویدا تەخت بوون و دەردەکەوێ بە ماددەی تەقەمەنی و ئامێری گەورە وێرانکرابن.

---

[74] پۆستی ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لەلاپەڕەی فەیسبووکی "هەواڵەکانی قارەمانێتی پێشمەرگە" تێیدا وێنەی کوژراوانی داعش لە المورا بڵاوکراوەتەوە. لە پۆستەکەدا نووسرابوو: لاشەی سەگەکانی جەهەنم. داعش خەواریجەکانی ئەم سەردەمە لە گوندی المورا و الحوریەی کەرکوکلەدەست هێزە قارەمانەکانی پێشمەرگە.
https://www.facebook.com/%D8%A7%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%8A%D8%B4%D9%85%D8%B1%D9%83%D9%87-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%A8%D8%B7%D8%A7%D9%84-765431270160421/ (accessed June 3, 2016).
هەمان ڕۆژ لە ٦ی حوزەیران، لاپەڕەی فەیسبووك بەناوی "سەنتەری هەواڵەکانی عێراق گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئۆتۆمبێلێکی پێشمەرگە تەرمی کوژراوانی داعشی اەو ڕۆژەی ناو المورای بەناو کەرکوک دا ڕادەکێشا. نووسراوی پۆستەکە: تەماشای هێزەکانی پێشمەرگە بکە چۆن تەرمی کوژراوانی داعش نیشاندەدەن لە شەقامەکانی کەرکوکپاش کۆنترۆڵکردنی گوندی المورا.
https://www.facebook.com/newsofiraq3/?fref=nf (accessed June 3, 2016).

[75] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ گوندنشینێکی المورا. کەرکوک٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[76] Ibid.

[77] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ گوندنشینی دووەمی المورا. کەرکوک٢٠ی ئایاری ٢٠١٥.

[78] Ibid.

[79] Ibid.

[80] هیومان ڕایتس ۆوچ گرتە ڤیدیۆییەکەی لە گوندنشینەکەی المورا دەستکەوت کە گووتبووی خزمە پێشمەرگەکەی گرتوویەتی لەکاتی تەقاندنەوەی قوتابخانەکە.

[81] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ گوندنشینێکی المورا. کەرکوک٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

لە وەڵامی ٢٦ی ئازاری ٢٠١٦ یدا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی، "حاڵی حازر گوندی المورا لەژێر دەستی تۆڕە تیرۆریستیەکانی دە ولە تي ئیسلامیدا" . لە مانگی ئایاری ٢٠١٦، گوندنشینەکانی المورا بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، لەگەڵ پێشمەرگە لە پەیوەندیدا بوون لەوێ و ئەو کاتە گوندەکە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بووە کە بە دووریەکی کەم دەکەوتە پێش سانگەرەکانی پێشمەرگە.[82]

وێنەی مانگە دەستکردەکان ئاماژە بە ئەنجامدانی وێرانکاریەکی بەرفراوانیش لە گوندی شهید دەکەن لە نێوان ٢٠ی ئایارو ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.[83]

وەڵامەکانی مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ی حکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو پرسیارە ناکات کە ئایا هێزەکانی پێشمەرگە بەرپرسیاربوون لە وێرانکاریەکانی المورا و الشهید، تەنها دەڵێن ئەو گوندانە "٣ کیلۆمەتر دوورن لەبەرەکانی پێشەوەی هێزی پێشمەرگەو بۆیە بەناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە دانانرێن."[84]
لەوەڵامەکەیدا، فەلاح مستەفا بە کر ووتی کە "هێزەکانی کوردي نزیکەی ٣ کیلۆمەتر لەم دوو گوندە کشاونەتەوەو وێرانکردنی ماڵەکانی ئەم دوو گوندە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەوەوە هەبووە کە ئەم خانووانە موڵکی ئەو کەسانە بوون کە پەیوەندیان بە تیرۆریستانی دە و لە تي ئیسلامي کردووەو ئەم خانووانە لەلایەن تیرۆریستانەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەیان لەم گوندانە بەکارهێنراون."[85] ئەم جۆرە پاساوانە ڕازیکەرنین بۆ ئەو مەرجانەی کە لە یاساکانی جەنگدا هاتووە سەبارەت بە بەیاسایی بوونی وێرانکردنی خانووبەرە تەنها لەکاتێکدا کە بەڵگەی ڕازیکەر نیشانبدرێت لە (زەروریەتی سەربازی) لە پشت ئەو کارە کە ئەوەش نابێت زیاد لە قەبارەی خۆی وکوێرانە بێت.
هەروەها وێنەی مانگە دەستکردەکان وێرانکاریەکی بەرفراوانی بیناو خانووبەرەکانی گوندی یەرموك نیشاندەدەن کە لە نێوان ١٢ تشرینی دووەمی ٢٠١٥ و ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ ڕوویانداوە. لەوەڵامەکەی حوزەیرانی ٢٠١٦ی، حکومەتی هەرێمي کوردستان هاتبوو، هەرچەندە یەرموك لە نزیك بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بووە، بەڵام "خانووبەرەو بیناکانی (یەرموك) وەك خۆیان ماونەتەوەو بەر هیچ وێرانکاریەك نەکەوتوون." بەپێی ڕاپۆرتی پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ، لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٥ هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵێکی داعشیان بۆ دامەزراندنی پێگەیان لە "واستانا" کە بەدووری چەند کیلۆمەترێکی کەم دەکەوێتە باشوری یەرموك تێکشکاندووە.[86]

گوندنشینەکانی المورا و شهیدو یرموك بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە بۆماوەیەکی کورت لەناو یرموك ماونەتەوە یان بەناویدا تێپەڕیوون و بینیوویانە تا ناوەڕاستی تەموزی ٢٠١٥ خانووەکانی وەك خۆیان ماوەتەوە.[87]

هەروەها وێنەی مانگە دەستکردەکانی ٢٠ی ئایاری ٢٠١٥ وێرانکاریەکی بەرفراوان لە هەردوو گوندەکانی ابو کە عوبەو نە هروان کە دەکەونە نێوان گوندەکانی **مە کتە ب خالید** و مریەم بەگ نیشان دەدەن. لەوێنەکانەوە دەردەکەوێ بەشێکی زۆری وێرانکاریەکانی بەشی ڕۆژئاوای ابو کە عوبە بەهۆی ئاگرەوە بووە: وێنەکانی ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ خاپووربوونی تەواوی گوندەکە نیشاندەدەن و ئاماژە بەوەدەکەن کە وێرانکاریەکان بە ئامێری گەورەوە ماددەی تەقەمەنی بەهێز بووە.

گوندنشینێکی شهید ووتی کە ابوکە عوبە وەك گوندی یرموك دەکەوێتە پشت سانترو هێڵەکانی هێزی پێشمەرگە کە لە ٢٠١٥ دا بەرزکراونەتەوە. ئەو گوندنشینە بانگەشەی ئەوەیکرد کە لە پاش هێرشێکی داعش بۆسەر مکتب خالد لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، پێشمەرگە هەستاوە بە خاپوور کردنی گوندی نە هروان کە یەکێکە لەو گوندانەی لە کاتي سە دام حوسین لە چوارچێوەی هەڵمەتی بەعەرەبکردنی ناوچەکە لە هەشتاکاندا دروستیکردووە. وێنەی مانگە دەستکردەکان ئەو ووتانە پشتڕاست دەکەنەوە کە گوندەکانی ابو کە عوبەو یرموك و نە هروان دەکەونە نێو هێڵی

---

[82] چاوپەکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دوو گوندنشینی المورا، کەرکوک-٢٠ی ئایاری ٢٠١٥.

[83] وێنەکانی ٢٠ی ئایاری ٢٠١٥ ئاسەواری وێرانکاری لە گوند الشهید نیشان نادەن، بەڵام وێنەکانی ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ وێرانکاریەکی بەرفراوانی خانووبەرەکان نیشاندەدەن.

[84] دیندار زیباری، سەرۆکی کۆمیتەی پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکانی حکومەتی هەرێم. بەرواری نامە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦.

[85] فەلاح مستەفا بەکر، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەرواری نامە ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٦.

[86] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ،" ڕاپۆرتی عێراق لە ١١ و ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٥.
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/iraq%20SITREP%202015-6-12.pdf (accessed August 3, 2016).

[87] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دوو گوندنشینی المورا لە ڕێکەوتی ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ و ٢٠ ئایاری ٢٠١٦ لە کەرکوک ، هەروەها لەگەڵ دوو گوندنشینی الشهید لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ و ٢٠ی ئایاری ٢٠١٦، لەگەڵ گوندنشینێکی یرموك لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

پێشەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، لەکاتێکدا **مە کتە ب خالید** و شهیدو مورا بە دووریەکی کەم دەکەونە بەشی ئەودیوی هێڵەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئەو ناوچانە لەژێر بەرگری پێشمەرگەدان.

لە وەڵامەکەیدا بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی ووتی بەبێ دیاریکردنی بەرووارەکەی، وێرانکاریەکانی گوندی نە هروان لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و بۆمبە چێنراوەکانی داعش بووە وەك لە وێنەی مانگە دەستکردەکاندا دەرکەوتووە. بەڵام وەڵامەکە ئاماژە بەوەناکات چۆن و بۆچی ئەو بۆمب و مینە چێنراوانە تەقێنراونەتەوە. لە نامەکەی حکومەتی هەرێمي کوردستاندا جەخت لەوەکراوە کە پێشمەرگە لە ناو گوندەکەدا ڕێگری لە خەڵکی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە کردووە لە وێرانکردنی نە هروان.

# Abu Ka'uba







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Nahrawan







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Maktab Khalid








Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Al-Murra




Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Shahid







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Maryam Bek









Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

# Yarmuk




Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

### ***سێ گوندی نێوان تازەو داقوق***

گوندە عەرەبەکانی سعدو خالید بەدووری ٢ کیلۆمەتر دەکەونە ڕۆژئاوای ڕێگەی سەرەکی کەرکوک دوزخورماتوو لە نێوان گوندی تازەو داقوق. وەحدە، گوندی سێیەم، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەم ڕێگا سەرەکیە بە دووری ٢ کیلۆمەتر لە باشورەوە.

گوندنشینەکانی ئەو سێ گوندە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، بۆماوەی چەند مانگێك لەدوای داگیرکردنی گوندەکانیان لەلایەن داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لە گوندەکانیان مانەوە، بەڵام بەرلەدەستپێکردنی شەڕەکان لەنێوان پێشمەرگەو داعش لە کۆتایی ئەیلولی ٢٠١٤ بڕیاریاندا گوندەکانیان جێبهێڵن.[88] بەپێی ووتەی دوو گوندنشین، داعش دەست دەگرێت بەسەر چەند ئۆتۆمبێل و تراکتۆر و مەڕوماڵاتێکی گوندنشینەکان، جگەلەوە داعش تەنها لە دەووروبەری گوندەکە دەمێنێتەوەو ناچێتە ناو گوندەکەوە.[89] بەرلەدەستپێکردنی شەڕەکانی مانگی ئەیلول، داعش تۆپبارانی گوندەکە دەکات ولە ئەنجامدا ١٥ کەس دەبنە قوربانی و ٣٣ کەسی تریش بریندار دەبن کە هەندێکیان هاووڵاتی مەدەنی بوون و هەندێکی تریان چەکداری عەرەبی ناو گوندەکە بوون و بەرگریان لە گوندەکە کردووە. ئەوان ووتیان، کاتێك خەڵکەکە گوندەکانیان جێهێشت خانووەکان وەك خۆیان مابوونەوە.[90]

لە ئەیلولی ٢٠١٤ داعش هێرشێکی پێشمەرگەی بۆسەر گوندەکە تێکشکاند، بەڵام دواترو لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ٢٠١٥، پێشمەرگە ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکاتەوە. پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ، کە پەیمانگایەکە بۆ شیکاری کاروباری سەربازی و بارەگاکەی لە واشنتنە لە زاری وە ستا ڕەسول کە فەرماندەیەکی پێشمەرگە بووە لە ناوچەکە ووتی، لە ٩ی ئازاری ٢٠١٥ "هێزەکانی پێشمەرگە هەڵمەتێکیان دەستپێکرد بۆ پاکردنەوەی ناوچەی تل الوردو **مه كته ب خاليد** و گوندی وەحدە لە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک."[91] ئەو پەیمانگایە پێشتر لە ١٠ی شوبات لە ڕاپۆرتێکیدا ئاشکرای کردکە "هێرشە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان کۆبوونەوەیەکی داعش و بارەگاکانیانی لەو (سێ) گوندە" کردۆتە ئامانج، ئەمە جگەلەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە بە تۆپ و هاوەن ناوچەکەیان بۆردومان کردووە.[92]

گوندنشینەکان ووتیان کە هێزەکانی پێشمەرگە سێ کەسی گوندەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ڕێنمایی کردنیان. یەکێك لەو سێ کەسە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، جگەلە چەند وێرانکاریەك بەهۆی تۆپ و گولەوە، خانووەکانی وەحدە بەپێوە مابوونەوە کاتێك پێشمەرگە گوندەکەی کۆنترۆلکرد.[93]

پاش ئەوەی ڕیشسپیەکانی گوندەکە لەگەڵ ئاسۆ مەمەندی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکوک کۆدەبنەوە، بە ووتەی گوندنشینەکان، پاش دوو ڕۆژ لە شەرەکە ئاسۆ مەمەند ڕێگەیان پێدەدات بگەڕێنەوە گوندەکانیان. گوندنشینێك ووتی، نزیکەی تەواوی هەموو ماڵەکانی گوندی وەحدە بە شتومەکەکانی ناویانەوە سوتێنرابوون، بەڵام نەڕووخابوون. گوندنشینێکی تر ووتی دوو ڕۆژ دوای شەڕەکە کاتێك گەڕاوەتەوە بۆ گوندی سعد، خانووەکەی هێشتا دووکەڵی لێهەڵدەساو، تەواوی گوندەکە سوتێنرابوو لەگەڵ حەوت خانوو وێرانکرابوو. ئەو گوندنشینەی ڕێبەری پێشمەرگەی کردبوو لە ناو گوندەکە ووتی، هەموو شتومەکی ناو خانووەکان لەشوێنی خۆیان بوون و هیچ ئاگرێك نەبوو دەستبەجێ لەدوای پاکردنەوەی گوندەکانی سعدو وەحدە لە داعش لەلایەن پێشمەرگەوە. وێنەی مانگە دەستکردەکان نیشانی دەدەن کە زۆرینەی وێرانکاری خانووەکانی ئەو سێ گوندەکە بە ئاگر بووە لە

---

[88] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ١٨ گوندنشینی گوندەکانی وەحدەو سعدو خالید کرد لە عمر البن ختاب لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[89] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوو گوندنشینی گوندەکانی وەحدەو خالید کرد لە عمر البن ختاب لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[90] هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ نزیکەی ١٥ لە گوندنشینی گوندەکانی وەحدەو خالیدو سعد کرد لە عمر البن ختاب لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[91] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ. ڕاپۆرتی بارودۆخی عێراق، ٩ی مارسی ٢٠١٥.
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/Iraq%20SITREP%202015-3-9_approved.pdf (accessed April 29, 2016).
هەروەها تەماشای ڕاپۆرتەکانی ١٠ی مارسی ٢٠١٥ بکەن کە تێیدا واستە ڕەسول دەڵێ، پێشمەرگە هێرشێکی داعشی بۆسەر مکتب خالد تێکشکاندووەو گوندەکانی تل الواردو وەحدەی کۆنترۆڵکردۆتەوە. ئەو ڕاپۆرتە لەسەر بارودۆخی عێراقەو لە ٩ی مارسی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.
[تقرير يكشف اوضاع العراق في يوم 9 اذار/ مارس 2015]
Rawabet Center for Research and Strategic Studies, March 10, 2015, http://rawabetcenter.com/archives/4753 (accessed June 13, 2016).

[92] ڕاپۆرتی پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ لە ١٠ و ١١ی شوباتی ٢٠١٥.
http://www.understandingwar.org/sites/ default/files/Iraq%20SITREP%202015-2-10-11_V3.pdf (accessed October 6, 2016).

[93] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ گوندنشینێکی خالید لە عمر البن ختاب لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

نێوان ١٤ی شوباتی ٢٠١٥ و ٥ی نیسانی ٢٠١٦.[94] گۆڤاری *فۆرین پۆلیسی* ئەمریکا لە تەموزی ٢٠١٥ لە وەحدەوەو لە زاری دانیشتوانی ناوچەکەو دیپلۆماتکار و کارمەندی ڕێکخراوە مرۆییەکان و پێشمەرگە ڕایگەیاند، زۆرینەی خانووەکانی ئەو گوندەو شتومەکەکانیان لە شوێنی خۆیان بوون کاتێك دانیشتوانی ئەو گوندە بەیاوەری پێشمەرگە چووبونە ناو گوندەکەیان لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ٢٠١٥ ئەمەش ووتەی گوندنشینەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ لەوبارەیەوە پێشڕاست دەکاتەوە.[95] چەند ڕوژێك دواتر، بەپێی ووتەی ڕیشسپیەکی گوندەکە، "پێشمەرگە هاتنە ناو گوندەکە (و) کۆمەڵێك مافیای کوردیان لەگەڵ خۆیان هێنا کە خەبیر بوون لە پێچانەوەی – وایە رو غەسالەو بردنی هەموو کەلوپەل و شتومەکەکانمان."[96]

لە وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمي كوردستاندا  هاتبوو کە هۆکاری وێرانکاریەکانی گوندەکانی وەحدەو خالید هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان "مو شە کي کاتیوشا, و تۆپباران" و بۆمب و مینی چێنراوی داعش بووە لە ناو ماڵەکان. وەڵامەکە ئاماژەی نەکردبوو بە وێرانکاریەکانی سعد یان  تۆمەتەکانی تاڵانی و سووتانی موڵك و ماڵی هاووڵاتیان.



***وێرانکاری لە گووندی البو مە حە مد لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ . © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ.***

[94] گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە ئاگر سەرچاوەی وێرانکاریان بووە  لەسەر بنەمای وێنەی مانگە دەستکردەکان بە پێداچوونەوەو شیکار کراوە بۆ هەر ماڵێك بە جیا لەسەر بنەمای بوون و نەبوونی چەند نیشانەو ئاسەوارێکە بەو ماڵانەوە بۆ نموونە وەك بوونی سەقفی ڕووخاو ئاسەواری سووتاوی بە ماڵ و دارودرەختەکانی دەوروبەری یان نەبوونی ئاسەوارێکی ڕووخاوی زۆری بەردو کۆنکرێت وخاشاکی ڕووخاوی دارودیوارەکانی خانووەکە. هەرکاتێك بۆمانکرابێت، ئەم دەرەنجامانە پشتڕاستکراونەتەوە بەبەراوردکردنی لەگەڵ داتای تری مانگە دەستکردەکان کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن پێگەی ئاگر لەماوەی یەك کیلۆمەتردا دەستنیشان بکەن.

[95] وێنەی مانگە دەستکردەکان ئاماژە بە وێرانبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خانووەکانی هەردوو گوندی جودەیدەو جدیدی بە ئاگر دەکەن لەگەڵ بوونی ئاگرێك لە بەیانی ١ی شوباتی ٢٠١٦. شایەنی باسە ئەم دوو گوندە بە دووری پێنج کیلۆمەتر دەکەونە باکوری وەحدە. هەروەها مزگەوتە گەورەکەی جودیدە لە نێوان ١ی شوبات و ٥ی نیسانی ٢٠١٦ بە ماددەی تەقەمەنی بەهێز وێرانکراوە.

[96] سێرا ئێلیزابێس ولیەم. "وێرانکردنی ماڵەکان بۆ کوردستان." گۆڤاری فۆرین پاڵەسی، ٢٣ی تەمووزی ٢٠١٥.
*Foreign Policy*, July 23, 2015, http://foreignpolicy.com/2015/07/23/peshmerga-war-crimes-ethnic-cleansing-islamic-state-iraq/ (accessed May 2, 2016).

## Sa'd







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

***باشوری ڕۆژئاوای داقوق***

له ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥، توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ بە یاوەری پێشمەرگە چوونە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ لە البو مە حە مد کە بە دووری ١٢ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای داقوق. لەوکاتەدا پێشمەرگە سەرقاڵی تەواوکردنی لێدانی ساتر بوون لە ڕۆژئاوای البو مە حە مد . عە قیدیکی پێشمەرگە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، کاتێك پێشمەرگە لە مانگی ئاب گوندەکەیان کۆنترۆڵکردەوە داعش بە چڕی گوندەکەی مینڕێژ کردبوو بۆیە لە دوورەوە مین و بۆمبە چێندراوەکانی داعشیان تەقاندەوە.[97]

هیومان ڕایتس ۆوچ گوندێکی بچووکی عەرەبی بەدیکرد کە بەتەواوی وێرانکرابوو تەنها چەند دیوارێکی خۆڵ و یەك دوو سەقف بەپێوە مابوونەوە. گوندەکە هیچ شت و مەك و کەلوپەلێکی ناو ماڵی تێدا نەمابوو.

لەکاتی دەست ڕاکێشانیان بۆ باکوری ڕۆژئاوا لە هێڵەکانی پێشەوە، پێشمەرگەکان ووتیان کە هەرسێ گوندی دیلیس سەرو خوارو لەگەڵ تل ڕەبیع ئێستا وێرانەن و کەسیان تێدا نەماوەو پێشمەرگە بەرگریان لێدەکات. وێرانکاریەکان لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و تەقاندنەوەی مینەکانی داعش بووە لەلایەن پێشمەرگەوە.[98] وێنەی مانگە دەستکردەکان نیشانی دەدەن کە ئەو گوندانە لەگەڵ زەویدا تەختکراوون بەچەند شێوازێك کە هەمووی پەیوەندی بە هێرشی ئاسمانیەوە نیە.

بەرپرسێکی باڵای عەرەب لە پارێزگای کەرکوک بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی نێوان دوبزو داقوق بە البو مە حە مد عە تشاناو العزیریە و الموره اوە وێرانکراوون. ئەو ووتی، خەڵکەکە تێدەگەن لەوەی هەندێك لە وێرانکاریەکان پەیوەندی بە شەڕوپێکدادانەوە هەبووەو وپێشمەرگە وویستویانە ڕێگری لە داعش بکەن لە بەکارهێنانی ئەو بیناو خانووانە، بەڵام وێرانکردنی هەندێك گوندی تر وەك ئەو ووتی "هۆکاری تری لەپشتەوە بووە" وەك ڕێگریکردن لە عەرەبەکان لە گەڕانەوەیان بۆ ئەو شوێنانە.[99]

[97] هیومان ڕایست ۆوچ چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ کۆلۆنیۆل ئیبراهیم. ابو محمد لە ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، هەروەها لەگەڵ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان و پێشمەرگەی فەرماندە کەلە شەڕی کەرکوکدا بریندار بووە
http://ekurd.net/kurdish-socialist-party-leader-wounded-kirkuk-2015-09-11 (accessed May 2, 2016),
هەروەها ئارینا موورادی، "کوردستان: بەتالیۆنێکی نوێی کاکەیی بەپەرۆشی بەشداریکردنن لە گرتنەوەی گوندەکان." ڕووداو، ٢٤ی ئابی، ٢٠١٥.
http://rudaw.net/english/kurdistan/240820153 (accessed May 2, 2016).

[98] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ کۆلۆنیۆل ئیبراهیم و دوو پێشمەرگەی تر. هێڵەکانی پێشەوە لە دیلیس ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥.

[99] چاوپەکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ بەرپرسێکی عەرەب. کەرکوک٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥.

## Al-Bu Muhammad




Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Tel Rabi’







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## ‘Atshana







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Al-'Azairiyya







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## پارێزگای نەینەوا

لە پارێزگای نەینەواو لە کۆتایی مانگی ئاب و کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکانی نێوان چیای شنگال و دەریاچەی موسڵیان کۆنترۆڵکردەوە. هەروەها لە سەرەتایی مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ هێزکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر ناحیەی زوومار لە ڕۆژئاوای سنووری سوریاوە هەتا ڕۆژهەڵات گرت جگە لە شارۆچکەی زوومار. شارۆچکەی زوومار ناوە ناوە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەو (داعش)دا بوو تا لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ پێشمەرگە بەتەواوی شارۆچکەکە کۆنترۆڵ دەکەن. لەسەرەتایی ساڵی ٢٠١٥وە، ناوچە کۆنترۆڵ کراوەکان بەشێوەیەکی گشتی چۆڵ بوون وخەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە.[100]

لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتێکی دۆکیومێنتاری لەسەر وێرانکاری ژمارەیەکی زۆری ماڵە عەرەبەکان و لە هەندێك حاڵەتدا خاپوورکردنی تەواوی گوندەکان کرد. لەکاتی سەردانەکەمان بۆ ناحیەی زووماري نینوی ئەو شارۆچکەیە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو. هیومان ڕایتس ۆوچ لە مانگی شوباتی ٢٠١٥ دەرەنجامی ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردەوە کە تێیدا بەرپرسانی پێشمەرگەو ئاسایش بانگەشەی ئەوەیان کرد وێرانکاریەکان بەهۆی شەڕوپێکدادان و هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و (داعش)ەوە بووە.[101]

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە مانگی تەموزو ئابی ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ دەستی کەووت، هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش بەرپرسیاربوون لە وێرانکاریەکانی چەند ڕۆژو هەفتەو مانگی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکە، بەتایبەت لە هەر سێ گوندی شێخان و حەمەد ئاغاو بارزان و شارۆچکەی بە ردیەی سەر بە ناحیەی زوومار کە هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانیکردن.

شیکاری وێنەی مانگە دەستکردەکانی ئەو ناوچانە لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ نیشانی دەدەن جگەلەو وێرانکاریانەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ڕاپۆرتەکەی ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ ئاماژەی پێکردوون، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٥ وێرانکاری زیاتر ڕوویداوە لەو کاتەی کە ناوچەکە شەڕی تێدا نەبووە. ئەنجامی سەردانەکەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە مانگی ئابی ٢٠١٥ بۆ ناوچەکە پشتڕاستکەرەوەی هەموو ئەو بەڵگانە بوو.

چەند ڕۆژێکی کەم لەپاش کۆنترۆڵکردنی دەشتی نەینەوا لەچەند ڕۆژی یەکەمی مانگی ئابی ٢٠١٤ و وەدەرنانی پێشمەرگە لە شنگال و ناوچەکانی تر، هێزە کوردیەکان هێرشێکی پێچەوانەیان ئەنجامداو بە قەراغ دەریاچەی موسڵ لەبەشی باشورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات پێشڕەویان کرد.[102] دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە کوردو عەرەب و هەندێك کەمایەتی یەزیدی پێك دێن.[103]


---

[100] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ کە بەردەوام هەواڵی شەڕو پێکدادانەکانی لەگەڵ داعش بڵاوکردۆتەوە، ئاماژەی بە هیچ شەڕوپێکدادانێك لەو ناوچانە نەکردووە لە ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦.

[101] کوردستانی عێراق: ئاوارە عەرەبەکان و دەستگیرکردن و ئابڵۆقەدانی گوندەکان،" بڵاوکراوە هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٥ی شوباتی ٢٠١٥.
https://www.hrw.org/news/2015/02/25/iraqi-kurdistan-arabs-displaced-cordoned-detained.

[102] پاش کۆنترۆڵکردنی زوومار لەلایەن پێشمەرگەوە، هاووڵاتیان دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان،" ئارانیوز لە ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤
http://aranews.net/2014/09/peshmerga-control-zumar-civilians-return-home/

[103] بروسکەی دیپلۆماسی لە ڕایان کرۆکەری باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ٢٣ی ئابی ٢٠٠٧، "ماددەی ١٤٠: نەینەوا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی جدی دەبێتەوە لە خۆسەپاندن، هێڵی سەوز."
https://wikileaks.org/plusd/cables/07BAGHDAD2827_a.html (accessed May 12, 2016),
هەروەها هیومان ڕایتس ۆوچ..عێراق..لەسەر زەویەکی هەستیار. توندوتیژی لە دژی کەمینەکان لە ناوچە دابڕاوەکانی پارێزگای نەینەوا. ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩.






نیشانەکراوە بە "X"

لەکاتی سەردانێکی لە ٢ی ئابی ٢٠١٥ و گەشتکردن بە ئۆتۆمبێل بەدرێژایی سنووری سوریا لە فیشخابوورەوە کە دەکەوێتە باکوری سنوونێ لە نزیك چیای شنگال، هیومان ڕایتس ۆوچ بەدرێژای ڕێگەکە چەندین دیمەنی وێرانکاری بەدیکرد. ناحیەی ڕەبیعە ئاسەوارێکی زۆری شەڕی پێوەدیاربوو تەنانەت منارەی مزگەوتەکانیش شوێنی فیشەکیان پێوە بوو. بەدرێژای ڕێگەکە لە (ڕەبیع)ەوە بەرەو باشور چەندین خانووی ڕووخاو گوندی وێرانە بەدیدەکرا. لە گوندێك کە بەدووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوتە باشوری ڕەبیعە هیچ وێرانکاریەك بەدینەدەکرا؛ دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت ئەو گوندە دانیشتوانەکەی کوردن.[104]

هێزە کوردیەکان لەسەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، شارۆچکەی ڕەبیعیان کۆنترۆڵ کردەوەو لە کۆتایی کانوونی یەکەم و لە باشورەوە سنونێشیان کۆنترۆڵکردەوە.[105]

هەواڵ و تۆمەتی وێرانکردنی موڵك وماڵی هاووڵاتیان لەدوای شەڕەکان لەلایەن پێشمەرگەوە کە پێشێلکاری یاسای جەنگە دەستبەجێ بڵاوبوویەوە.[106] ڕۆژنامەنووسێك کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گوندنشینە کوردو عەرەبەکان و پێشمەرگە کردبوو لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ ڕاپۆرتێکی دۆکیومێنتاری لەسەر وێرانکردنی ماڵە عەرەبەکانی گوندەکانی شێخانی نزیك عمر خالیدو بارزان کردبوو. کەسێك کە قسەی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە کردبوو دانی بەوەدانا کە وەك تۆڵەسەندنەوە پێشمەرگەو هاووڵاتیانی کورد هەستاوون بە سووتان و تاڵانکردن و وێرانکردنی ئەو ماڵانە.[107]

### ***ناحیەی زوومار***

لە مانگی ئابی ٢٠١٥، هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەتنی لەگەڵ پێنج جووتیاری کوردی گوندی کانی عوزیر (عویس) کرد کە ئەو گوندە دەستکاری نەکرابوو. ئەو جووتیارانە ووتیان، لە کێڵگەی گوندنشینە عەرەبەکانی شێخان کاری جووتیاری دەکەن و لە پاش کۆنترۆڵکردۆتەوەی ناوچەکە لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٤ لەلایەن پێشمەرگەوە خاوەنەکانیان لەگەڵ داعش بەرەو موسڵ هەڵهاتن.[108] ووتیشیان کە لەماوەی ٣ هەفتەی مانەوەی لە گوندەکە لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٤ داعش هەستاوە بە ڕووخانی چەند بینایەکی گوندی شێخانی، بەڵام ووتیشیان لە کۆتایی مانگی ئاب و لەدوای کۆنترۆڵکردۆتەوەی گوندەکە لەلایەن بیێشمەرگە لەگەڵ جووتیارە کوردەکانی تری گوندەکانی دەوروبەرو هێزەکانی پێشمەرگە هەستاوون بە سووتانی خانووەکانیان خاپوورکردنی گوندەکەیان.[109]

لە ٢٢ی ئابی ٢٠١٤، پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ سەرەتای هەڵمەتی پێشمەرگەی بە پشتیوانی هێرشە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان بۆسەر ناحیەی زوومار ڕایگەیاند.[110]

لە ٣ی ئابی ٢٠١٥، هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی شێخانی لە ناحیەی زوومار کردو بۆی دەرکەوت کە هیچ خانوویەکی ئەو گوندە بەپێوە نەماوە جگەلە مزگەوتە سەوزەکە.

---

[104] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سێ دانیشتووی گووندێك کە بە دووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕەبیع لەسەر ڕێگا سەرەکیەکەی سنوور. ٢ی ئابی ٢٠١٥. گووندنشینەکان ناوی گووندەکەیان بە هیومان ڕایتس ۆوچ نەگووت و تەنها ووتیان دانیشتوانەکەی کوردە.

[105] ڕیچەرد سپێنسەر، "لەپاش دوو ڕۆژ شەڕو پێکدادان جیهادیەکانی داعش لە ڕەبیعە وەدەرنران." تەلەگراف ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤.
http://www.telegraph.co.uk/news/worldnews/islamic-state/11137455/Isil-jihadists-driven-out-of-Rabia-after-two-day-siege.htm (accessed July 11, 2016).

هەروەها شەڕی شنگال: کوردەکان ناوچەیەکی زۆر لە داعش پاکدەکەنەوە،" هەواڵی بی. بی. سی لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤
http://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-30569313 (accessed July 11, 2016).

[106] لە ٢٤ی ئەیلولی ٢٠١٤، عبدوالڕەحمان الویزی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر پارێزگای نەینەوا پێشمەرگەی تۆمەتبارکرد بە وێرانکردنی خانوو قوتابخانەکانی ناحیەی زوومار. پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ، "ڕاپۆرتی عێراق، ٢٣ و ٢٤ی ئەیلولی ٢٠١٤
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/2014-09-24%20Situation%20Report.pdf (accessed June 13, 2016).

[107] کوردەکان وەك تۆڵەسندنەوە لە عەرەبە سوونەکان گووندەکانیان دەسوتێنن." ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤.
http://www.nzz.ch/international/naher-osten-und-nordafrika/rache-an-sunnitischen-arabern-1.18402498 (accessed May 2, 2016).

[108] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ٥ جووتیاری کورد. کانی ئەزهەر ٣ی ئابی ٢٠١٥.


Ibid.[109]

[110] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ، "ڕاپۆرتی عێراق، ٢٢ی ئابی ٢٠١٤"
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/2014-08-22%20Situation%20Report.pdf (accessed June 13, 2016).

له وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە پارێزگای نەینەوا هاتبوو، "لە گوندی شێخان کە دەکەوێتە ناوچەکانی هێلی پێشەوەی شەر، نیوەی موڵك و ماڵی هاووڵاتیان بەهۆی شەڕەوە وێران بووە ( لە ئەنجامی تۆپبارانەوە لە ١٧٠خانووبەرە, ٨٥یان وێران بوون)."



*خانووی سووتاو وێرانکراو لە شێخان کەلەسەر دیوارەکانی نووسراوە "بژی پێشمەرگە". © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ.*


Building Demolitions in Villages near Syrian Border,
Nineveh Governorate
Building demolition
5 KILOMETERS
SYRIA
Border
crossing
Rabi'a
Sar Seng
Umar al
Khabbazi
Khazukah al Gharbiyah
Khalaf as Sayir
Sibayah al `Azzan
Kuhbal as Shamaliyat Jari
Sinjar
IRAQ
Kuhbil

لەسەر بنەمای وێنەی مانگە دەستکردەکان، هیومان ڕایتس ۆوچ بۆی دەرکەوت کە چەند بینایەکی کەمی شێخان بەهۆی شەڕوپێکدادانی قورسەوە لە  پێش ٧ی ئەیلول ٢٠١٤ زیانیان پێکەوتووە. هیومان ڕایتس ۆوچ لە وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە بۆی دەرکەوت کە زۆرینەی وێرانکاری خانووەکانی شێخان بەهۆی ئاگرتێبەردان و ئامێری گەورەو ماددەی تەقەمەنی بەهێزەوە بووە نەك شەڕوپێکدادان. ئەو وێرانکاریانەش لە دوای ٧ی ئەیلول ٢٠١٤ دەستپێکردووەو لە نێوان ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ و ٢١ی ئازاری ٢٠١٥ ڕووی لە زیادبوون کردووە. زیاد لە نیوەی وێرانکاریەکان لەو ماوەیەدا بووە کە گوندەکە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بووە. وێرانکردنی ئەو خانووانە لە ساڵی ٢٠١٥دا بەردەوام بووەو زیاد لە ٣٠ بیناو خانووبەرەو لە نێوان ٢٢ی نیسان و ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ وێرانکراوون.

## Sheikhan







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

## Hamad Agha




Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

هەروەها لە گوندی حەمەد ئاغا کە (بە تل حەمەد ئاغا یان ئەحمەد ئاغاش ناسراوە"و بە دووری ٣ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری گوندی کانی عوزیر، لە ٣ی ئابی ٢٠١٥ پۆلیسێکی کورد بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە وەك خۆبەخش لەگەڵ پێشمەرگە بەشداری لە گرتنەوەی گوندو شارۆچکەکان لەدەست داعش کردووە. ووتیشی کە لەگەڵ پێشمەرگەو هاووڵاتیانی کوردو یەزیدی بەشداری لە وێرانکردنی شێخان کردووە.[111]

گوندی حەمەد ئاغا کە سەر بە ناحیەی ڕەبیعە بەشە کوردیەکەی دەکەوێتە سەر ڕێگا سەرەکیەکە (لە هەندێك نەخشەدا، ئەم شوێنە بەشێکە لە عویس)و بەشە عەرەبیەکەی دەکەوێتە باشور. کاتێك هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣ی ئابی ٢٠١٥ سەردانی ئەم گوندەی کرد، بەشە کوردیەکەی وەك خۆی مابوویەوە بەڵام بەشە عەرەبیەکەی وێرانکرابوو. پۆلیسەکە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لەگەڵ پێشمەرگە بەشداری لە وێرانکردنی بەشە عەرەبیەکەی حەمەد ئاغا کردووە کە دەکەوێتە باشوری ڕێگا سەرەکیەکەو لەوێوە هیومان ڕایتس ۆوچ دەیتوانی بە ڕوونی خانووە ڕوخاوەکان ببینێ.[112] لە وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە دەردەکەوێ کە ١٧٧ بیناو خانووی حەمەد ئاغا وێران بوون، ئەوەش دەکاتە زیاتر لە ٩٨%ی گوندەکە. دەردەکەوێ زۆرینەی خانووەکان لە نێوان ٧ی تەموزو ٧ ئەیلولی ٢٠١٤ بە ئامێری گەورەو ئاگر وێرانکراوون. وێرانکاری بینا گەورەکان بە ماددەی تەقەمەنی بەهێز تا دەوروبەری ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤بەردەوام بووە.

لە وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو دەرەنجامانەی هیومان ڕایتس ۆوچ هاتبوو کە "لە گوندی حەمەد ئاغا...١٢٠ خانووبەرە بەهۆی تۆپباران و هێرشی هاوەنەوە وێرانبوون".

لە وەڵامەکەی مانگی ئازاری ٢٠١٦ی هیومان ڕایتس ۆوچدا هاتبوو، بە ردیە کە بەدووری ٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژ هەڵاتی حەمەد ئاغا لە ناحیەی زوومار "لەگەڵ ناوچەکانی دەووروبەری کە دانیشتوانەکەی کوردی سەربە (هۆزی حەسینی ) و هیچ کەسێکی عەرەبیان تێدا نیە." لە ٣ی ئابی ٢٠١٥، هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی بە ردیەی کردوو لەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ دانیشتوان و بەرپرسانی کوردو پۆلیسێکی عەرەبی سونەی گوندێکی نزیك کرد. کوردەکان ووتیان کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ شانبەشانی دراوسێ عەرەبە سونەکانیان لە گوندەکە ژیاوون و هیچ کێشەیەکیان نەبووەو سەرسام بوون کاتێك بینیوویانە هەندێکیان پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە.[113] هەرچەندە هیومان ڕایتس ۆوچ نەیزانێ کام بەشەی گوندەکە دانیشتوانەکەی عەرەب بووە، بەڵام بەپێی ووتەی دانیشتوانی گوندەکە عەرەب لە گوندەکدا ژیاوە.

لە نزیك بیرە ئاوەکەی دەرەوەی بە ردیە دەواجنێکی مریشکی لێ بوو کە خاوەنەکەی عەرەبێکی سونە بووەو ئەو هاووڵاتیە کوردو ئەندازیارە عەرەبە سونانەی لە بیری ئاوەکەبوون ووتیان کە ئەو کەسە بووەتە بەرپرسێکی داعش و هەستاوە بە گولەبارانکردنی خێزانێکی یەزیدی کە لە داواجنەکەی کاریان کردووە.[114] دانیشتوانی ناوچەکە ووتیان، پێشمەرگە بە ماددەی تەقەمەنی دەواجنەکەیان خاپوورکردووە.

---

111 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ پۆلیسە کوردەکە لە حەمەد ئاغا لە ٣ی ئابی ٢٠١٥.

Ibid.112

113 چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ سێ کوردی دانیشتووی باردیە لە باردیە ڕێکەوتی ٣ی ئابی ٢٠١٥.

114 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سێ کەس کە لە خانووەکانی بیرە ئاوەکەی نزیك باردیە دەژیان، ٣ی ئابی ٢٠١٥.



*دیمەنی دەواجینی مریشکی بەرپرسێکی داعش کە دەگووترێ ٢٤ یەزیدی لە نزیك دەواجنەکەی لە دەریاچەی موسڵ کووشتووە، بە ووتەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەلایەن پێشمەرگەوە وێرانکراوە. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ.*

لە پشت بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بە ردیە ڕیزە ماڵێکی ڕووخاو بەدیدەکرا. دانیشتوان و بەرپرسانی ناوچەکە ووتیان، داعش نزیکەی ١٠ خانووی ئەفسەرانی ئاسایشی ئەو شارۆچکەیەی لە ماوەی سێ تا چوار هەفتەی مانەوەی لە بە ردیە لە مانگی ئاب و ئەیلولی ٢٠١٤ وێرانکردووە.[115]

دووکاندارێکی کورد بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٤ وەك خۆبەخش لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە تا بە ردیە پێشڕەوی کردووە. ئەو دووکاندارە ووتی لەوێ لەگەڵ هاووڵاتیانی تری کوردو هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش هەستاووە بە وێرانکردنی ماڵی گوندنشینە عەرەبەکان "لەبەرەوەی (داعش) بوون". ئەو دووکاندارە ووتیشی، "هەندێك لەو عەرەبانە بۆماوەی چەندین ساڵ دراوسێم بوون". هەروەها ووتی، کاتێك داعش هات هەموو هاووڵاتیە کوردەکان هەڵهاتن پاشان کاتێك پێشمەرگە هاتەوە ناوچەکە هەموو عەرەبەکان هەڵهاتن.[116] نزیکەی ١٥ ئاوارەی خەڵکی گوندێکی نزیك ئەو ناوچەیە کە لەدەرەوەی بە ردیە لە پەناگایەکدا نیشتەجێ بووبون بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە بینیبوویان پێشمەرگەو هاووڵاتیانی مەدەنی کورد خەریکی وێرانکردنی خانووبەرەی بە ردیە بوون: ئەوان ووتیان کە کوردەکان پێیان ووتون لە هەولێر و سلێمانیەوە هاتوون و بەرلەوەی عەرەب بهێنرێنە ناوچەکە لەسەردەمی سە دام حوسین وکو بە شیك لە هە لمتي بە عرب کردني ناوجە کە پێشوو لەوێ خانوویان هەبووە.[117]

---

[115] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ بەپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان: دوکاندارێك و دانیشتوانی نزیك بیرە ئاوەکە لە باردیە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥.

[116] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دوکاندارێك لە باردیە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥.

[117] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ١٥ ئاوارەی بارزان لە باردیە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥.

حکومەتی هەرێمي کوردستان  لە ئیمەیڵێکیدا لە ٥ی حوزەیرانی ٢٠١٦ نووسیبووی، لە ئەنجامی "هێرشە ئاسمانیەکان ٨٣ خانووی" بە  ردیە وێرانبوون.[118] بەڵام، وەڵامەکەی ٣٠ حوزەیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ  هیومان ڕایتس ۆوچ ئاماژە بە وێرانکردنی بیناو خانووبەرەی بە  ردیە ناکات.



*خانووی عە ربکان کوایە وێرانکراو لە بە ردیە لەلایەن پێشمەرگەو هاووڵاتیە کوردەکانەوە. © ٢٠١٥  هیومان ڕایتس ۆوچ*

لەکاتی سەردانێکی بۆ ناحیەی زوومار لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، هیومان ڕایتس ۆوچ بینی کە لەسەر هەندێك دیواری خانووە ڕوخاوەکان بە پەمپی بۆیاخ نووسراوی دژ بە عەرەب هەبوون. لەدوای وەدەرنانی داعش لەلایەن پێشمەرگەوە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ تەنها دانیشتوانە کوردەکەی گەڕاونەتەوەو ئاسەوارو نیشانەی سووتاوی بە زۆرێك لە ماڵی گەڕەکە عەرەبەکانەوە دیار بوو. لە سەر یەکێك لە دیوارەکان کە نووسرابوو "موڵکی دەوڵەتی ئیسلامی" ووشەی "دەوڵەتی ئیسلامی" خەتی بەسەرداهێنرابوو کرابوو بە "کورد". چەند دانیشتوویەکی شارۆچکەکە دەستیان بۆ پاشماوەی خانوویەکی ڕووخاو ڕاکێشاو ووتیان، بینیوویانە پێشمەرگە بە بلدۆزەر ئەو خانووەی تەختکردووە لەبەرەوەی خاوەنەکەی هاوکاری (داعش)ی کردووە. هەندێك لە دانیشتووە کوردەکان ووتیان کە بینیوویانە هاووڵاتیانی کورد لە کاتی گەڕانەوەیان ماڵی عەرەبەکانیان لە بە  ردیە و شێخان و بارزان ڕوخاندووە، بەڵام هەندێکی تر ووتیان، بینیویانە پێشمەرگە بووە.[119]

 وێنەی مانگە دەستکردەکانی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ و ئازاری ٢٠١٦، سێ شوێنی جیاوازی وێرانەی گوندی بە ردیە نیشاندەدەن کە تێکڕا ٣٦٥ بینای تێدا ڕوخێنراوەو زۆرینەی ئەو وێرانکاریانە لە پاش کانوونی دووەمی ٢٠١٥ ئەنجامدراون کە لەو کاتەدا ناوچەکە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدا بووە. لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، هێزەکانی پێشمەرگە بە تەواوی کۆنترۆڵی شارۆچکەی زوومار دەکەن کە بە دووری ٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری بە  ردیە.[120] هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادار نیە لەوەی کە لە دوای ئەم بەروارەوە داعش

---

[118] پەیوەندی لەڕێگەی ئیمەیڵەوە لەگەڵ دیندار زێباری ٥ی حوزەیرانی ٢٠١٦.

[119] کوردستانی عێراق: ئاوارەبوونی عەرەبەکان، ئابڵوقەدان و دەستگیرکردن،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٥ی شوباتی ٢٠١٥. https://www.hrw.org/news/2015/02/25/iraqi-kurdistan-arabs-displaced-cordoned-detained

[120] پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ. "ڕاپۆرتی عێراق: ٢٥ و ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤: http://www.understandingwar.org/sites/default/files/2014-10-26%20Situation%20Report_0.pdf (accessed June 13, 2016).

هیچ هێرشێکی بۆ ناوچەکانی باکوری زوومار ئەنجامدابێت. ئەو وێنانەی مانگە دەستکردەکان کە لە نێوان کانوونی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ گیراوون، وێرانکردنی زیاتر لە ٢٠٠ بیناو خانووبەرەی بە ردیە لەم بەروارەدا نیشان دەدەن.

## Bardiya




Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView



*دیمەنی وێرانکاریەکانی بارزان. © ٢٠١٥ هیومان ڕایتس ۆوچ.*

لە گوندی چوارەم بەناوی بارزان کە بە دووری ٦ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی بە ردیە، هیومان ڕایتس ۆوچ لە مانگی ئابی ٢٠١٥، دیمەنی وێرانکاریەکی زۆری بەدیکردو بینی هیچ خانوویەکی ئەو گوندە بەپێوە نەمابوو. پێشمەرگە لەبەشی سەرو خواروی گوندەکە بنکەیان دانابوو.

ئاوارە گوندنشینەکانی بارزان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥و لە پاش داگیرکردنی گوندەکە لەلایەن داعش یەك هێرشی ئاسمانی کرایە سەر گوندەکە ئەویش خاڵێکی پشکنینی لە عین فر س کردە ئامانج کە بەدووری ٣ کیلۆمەتر دەکەوتە باشوری گوندەکەو چەکدارێکی داعشی کوشت.[121] ووتیشیان کە داعش ماڵی چەند بەرپرسێکی ئەمنی لە بارزان ڕووخاندووەو تۆپبارانی هێزەکانی پێشمەرگە تەنها زیانی بە یەك خانوو گەیاندووە. ئەو گوندنشینانە ووتیان، لەکاتی پێشڕەوی پێشمەرگە بەرەو گوندەکە بۆ سموود هەڵهاتوون کە بە دووری ٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندەکەو لە سمود ماونەتەوە تا پێشمەرگە گوندەکەی بە تەواوی کۆنترۆڵکردووە. ئەوان ووتیشیان کاتێك نزیك بوونەتەوە لە خاڵی پشکنینی دەرەوەی گوندەکە لەسەر ڕێگای بە ردیە بینیوویانە کە پێشمەرگە لەناو گوندەکەدا بووە.[122]

ووتیان پاش ئەوەی پێشمەرگە گوندەکەی کۆنترۆڵکرد هیچ هێزێکی تر نەچووە ناو گوندەکە، بەڵام هەموو ڕۆژێك و بۆماوەی چەند هەفتەیەك گوێیان لە دەنگی تەقینەوە دەبێت لەناو گوندەکەدا، لانی کەم سێ تەقینەوە لە ڕۆژێکداو تێکڕا نزیکەی ٢٧ تەقینەوە دەبێت. ئەوان ووتیان لە سمودو خاڵی پشکنینەکەوە ئاگرو دوکەڵی ماڵە سووتاوەکانیان دەبینی. ووتیشیان کە لەو ماوەیەدا هیچ هێرشێکی ئاسمانیان بۆسەر گوندەکە بەدینەکردووە.[123]

---

[121] چاوپەکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ نزیکەی ١٥ گووندنشینی ئاوارەی بارزان ، باردیە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥.

[122] Ibid.

[123] Ibid.

لە وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچدا هاتبوو، "زۆرێك لە موڵك و ماڵی هاووڵاتیانی ئەو گوندە بەر هێرشی تالآنی و سووتاندن بووەتەوە لەلایەن یەزیدیەکانەوە لە تۆڵەی بەشداریکردنی (دانیشتوانەکەی) لە کۆمەڵ کوژی یەزیدیەکان." لە وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمدا هاتووشە کە پێشمەرگە هەوڵیداوە ڕێگری لە خەڵکەکە بکات، بەڵام" ژمارەی یەزیدیەکان زۆربووەو نەیانتوانیوە خەڵکەکە بووەستێنن. " سەبارەت بە وێرانکردنی بیناو خانووبەرەی گوندەکە، حکومەتی هەرێم نووسیویەتی، "لە گوندی بارزان کە ٥٢٣ خانوو وێرانبووە بەوانەشەوە کە دە ولە تي ئیسلامي مینڕێژی کردوون"، بەڵام ئاماژەیان بەوەنەکرد کێ هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەو وێرانکاریانە. هۆکاری کردنە "ئامانجی" بارزان بەو "چڕیە و بە تایبەت" لەبەرەوە بووە ئەو گوندە "شوێنێکی سەرەکی بووە بۆ پشتیوانی دە ولە تي ئیسلامي و دۆزینەوەی چەکدار هەروەها زۆرێك لەو کەسانەی بەشداری کۆمەڵکوژی یەزیدیەکانیان کردووە خەڵکی ئەو گوندە بوون". ئەم بیانووانە پاساو نین بۆ ڕازیکردنی مەرجەکانی یاسای جەنگ کە دەڵێت وێرانکردنی ماڵ و موڵك دەبێت هۆکارو (زەروریەتی سەربازی) لەپشتەوە بێت و نابێت وێرانکاریەکان زیاد لە قەبارەی خۆیان و کوێرانە بن.

وێنەی مانگە دەستکردەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە لانی کەم ٤\١ وێرانکاریەکانی ئەم گوندە لە دوای ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ ئەنجامدراوە کاتێك هیچ شەڕوپێکدادانێك لەدەوروبەری گوندەکە نەبووەو لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بووە.[124]

بەرنەکەوتنی زەرەووزیان و وێرانکاری بە گوندە کوردنشینەکانی کانی عویس و حەمەد ئاغاو بەشێکی زۆری بە ردیە ی نزیك گوندە عەرەبنشینە وێرانکراوەکانی شێخان و حەمەد ئاغاو بەشێکی بە ردیە دروستی ئەو بانگەشانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە کە گوایە داعش بەرپرسیاربووە لەو وێرانکاریە سیستماتیکیەی لەم ناوچانەدا ئەنجامدراوە. هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە وێنەی مانگە دەستکردەکان نیشانی دەدەن زۆرینەی ئەو وێرانکاریانە لەدوای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەن پێشمەرگە ئەنجامدراوەو لە پاشماوەو ئاسەواری وێرانکاریەکاندا دەردەکەوێ ئاگرو ئامێری گەورەو ماددەی تەقەمەنی بەهێز بەکارهاتوون ئەو بانگەشانە ڕەتدەکەنەوە کە ئەو وێرانکاریانە لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی و تۆپبارانەوە بووبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە لەسەر ئەوەی کە بۆچی تەقاندنەوەی مین و بۆمبە چێنراوەکانی ناو بارزان زەرورەتی سەربازی بوون لەکاتێکدا ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانیاندا بووە.

---

[124] لە ٣ی ئەیلولی ٢٠١٤، بارزان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بووە: نەبی بولۆس، "کوردەکانی عێراق بەهاوکاری هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا، چاویان لەسەر شارۆچکە عەرەبە سوونەکانە." لۆس ئەنجلوس تایمز، ٣ی ئەیلولی ٢٠١٤.

http://www.latimes.com/world/middleeast/la-fg-iraq-barazan-20140904-story.html (accessed July 11, 2016),

چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ حەسەن خالوی بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نزیك باردیە لە ٣ی ئابی ٢٠١٥. هەروەها ڕیچەرد سپێنسەر: "گووندە چۆڵەکانی باکووری عێراق لەلایەن جیهادیەکانی داعش سەراوگێر کراوە." دەیلی تەلەگراف ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤.

http://www.telegraph.co.uk/news/worldnews/middleeast/iraq/11142115/Ghost-villages-of-northern-Iraq-ripped-apart-by-Isil-jihadists.html (accessed July 11, 2016)

لەگەڵ دۆناتێلا ڕۆڤێرا، "کاتی تۆڵەسندنەوە لە بارزان،" ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤.

https://twitter.com/drovera/status/527589137596289026 (accessed July 11, 2016).

## Barzan







Satellite imagery © 2016 CNES - Airbus DS; DigitalGlobe - NextView

بەپێی ووتەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا بۆسەر مۆڵگەکانی داعش لە سەرەتای مانگی ئاب تا ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ "لەنزیك بەنداوی موسڵ" ١٠ پێگەی داعش و سێ پێگەی تۆپ و ٣ پێگەی تەقەمەنی ٣ بیناو ١٠ بۆمبی چێنراو لەگەڵ چەند ئۆتۆمبێلێك و خاڵێکی پشکنین. نزیکەی سي هێرشی ئاسمانی بەڵگەو بیانوو نین بۆ وێرانکردنی تەواوی چەند گوندێك و شایەتحاڵان ووتیان تەنها چەند هێرشێکی ئاسمانی کەم کراوەتە سەر بارزان.[125]

[125] وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، ئۆپراسیۆنی چارەسەری ڕیشەی. پێگە بە ئامانج کراوەکان لەدژی تیرۆرستانی داعش، http://www.defense.gov/News/Special-Reports/0814_Inherent-Resolve (accessed February 25, 2016).

# III. پێوەرە یاساییەکان

پێویستە هەڵسوکەوت لەکاتی جەنگ و دوژمنکاریدا بەپێی برگەو ماددەی یاسا مرۆییەکان و یاساکانی جەنگ و یاساکانی مافی مرۆڤ نێودەوڵەتی بێت و لەهەموو کاتێکدا جێبەجێ بکرێن.

ئەو یاسایانەی باس لەشێوازو ئامرازەکانی شەڕدەکەن لەپرۆتۆکۆڵی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ کەبۆ پەیمانامەی جنێڤ زیادکراوە(پرۆتۆکۆڵی I).[126] زۆرێك لە برگەکانی پرۆتۆکۆڵی یەکەم یاساو پێوەری نێودەوڵەتین و بۆ جەنگە ناوخۆییەکان جێبەجێ دەکردێن.[127]

ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی لە یاساکانی جەنگدا تیشکی خراوەتەسەر پرەنسیپی جیاوازي كردنە لەکاتی جەنگدا. ئەم پرەنسیپە لایەنەکانی شەڕ ناچار دەکات لەهەموو کاتێکدا جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیانی مەدەنی چەکداران بکەن. دەبێت لایەنەکانی جەنگ ئۆپراسیۆنەکانیان تەنها ئاراستەی چەکداران و ئامانجە سەربازیەکان بکەن: نابێت هاووڵاتیان و ماڵ و موڵکیان بکرێتە ئامانجی هێرشەکان و تۆڵەسەندنەوە.[128] موڵك و ماڵی هاووڵاتیان موڵکی سەربازی نین. ئامێرو کەلوپەلی سەربازی ئەو شتانەن کە بە سروشت و پێگەیان بۆ مەبەست و ئامانجی سەربازی بەکارهێنرێن وەك وێرانکردن و لەناوبردن و دەستگیرکردنی ئەو شتانەی بە ئامانجی سەربازی دادەنرێن لە کاتی جەنگدا. " پێویستە موڵك و ماڵی هاووڵاتیان پارێزگاریان لێبکرێت لە هێرشە سەربازیەکان تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە وەك ئامرازی سەربازی بەکاردەهێنرێن.[129]

پێویستە هەموو لایەنەکانی جەنگ هەوڵبدەن لە پارێزگاریکردنی هاوڵاتیان وموڵك و ماڵیان لە کاریگەری جەنگەکان.[130] دەبێت وووریابن و هەموو ڕێوشوێنێك بگرنەبەر بۆ خۆبەدوورگرتن و کەمکردنەوەی زیانی گیانی هاووڵاتیان و وێرانکردنی موڵك و ماڵیان.[131]

یاساکانی جەنگ وێرانکردن و دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی دوژمن قەدەغە دەکەن تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە زەروریەتی سەربازیان هەبێت.[132] کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی خاچی سوور (ICRC) لە کۆمێنتەکانی بۆ پرۆتۆکۆڵی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧، پێناسەی زەروریەتی سەربازی وەك "پێویستی ئەو پێوەرانە دەکات کە گرنگن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ کە دەبێت بەپێی یاساو نەریتەکانی جەنگ بن."[133]

یاساکانی جەنگ هێرشی کوێرانە قەدەغە دەکەن وەك ئەو هێرشانەی هەڕەمەکین و ئاراستەی ئامانجێکی سەربازی دیاریکراو ناکرێن. ماددەی ٥١ ی ژمارە (٥) (a) دەڵێ هێرشی کوێرانە بریتیە " لە بۆمبارانکردن بە هەر ئامرازو

---

[126] پرۆتۆکۆڵی زیادەی پەیمانامەی جنێفی ١٢ی ئابی ١٩٤٩، کە پەیوەندی بە پارێزگاریکردنی قوربانیانی جەنگە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە (پرۆتۆکۆڵی I) ی ٨ی ئابی ١٩٧٧. ١١٢٥ U.N.T.S.3. چووە بواری جێبەجێکردن لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٧. عێراق بووە ئەندام لە پەیمانامەی پرۆتۆکۆڵی I لە ساڵی ٢٠١٠. بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە ئامرزای سەربازی ئەو چەکانەیە کە بەکاردەهێنرێن هەروەها مەبەست "شێواز" چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو چەکانەیە.

[127] تەماشای یۆرام دینستەین بکە، "هەڵسوکەوت لەکاتی ململانێی سەربازی بەپێی یاسا نێو دەوڵەتیەکانی ململانێی چەکداری. لەلاپەڕەی ١١ دینستەین دەڵێ، زۆرێك لە پرۆتۆکۆڵە سەبارەت بەڕاگەیاندراوی تەقالیدی یاسای نێودەوڵەتیە یان لانی کەم جێی ناکۆکی و مشتومڕ نیە." تەماشای ICRC بکە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان.

[128] تەماشای ICRC بکە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان یاسای یەکەم برگەی ٤٨، "بەپێی ICRC کۆمێنتی زیادە لەسەر پرۆتۆکۆڵی یەکەم "یاسا سەرەتاییەکانی پارێزگاریکردن و جیاکاریکردن لەم برگەیەدا باسی لێوەکراوە. ئەمە بناغەی یاساکانە لەسەر چۆنیەتی هەڵسو کەوت لەکاتی جەنگدا.

int/nr/rdonlyres/ea9aeff7-5752-4f84-be94-0a655eb30e16/0/rome_statute_english.pdf (accessed October 6, 2016).

[129] بەپێی یاسای ڕۆم لە یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، تاوانی جەنگە ئەگەر بە ئەنقەست شتومەکی هاووڵاتیانی مەدەنی بکرێتە ئامانج تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە وەك کەلوپەلی سەربازی بەکاردەهێنرێن.
art. 8(2)(b)(ii).

[130] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥ پرۆتۆکۆڵی I برگەی ٥٧ (١).

[131] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، پرۆتۆکۆڵی I برگەی ٥٧ (٢).

[132] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ٥٠ لە برگەی ڕۆمی ICRC برگەی ٨ (٢) (e) (١٢).

[133] ICRC، تەفسیری زیادە بۆ پرۆتۆکۆڵە زیادەکان، لاپەڕە ٣٩٣. "چوار بنەماکە" لەسەر زەروریەتی سەربازی، بەپێی ICRC، "کوتوپڕی ئەو پێوەرەش دەبێت لەکاتێکدا بگیرێتەبەر کە ئامانجەکە کارلێنەکراو بێت، کۆنترۆڵی (کات وشوێنی )ئەو هێزەی بەکاردەهێنرێت، لەگەڵئەو ئامرازانەی کە نابێت پێشێلی یاسا قەدەغەکراوەکان بکات" پەرەگرافی 1396 .

شێوازێك كە ژمارییەك ئامانجی سەربازی جیاوازی ناو شارو شارۆچكەو گوندەكان كە هاووڵاتیان تێدایە وەك یەك ئامانجی سەربازی تەماشا دەكات."

هیومان ڕایتس ۆوچ بۆی دەركەوت كە لە كەیسە ئاماژە پێكراوەكانی ناو ئەم ڕاپۆرتەدا وێرانكردنی ماڵ و موڵكی هاوڵاتیان لەلایەن پێشمەرگەو لە هەندێك حاڵەتدا پێكەوە لەگەڵ ئاسایش و هاوڵاتیانی كورد قەبارەكەی زۆر بووەو پێشێلكاری ئاشكرای ئەو بڕگانەیە كە وێرانكردنی ماڵ و موڵكی هاوڵاتیان قەدەغە دەكات. بەڵگە نەبووە لەسەر ئەوەی كە ئەو وێرانكاریانە پێویستی و زەرورییەتی سەربازیان لەپشتەوە بووبێت یان ئەو خانووانە وەك ئامرازی سەربازی بەكارهێنرابن لەكاتی ئەنجامدانی وێرانكارییەكان.

هەر بۆمب و ماددەیەكی تەقەمەنی بە هەر بەركەوتنێك لەگەڵ مرۆڤ بتەقێتەوە بە مینی دژە مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێ. پەیماننامەی ساڵی ١٩٩٧ی قەدەغەكردنی مین كە عێراق ئەندامە تێیدی بەكارهێنانی مینی دژە مرۆڤ قەدەغە دەكات لە هەموو كاتێكدا. چەند هۆكارێك هەیە لەسەر ئەوەی كە بیانووەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەپاساو هێنانەوە بۆ ڕووخانی ئەو خانووبەرانە لەبەر بوونی بۆمبی چێنراو تێیاندا وێرانكارییەكان پاسایی ناكات. (یەكێك لەو هۆكارانە ئەوەیە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەم جۆرە پاساوە تەنها بۆ یەك شوێن دەهێنێتەوە بە ڕوونی ئەویش گوندی ئیدریس خە زعل ، كە هیچ ئاماژەیەك نیە لەسەر ئەوەی داعش ئەو گوندەی بۆمبڕێژ كردبێت. سەبارەت بە شوێنەكانی تر حكومەتی هەرێمی كوردستان تەنها ئاماژە بەوە دەكات كە بۆمبی چێنراو هۆكاری وێرانكارییەكان بووە بەبێ هیچ ڕوونكردنەوەیەك لەسەر ئەوەی چۆن و بۆچی)یەكەم ، حكومەتی هەرێم باس لەوە ناكات كە لە چەند شوێنێك تەنها ماڵ و موڵكی عەرەبەكان وێرانكراوەو دراوسێ و گوندە نزیكە كوردەكان وەك خۆیان ماونەتەوە، یان لە ناوچەكانی تر خانووبەرە ڕوخێنراوون بەبێ بوونی بۆمبی چێنراو تێیاندا. لە پارێزگای نەوینەوا، گەڕەگە عەرەبیەكانی بە ردیە وێرانكراون، بەڵام گەڕەكە كوردیەكان وەك خۆیان ماونەتەوە، لە كوندي حەمەد ئاغا (عویس) بەشە كوردیەكەی وەك خۆی ماوەتەوە لەكاتێكدا بەشە عەرەبیەكەی وێرانكراوە. بەهەمان شێوە، لە شێخان بەشە عەرەبیەكەی وێرانكراوە. لە پارێزگای كەركوك ، هێزەكانی ئاسایش چەندین بیناو خانووبەرەیان لە قوشقایاو قەرەتەپەو ئیدریس هندیە قە دیمە وێرانكردووە ئەمە لەكاتێكدایە ئەم شوێنانە هەرگیز لەلایەن داعشەوە كۆنترۆڵنەكراوەو شەڕو پێكدادانی تێدا نەبووە تا زیان بە خانوو بیناكانی بگات یان داعش بۆمبڕێژیان بكات. (دەردەكەوێ لە قوشقایا و قەرەتەپە ئەو ێرانكاریانە وەك تۆڵەسەندنەوە بوون لە خاوەنەكانیان كە پەیوەندیان بە داعشەوە كردووە: هێرشكردنە سەر موڵك و ماڵی هاوڵاتیان وەك تۆڵەسەندنەوەو نەبوونی هیچ زەرورەتێكی سەربازی قەدەغەكراوە). لە گوندەكانی ئیدریس خە زعل و ئیدریس خوباز، هێزەكانی ئاسایش بە بلدۆزەر خانووەكانیان وێرانكردووە كەئەوەش ڕێگەیەكی سەلامەت نیە بۆ پاكردنەوەی مین ئەگەر هیچ مینێكیان تێدا بووبێت. وێنەی مانگە دەستكردەكان ئاسەواری وێرانكاری و سووتاوی لە چەندین گوندی پارێزگای نەینەوا نیشان دەدەن كە ئەوەش شێوازێكی سەلامەت نیە بۆ پاكردنەوەی بۆمب و مین چێنراو. دەردەكەوێ لەهەندێك شوێنە وێرانكراوەكان شتومەكی ماڵەكان بەتاڵان برابێت ئەوەش نیشانەی پرسیار لەسەر ئەو پاساوانە دروست دەكات كە وێرانكردن تەنها ڕێگە بووە بۆ پاكردنەوەی مینەكان.

دووەم، بۆ ئەوەی پاككردنەوەی مین و بۆمبی چێنراو لەڕێگەی تەقاندنەوەی لە دوورەوە پاسایی بێت، دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان زەرورییەت و پێویستی سەربازی نیشان بدات، بەپێچەوانەوە، حكومەتی هەرێمي كوردستان هیچ بەڵگەو بیانوویەكی لەوبارەیەوە نەهێناوەتەوە. هێزەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ماوەی چەند هەفتەو مانگ مینەكانیان لەناو ئەو خانووانە نەتەقاندۆتەوە، ئەگەر مینیشیان تێدا بووبێت، چونكە زۆرێك لە وێرانكردنی بیناو خانووبەرەكان چەند هەفتەو مانگێك لەدوای دەركردنی داعش لەناوچەكان ڕوویانداوە. ئەمەش ئەو پرسیارە بە وەڵامنەدراوی دەهێڵێتەوە بۆچی هێزەكانی پێشمەرگە نەیانتوانی بۆ ماوەیەكی زیاتر ئەو مینانە لەجێی خۆیان بهێڵنەوە تا تیمەكانی مین پاككردنەوە دەگەیشتنە ناوچەكە. هەروەها فەرماندەكانی پێشمەرگە ئاماژەیان بەوەكرد بەهۆی نەوبوونی تیمی پسپۆڕی مین پاكردنەوە هێزەكانیان چەند قوربانیەكیان داوە. دووبارە، گەمارۆدانی گوندەكان و قەدەغەكردنی هاتووچۆ بۆ ناویان شێوازێكی زۆر سەلامەتتر دەبوو وەك لە تەقاندنەوەیان لە دوورەوە كە دەبێتە هۆی پەرژوبڵاوبنەوەی پارچەو مەترسی زیاتر بۆ ناوچەكە دروست دەكاو هەوڵەكانی داهاتوو بۆ پاكردنەوەی پاشماوەكانی جەنگ لە ناوچەكە كە حكومەتی هەرێمي كوردستان ڕایگەیاندووە هەڵدەسێت بەوكارەو زیاتر ئاڵۆز دەكات.

پێشلکاری جدی یاساکانی جەنگ بە ئەنقەست بە تاوانی جەنگ لەقەڵەم دەدرێت. تاوانی جەنگ "بریتیە لە وێرانکردن یان دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی دوژمن تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە وێرانکاری و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکی دوژمن زەروریەتی سەربازی و جەنگ بێت،"[134] هەروەها سزادانی بە کۆمەڵ کە پێك دێت لە سەپاندنی سزاو گەمارۆ هەراسانکردنی خەڵك بە کۆمەڵ نەك تەنها خەڵکانی بەرپرسیار بەتاوانی جەنگ لەقەڵەم دەدرێ.[135]

یاساکانی جەنگ دەوڵەت ناچار دەکات هەستێ بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی جەنگ کە ڕەنگە لەلایەن ئەندامانی هێزەکانیان و خەڵکانی ژێر دەسەڵاتیان ئەنجام درابێت. هەر کەسێك هەوڵی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ یان هاوکاری و کارئاسانی بۆ تاوانی جەنگ کردبێت ڕوبەڕوی لێپرسینەوە دەبێت. هەروەها ئەو کەسانەی پلان یان هانی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ دەدەن بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەر شانیان.[136] ئەو فەرماندە سەربازی و سەرکردە مەدەنیانەی کە ئاگاداربوون یان دەبوو ئاگاداربوونایە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ بەڵام هەنگای پێویستیان نەناوە لەوبارەیەوە بۆ ڕێگریکردن لەو تاوانانە ڕوبەڕوی لێپرسینەوە دەبن بە تۆمەتی تاوانی جەنگ و  تاوان لەدژی مرۆڤایەتی.[137]

بەرپرسیارانی ئەم تاوانانە دەبێت لەبەردەم دادگایەکی بێلایەن کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بگونجێ دادگای بکرێن.[138] هەروەها یاساکانی جەنگ  دەوڵەت ناچاردەکەن لە قەرەبووکردنەوەی تەواوی قوربانیانی پێشێلکاریەکانی یاسای جەنگ.[139]

پرەنسیپی پنهیرۆ (Pinheiro) ئەو ئاوارانەی یان ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی نایاسایی وهەڕەمەکی لە موڵك و ماڵیان بێبەشکراوون دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە (پرەنسیپی ١ لە ماددەی ٢١) بەبێ ڕەچاوکردنی باکگراووندی ئاینی و نەتەوەیی و زمان (پرەنسیپی ٣)، هەروەها مافی هەموو کەسێکە بە ئاشتیانە چێژن لە ماڵ و موڵکی وەرگرێ (پرەنسیپی ٧)، مافی جموجوڵ و هاتوچۆکردن (پرەنسیپی ٩)، مافی پارێزگاریکردنیان لە دژی دەرکردنی زۆرەملێ (پرەنسیپی ٥).[140]

---

[134] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥٦ ، یاسای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بڕگەی ٨ (٢) (xii) (e). ئەم هێرشکردنە لەکاتی جەنگە نێودەوڵەتیەکان ناسراوە بە (وێرانکاری واندن)، لە بەشی چوارەمی پەیمانامەی جنێف بڕگەی ١٤٧ ئاماژەی پێکراوە وەك "وێرانکاری بەرفراوانی موڵك و ماڵی هاووڵاتیان و گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەگەر بە نایاسایی ئەنجامداربێت و زەروریەتی سەربازی لە پشتەوە نەبێت."

[135] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥٦ ، پرۆتۆکۆڵی II. بڕگەی ٤.

[136] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥١ و ١٥٢ بکە.

[137] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥٣ بکە،  یاسای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بڕگەی بڕگەی ٢٨.

[138] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥٨ بکە، پەیماننامەی جنێف و یاسای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی.

[139] تەماشای یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ICRC بکە، یاسای ١٥٠.

[140] تەماشای: گەڕاندنەوەو قەرەبووکردنەوەی مافی ئاوارەکان بکە. جێبەجێکردنی پرەنسیپی پنهیرۆ.
FAO, IDMC, OCHA, OHCHR, UN-Habitat, and UNHCR, March 2007, http://www.ohchr.org/Documents/Publications/pinheiro_principles.pdf (accessed May 8, 2016).

# پێزانین

بۆ هەموو توێژەرەکانی هیومان ڕایتس ۆوچ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا کە کاریان لە نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا کردووە. هەروەها بۆ لێتا تایلەر تۆێژەری تێرۆریزم و دژە تیرۆر لە هیومان ڕایتس ۆوچ کە توێژینەوەکانی لەم ڕاپۆرتەدا ڕەنگدانەوەیان هەیە.

جۆش لیۆن، توێژەری وێنەی مانگەدەستکردەکان لەهیومان ڕایتس ۆوچ، شرۆڤەی بۆ وێنەی مانگەدەستکردەکانی ئەم ڕاپۆرتەکردووە. سارا لی ویتسن و جۆو ستۆرک بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبری هیومان ڕایتس ۆوچ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، هەروەها تۆم پۆرتیەس جێگری بەڕێوەبەری بەرنامەکەپیاچونەوەیان بۆ ئەم ڕاپۆرتەکردووە. کلایڤ باڵدوین، توێژەری یاسایی پێداچوونەوەی یاسایی بۆ ئەم ڕاپۆرتەکردووە. هەروەها، سارکیس باڵخیان توێژەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لەهیومان ڕایتس ۆوچ  پێداچوونەوەی بۆ ئەم ڕاپۆرتەکردووە.

ئۆلیڤیا هەنتەر، یاریدەدەري بە لاوکر وینە کر , و فیتزۆری هێپکنس بەڕێوەبەری ئیداری و خوزي مارتینز مونە سقي شارەزا ئە م ڕاپۆرتە بۆ بڵاوکردنەوەئامادەکردووە.

هیومان ڕایتس ۆوچ سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانەدەردەبڕێ کەبەزانیاری و ئەزموونیان ئەم ڕاپۆرتەیان دەوڵەمەند کردووەو بەبێ ئەوان نووسینی ئەم ڕاپۆرتە مەحاڵ بوو. لەزۆر حاڵەتدا، هەندێک لەم کەسانەژیانیان خستۆتەمەترسی لەپێناو دابینکردنی زانیاری بۆمان.

# پاشکۆ I:  نووسراوی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی بە گرنگیەکی زۆرەوە تەماشای بابەتەکانی مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتیەکان دەکەن، بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستای شەڕدا. بۆیە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست گیراوەتەبەر لەپێناو دڵنیابوون لەڕێگریکردن لە پێشێلکردنی ئەم پرەنسیپانە. بەم بۆنەیەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لە مانگی مارسی ٢٠١٦ فەرمانێکی بڵاوکردەوەو لە قەدەغەکردنی هەر جۆرە حاڵەتێك کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتیەکان ڕێزیان لێناگیرێت.

دەرکردنی ئەم فەرمانە شاهێدی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بە جدیەوە دەڕوانێتە بابەتەکانی حکومڕانیەکی باش و چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ تەنانەت لەکاتی شەڕیشدا. ژمارەیەك لەو بابەتانەی لەم نووسراوەدا  تیشکیان خراوەتەسەر پەیوەندی گرنگیان هەیە بە هەندێك لەو بابەتانەی لەم ڕاپۆرتەدا باسیان لێوەکراوە بۆیە گرنگە بخرێنە پێش چاوی هیومان ڕایتس ۆوچ. ئەمەی خوارەوە دەقی وەرگێرانی فەرمانەکەی سەرۆکایەتی هەرێمە:

فەرمانی ژمارە (٣)  مانگی ئازاری ٢٠١٦.

لەسەر بنەمانی بڕگەی "ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٦ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان" و لەژێر ڕۆشنایی ئەو واقیعەی ئێستای هەرێمی کوردستان بە شەڕی دژبە ڕێکخراوی تێرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی و لەپێناو بەرزڕاگرتنی ناوی پێشمەرگەو پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەبێت هەموو فەرماندەو ئەفسەرەکانی پێشمەرگە پابەندبن بەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە.

١. دووبارە پابەندبوونی خۆمان ڕادەگەیەنین بە فەرمانی ژمارە ١٢٠ی بەرواری ٢١ ئابی ٢٠١٤ کە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی و پێشمەرگەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە لەپێناو پارێزگاریکردن لە ناو بانگی هێزەکانی پێشمەرگە و لەکاتی شەڕی دژبە دە ولە تي ئیسلامي  دەبێت پارێزگاری لە ژیانی هاووڵاتیان بکرێت و مامەڵەی باشیان لەگەڵ بکرێت.

٢. دەبێت هاوڵاتیانی مەدەنی لە هەموو حاڵەتێکدا پارێزگاریان لێبکرێت لە دژی هەرهەشەیەك لەسەر ژیان و ماڵ و موڵکیان، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە شارۆچکەو گوندەکەکانیان کەلەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئازاد کراوون.

٣. نابێت هیچ هاوڵاتیەکی مەدەنی بەبێ بەڵگەی یاسایی دروست دەستگیر بکرێت. دەبێت هەموو کەیسەکان بنێردرێن بۆ دادگایەکی تایبەتی پەیوەست بە تاوانەکانیان و دەبێت پرۆسەکە بەپێی یاساو ڕێنماییە دادوەریەکان بێت.

٤. نابێت هیچ هاوڵاتیەك لەشوێنی نیشتەجێ بوونی بگوێزرێتەوە لەو ناوچانەی لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کراوون بەبێ بەڵگەی یاسای دروست یان بیانووی سەربازی.

٥. نابێت هاتوچۆی هاووڵاتیان لە ناوچە ئازادکراوەکان سنووردار بکرێت لە چوارچێوەی ڕێنماییە ئەمنی و سەربازیەکانی حکومەتی هەرێمی کرودستان. جگەلەو ناوچانەی دەکەونە هێڵی پێشەوەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی دە ولە تي ئیسلامي .

٦. دەبێت پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتیەکان ڕەچاوبکرێن سەبارەت بە هاوڵاتیان لەو ناوچانەی دەکەونە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ.

٧. هەر کەس و لایەنێك لەدژی ئەو ڕێنماییانەی سەرەو هەڵس و کەوت بکات ڕووبەڕوی لێکۆڵینەوەی یاسای دەبێت.

*******ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت*******

مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە